# ڕۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.553 Tue 27/ 10/ 2009 — نرخ 750 دینار — ژمارە 553 سێشەممە 27/ 10/ 2009








٦

## قەرەیلان: ناردنەوەی گروپی ئاشتی دەرگای دیالۆگ دەکاتەوە

# •فراکسیۆنی گۆڕان دەنگ بە کابینەی نوێ نادات
# •فازڵ میرانی دەچێتە جێگای د.بەرهەم




**ڕۆژنامە**

لە کاتی پێکهێنانی حکومەتی نوێدا فراکسیۆنی گۆڕان دەنگ بە کابینەی نوێ نادات سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتیش دەچێتە جێگەکەی د.بەرهەم سالح لە حکومەتەکەی مالیکیدا.

ئازاد بەرواری جێگری سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: سبەینێ کابینەی نوێ دەخرێتە بەردەمی پەرلەمان بە مەبەستی متمانە پێدانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

کوێستان محەمەد سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: فراکسیۆنەکەی لەبەر چەند هۆکارێک دەنگ بە حکومەتی نوێ نادات.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی ڕێکەوتنی یەکێتیو پارتی، پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق دەدرێت بە پارتی دیموکراتی کوردستانو فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی ئەو پۆستە وەردەگرێت.

د.سەعدی بەرزنجی، جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پارتیویەکێتی ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، کە پێشتر د.بەرهەم ئەو پۆستەی هەبوو، بدرێتە کاندیدێکی پارتیو سەرچاوەیەکی ئاگاداریش لە مەکتەبی سیاسیی پارتی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: فازڵ میرانی ئەو پۆستە وەردەگرێت.

لە ل (٢) دا زانیاری زیاتر بڵاوکراوەتەوە

## «دوو مانگە ڕاوێژکارانی بارزانیو مالیکی بە نهێنی کۆدەبنەوە» بۆل٢

## لیستی کراوە، یەکێتیو پارتی ناچار دەکات بە لیستی جیا دابەزن بۆل٥

## عیماد ئەحمەد:
# پارێزگاری سلێمانی بێتاوان دەرچوو

**ڕۆژنامە**

عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە تەئکیدی کردەوە، کە پارێزگاری سلێمانی بێتاوانە لەو تۆمەتانەی دراونەتە پالی.

ئەوەش دوای ئەوەی، کە لە کەناڵەکانی حیزبی دەسەڵاتەوە باس لەوە کرا، کە دانا ئەحمەد مەجید پارێزگاری سلێمانی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، بە هۆی دیارنەمانی بڕێک پارە لەو بودجەیەی بۆ وشکەسالیی تەرخانکرابوو.

بە وتەی عیماد ئەحمەد دوای پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لە ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی دارایی بۆ لێکۆڵینەوە لە دیارنەمانی بەشێک لەو پارەیەی بۆ وشکەسالیی تەرخانکرابوو، لە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوبراودا هاتووە: «کە کەموکوریی لە کاروباری ئیداریو توانای ئیداریی پارێزگا هەیە، بەڵام هیچ مەسەلەیەکی پارە دزین لەسەر پارێزگار نییە».

سەبارەت بە دیارنەمانی ئەو بڕە پارەیەی کە لە بودجەی وشکەسالیی دیارنەمابوو، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە لێدوانەکەیدا وتی: چەند فەرمانبەرێک لە ئێستادا لە پارێزگا لەسەر ئەو مەسەلەیە دەستگیرکراونو لە زینداندانو پەیوەندی بە خودی پارێزگارەوە نییە.




# دیلان سیتی

ده‌توانیت به ئاسانترین شێوه له شاری دیلانی نیشته‌جێیی ببیت به خاوه‌نی شوقه‌یه‌ک له‌بناری شاخی گۆیژه، له‌به‌رئه‌وه‌ی:

- نرخی شوقه‌یه‌کی (١٠٠م٢) ته‌نها (٤٢) هه‌زارو (٤٤٥) دۆلاره.
- نرخی شوقه‌یه‌کی (١٢٠م٢) ته‌نها (٤٩) هه‌زارو (٩٣٨) دۆلاره.
- سندوقی نیشته‌جێبوون له (٥٠٪)ی ئه‌م پاره‌یه‌تان به قه‌رزی (١٠) ساڵ پێده‌دات.
- شێوازی پێدانی قیسته‌کانی ئاسانترو کۆمپانیا بڕی (٢) هه‌زار دۆلار داده‌شکێنێت بۆ ئه‌و کڕیارانه‌ی به نه‌قدی شوقه‌کان ده‌کڕن.



١٠٠م٢



١٢٠م٢

شوقه‌ی (١٠٠م٢) پێکهاتووه له: دوو ژووری نووستن، هۆڵ، مه‌تبه‌خ، ته‌والێت‌و حه‌مام‌و باڵکۆنێک

شوقه‌ی (١٢٠م٢) پێکهاتووه له: سێ ژووری نووستن، هۆڵ، مه‌تبه‌خ، دوو ته‌والێت‌و دوو حه‌مام‌و باڵکۆنێک



# سبەینێ کابینەی نوێ دەخرێتە بەردەم پەرلەمان

## پێناچێت کابینەکە بەتەواوەتی رابگەیەنرێت
## فراکسیۆنی گۆڕان دەنگی پێ نادات

**بەرهەم خالید**

پەرلەمانی کوردستان ژمارەی وەزارەتەکانی کابینەی نوێی بۆ ١٩ وەزارەت کەمکردەوەو چاوەڕواندەکرێت سبەی چوارشەممە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم رابگەیەنرێت، بۆ ئەو مەبەستەش هەریەکە لە یەکێتیو پارتیو لایەنە بەشداربووەکانی دیکەی حکومەت کاندیکی خۆیان بۆ وەرگرتنی وەزارەتەکان دیاریکردووەو سەرەڕای یەکلاییەبوونەوەی مەسەلەی بەشداریکردنی کۆمەڵ، چەند وەزارەتێک یەکلایینەبووەتەوە کە بەکێ دەدرێن، بۆیە پێناچێت کابینەکە بە تەواویی رابگەیەنرێت، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕانیش دەڵێت دەنگ بە کابینەکە نادەن.

لە دانیشتنی دوێنێدا پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژەیاسای هەڵوەشاندنەوەو لکاندنی هەندێک وەزارەتی حکومەتی هەرێم کراو ژمارەی وەزارەتەکان کرایە ١٩ وەزارەت.

ئازاد بەرواری جێگری سەرۆک وەزیرانی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم بە رۆژنامەی راگەیاند: سبەینێ کابینەی نوێ دەخرێتە بەردەمی پەرلەمان بە مەبەستی متمانە پێدانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

بەڵام کوێستان محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند: فراکسیۆنی گۆڕان (خاوەنی ٢٥ کورسی) دەنگ بە کابینەکە نادات «لەبەرئەوەی تێبینیو پرسیاری زۆرمان لەسەری هەیەو لە دانیشتنەکەی سبەینێی پەرلەماندا ئاشکرای دەکەین».

پەرلەمانی کوردستان دوێنێ بڕیاریدا هەریەکە لە وەزارەتەکانی مافی مرۆڤو کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمو ژینگە هەڵبووەشێنرێنەوەو هەروەها چەند وەزارەتێکیش تێکەڵ دەکرێنو کۆی وەزارەتەکانیش ١٩ وەزارەت دەبێتو هەریەکە لە یەکێتیو پارتی شەش وەزارەتیان لەو کابینەیەدا دەبێت، دابەشکردنی وەزارەتە سیادییەکانیش لە نێوانیاندا وەک خۆی دەمێنێتەوەو بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە پارتی دیموکراتی کوردستان هەریەکە لە سەفین دزەیی بۆ وەزیری پەروەردە، کەریم شنگاری بۆ وەزیری ناوخۆ، د.عەلی سندی بۆ وەزیری پلاندانان، د. ئاشتی هەورامی بۆ وەزیری سامانە سروشتییەکان، رەئوف رەشید بۆ وەزیری دادو داواکاری گشتییو سەمیر ئاکرەیی بۆ وەزارەتی شارەوانی. هەروەها کاندیدەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بریتین لە بایز تاڵەبانی بۆ وەزیری داراییو ئابووریی، شێخ جەعفەر مستەفا بۆ وەزیری پێشمەرگە، د.دلاوەر عەلادین بۆ وەزیری خوێندنی باڵا، د. تاهیر هەورامی بۆ وەزیری تەندروستیو ئاسۆس نەجیب بۆ وەزیری شەهیدان.

هەروەها بزووتنەوەی ئیسلامیی، وەزارەتی ئەوقافو شیوعی رۆشنبیرییو سۆسیالیستیش وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیان پێدەدرێتو تورکمانەکانیش وەزارەتی بازرگانیو پیشەسازیان دەدرێتێ، بەڵام تا ئێستا هەریەک لە وەزارەتەکانی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو، گواستنەوەو گەیاندنو وەزارەتی کارەبا رووننەبووەتەوە کە بە کێ دەدرێن.

## کۆمەڵ لە بەشداریکردن ساردبووەتەوەو بزووتنەوە چاوەڕوانەو
## قادر عەزیز وەزارەتی پێنادرێت

**دلێر عەبدولخالق**

بۆ بەشداریکردن لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم، کە بڕیارە رۆژی چوارشەممە لە پەرلەمانی کوردستان رابگەیەنرێت، تائێستا وەڵامی مەرجەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی نەدراوەتەوە، هاوکاتیش وەزارەتی ئەوقاف دەدرێت بە بزووتنەوەی ئیسلامیی، بەڵام لە نێوان سێ کاندیدی جیاوازی ئەو حیزبەدا کەسیان یەکلاییی نەکراونەتەوە، هەرچی حیزبی زەحمەتکێشان (ئایندە) بەڵێنی وەزارەتیان پێنەدراوە.

عەبدولستار مەجید، ئەندامی مەکتەبی سیاسییو وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامیی بە رۆژنامەی راگەیاند: «تائێستا وەڵامی مەرجەکانمان نەدراوەتەوە، کە پێشکەشی سەرۆکو جێگری کابینەی شەشەمی حکومەتمان کردبوو بۆ بەشداریکردن لە حکومەتدا، ئەگەریش لە (٢٤) کاتژمێری ئایندەدا، هەر بێ وەڵام بن، ئەوا بڕیاری خۆمان دەبێت».

سەبارەت بە لێدوانەکەی ئازاد بەرواری جێگری سەرۆکی حکومەت، کە وتوویەتی: «ئەوەی دێت بەخێربێت، ئەوەشی نایەت بەخێرنەیەت»، عەبدولستار مەجید رایگەیاند: ئەو لێدوانەی بە «پێچەوانەی عورفی سیاسییە»، وتی: «نەدەبوو ئەو بەڕێزە ئەو قسەیە بکات».

ئەحمەد وەرتی ئەندامی مەکتەبی سیاسییو سەرۆکی لیستی بزووتنەوە لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەی پشتڕاستکردەوە، کە وەزارەتی ئەوقاف بە حیزبەکەیان دەدرێتو راگەیاند: «ئەنجومەنی شورای بزووتنەوە، سێ کاندیدیان بۆ ئەو پۆستە پێشکەشی حکومەت کردووە، بەڵام تائێستا یەکلایی نەبووەتەوە کێ ئەو پۆستەی پێدەدرێت».

وەرتی وتیشی: پێشتر نەماندەزانی کام وەزارەت دەدرێت بە ئێمە، بۆ ئەوەی بەپێی جۆری وەزارەتەکە خەڵکی پسپۆڕی بۆ دابنرێت، «ئێستاش ئەو سێ کەسەی کاندیدمان کردووە، پسپۆڕییەتییەکەیان بۆ ئەو وەزارەتە زۆر گونجاو نییە»، بۆیە ئەگەر لەو وەزارەتە دڵنیابووینایە دەکرا کەسی پسپۆڕتر دیاری بکرێت.

حیزبی زەحمەتکێشانی (ئایندە)، کە قادر عەزیز سەرۆکایەتی دەکاتو خاوەنی یەک کورسی پەرلەمانن، بەڵێنی وەرگرتنی وەزارەتیان پێنەدراوە، لەو بارەیەوە نەسروڵڵا نەجمەدین سورچی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی زەحمەتکێشان (ئایندە) وتی: سەرۆکو جێگری راسپێردراوی حکومەت داوایان لێکردووین بەشداریی لە حکومەتدا بکەینو پێیانڕاگەیاندووین؛ ئەگەر وەزارەتیشمان پێنەدرێت لە دوو دەزگای مافی مرۆڤو ژینگە، کە سەرۆکەکەیان بە پلەی وەزیرە، یەکێکمان پێدەدرێت، بەڵام ئێمە پێداگیرمان لەسەر پێدانی وەزارەتێک کردووە.

نەسروڵڵا نەجمەدین ئەوەی نەشاردەوە بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی حیزبەکەیان پارتیو یەکێتی کۆک نین لەسەر پێدانی وەزارەت بە زەحمەتکێشان، کە بە بڕوای ئەو «ئەگەر لە کابینەی نوێدا وەزارەتێکیان پێنەدرێت، واتە ئەوان بەشداری ئیدارییین لە هەرێم، نەک بەشداری سیاسیی».

## «دوو مانگە راوێژکارانی بارزانیو مالیکی بە نهێنی کۆدەبنەوە»

**هەستیار قادر**

ماوەی دوومانگە راوێژکارانی مالیکیو بارزانی بە نهێنیو بە سەرپەرشتی یۆنامی کۆبوونەوە دەکەنو سەرچاوەیەکی نزیک لە مالیکیش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە رێنادرێت ناوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوانە بڵاوبکرێنەوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: ماوەی دوومانگە راوێژکارانی سەرۆک وەزیرانی عێراقو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بەشێوەی نهێنیو رانەگەیەنراو کۆبوونەوە ئەنجامدەدەن بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان.

ئەو سەرچاوەیە، کە ئامادە نەبوو ناوی ئاشکرابکرێت، ئاماژەی بەوەدا؛ کە ئەو کۆبوونەوانەی نێوان راوێژکارانی مالیکیو بارزانی بە سەرپەرشتی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق (یۆنامی)یەو هەردوولاش رێکەوتوون لەسەر ئەوەی نابێت هیچ لایەک ناوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوانە بۆ راگەیاندنەکان ئاشکرا بکات.

هەفتەی رابردووش لە بەیاننامەیەکدا (ئاد میلکیرت) سەرۆکی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق (یۆنامی) ئاشکرایکرد، کە لە ژێر سەرپەرشتی یۆنامیدا گەورە راوێژکارانی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم کۆبوونەوەی دەوری ئەنجامدەدەن، بە مەبەستی چارەسەرکردنی پێداویستی دانیشتووانی ناوچەجێناکۆکەکانو گروپێکی کاری ئاست باڵاش پێکهێنراوە بۆ تاووتوێکردنی راپۆرتەکانی یۆنامی بۆ روونکردنەوەی سنووری ئیداری ناوخۆیی عێراقو لەوبارەیەشەوە کۆبوونەوەی نێوان بەرپرسانی ناوەندو هەرێم بەردەوامە.

لەوبارەیەشەوە د.فوئاد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا؛ کە ئەو کۆبوونەوانە بە سەرپەرشتی یۆنامی دەمێکە هەنو وتیشی: «بە تێڕوانینی من کۆبوونەوەکان پەیوەست بوون بەو راپۆرتانەی، کە یۆنامی سەبارەت بە ناوچەکانی مادەی (١٤٠) ئامادەی کردبوون».

## فازڵ میرانی
## دەچێتە جێگای د.بەرهەم

**بەهادین یوسف**

بەپێی رێکەوتنی یەکێتیو پارتی، پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق دەدرێت بە پارتی دیموکراتی کوردستانو فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی ئەو پۆستە وەردەگرێت.

د.سەعدی بەرزنجی، جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: هەردوولا رێکەوتوون لەسەرئەوەی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، کە پێشتر د.بەرهەم ئەو پۆستەی هەبوو، بدرێتە کاندیدێکی پارتیو مەسەلەکەش لەنێوان هەردولادا براوەتەوە.

بۆ هەمان مەبەست سەرچاوەیەکی ئاگادار لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: هەریەکە لە د.رۆژ نوری شاوەیسو فازڵ میرانی کاندیدکراون بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، بەڵام لەبەرئەوەی لە کابینەکانی پێشتری حکومەتی عێراقدا د.رۆژ ئەو پۆستەی وەرگرتووە، ئامادەنییە جارێکی دیکە ئەو وەریبگرێتەوەو فازڵ میرانی ئەو پۆستە وەردەگرێت.



## لە ئەوروپا کەمپەینی پشتیوانی لە نانبڕاوانی هەرێم بەردەوامە لە ئیمزا کۆکردنەوە

**بەرهەم خالید**

کەمپەینی ئیمزاکۆکردنەوە بۆ پشتیوانیکردن لە نانبڕاوانی هەرێم لە ژمارەیەک وڵاتی ئەوروپا بەڕێوەدەچێتو دواتر لە رێکخراوو دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان وەک لۆبییەک بۆ فشارخستە سەر هەرێم بەکاردەهێنرێت، هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕانیش دەڵێت، لە هەوڵەکانی لیژنەکەی سەرۆکایەتی هەرێم بێئومێدبوون لەوەی کار بۆ نانبڕاوان بکرێت.

بڕیارە لەماوەی نێوان (١٠/٢٤ تا ١١/٧)، لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان لە وڵاتانی ئەوروپا کەمپەینێکی ئیمزاکۆکردنەوە بۆ ئەو مەبەستە بەڕێوەبەرنو دواتر ئاراستەی وڵاتانی جیهانو پەرلەمانی ئەوروپای بکەن.

هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان لە وڵاتی سوید لە راگەیەندراوێکدا باس لەوە دەکەن: «ئێمە وەک کوردانی دەرەوەی وڵات زۆر بەتوندی بەرهەڵستی لەم کارە دوور لە مرۆڤایەتیو دوور لە سیستمی دیموکراتییە دەکەینو هەڵدەستین بە ئاگاردارکردنەوەی پەرلەمانەکانی ئەورووپاو گشت رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ».

شۆڕش حاجی، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو ئیمزایانەی کۆدەکرێنەوە رەوانەی زۆربەی وڵاتانی جیهانو پەرلەمانی ئەورووپاو نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت، بۆ ئەوەی وەک فشارێک بۆ سەر حکومەتی هەرێم بەکاربهێنرێت، بەمەبەستی گەڕاندنەوەی ئەو کەسانەی بەهۆی بیروڕای جیاوازەوە سزای ئیدارییی دراونو نانبڕاوکراون، وتیشی: «لەهەوڵەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بێئومێدبووین، چونکە ماوەیەکی زۆرە هیچ ئەنجامێکی نەبووە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو کەسانە بۆ پۆستو شوێنی پێشوویان».

لەلایەکی دیکەوە، گۆڕانخوازانی کورد لە ئەڵمانیا، سەکۆی زانیارییو ئیمزاکۆکردنەوەیان لە نێوەندی شاری کۆڵن دانا، سەرەڕای نیازی ئاشناکردنو ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگەی ئەڵمانی لە هەڵوێستە ناشارستانیو نا دیموکراسییەکانی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان.

ئیمزاکانی ئەم کەمپەینە دوای تەواوبوونی، جگە لە باڵیۆزی وڵاتانو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤو دامەزراوە جیهانییەکانو کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکان، بە رەسمیی پێشکەشی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

## بەهۆی پەیڕەوکردنی لیستی کراوەوە

# یەکێتیو پارتی ناچاردەبن بە لیستی جیاواز بەشداریی هەڵبژاردنەکانی عێراق بکەن



تاڵەبانی و بارزانی

**فرمان عەبدولڕەحمان**

*پەیڕەوکردنی لیستی کراوە واتە گەڕاندنەوەی ڕێز بۆ دەنگدەر، چونکە ئەو کات دەنگدەر ناچارنابێت دەنگ بە قەوارەیەکی سیاسی بدات کە بە ویستی خۆی کاندیدەکانی دیاریکردبێت، بەڵکو دەتوانێت کاندیدێک هەڵبژێرێت کە متمانەی تەواوی پێیەتی*

پەیڕەوکردنی لیستی کراوە لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا گرفت دەخاتە بەردەم ڕێکەوتنی ستراتیژیی نێوان یەکێتیو پارتییەوە، بەوپێیەی سیستمی لیستی کراوە هاوکێشەکان دەگۆڕێتو دابەزینی ئەو دوو پارتەش بە یەک لیستو بە هەمان هاوپەیمانێتی جارانیان کاردانەوەیەکی دیکەی دەبێت، چونکە لە لیستی کراوەدا دەنگدەر کاندیدەکان هەڵدەبژێرێت نەوەک قەوارەی سیاسیی، هەربۆیە پێشبینی دەکرێت پەسەندکردنی شێوازی لیستی کراوە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقدا درز بخاتە نێو هاوپەیمانێتی نێوان ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارەوە.

فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پرۆگرامێکی کەناڵی ئاسمانی کوردستان تی ڤیدا ئاماژەی بەوە کرد؛ پەیڕەوکردنی لیستی کراوە گرفت بۆ هاوپەیمانیی دروستدەکاتو لە هەمانکاتیشدا دەبێتەهۆی بێمتمانەیی لەنێوان لایەنە هاوپەیمانەکاندا، فازڵ میرانی وتی: «ئەو بێ بڕواییە پەیوەندیی بە زاڵبوونی گیانی حیزبایەتی یان ئینتیمای قەوارە سیاسییەکانەوە هەیە، بۆ نموونە برایانی پارتی دەنگ بە نوێنەری خۆیان دەدەنو برایانی یەکێتیش دەنگ بە نوێنەری خۆیان دەدەن، لەمکاتەدا دەرئەنجامەکان بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ روحیەتی هاوپەیمانییەتەکەدا ناگونجێت». هەربۆیە بە بڕوای سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی لە ئایندەدا جۆرە بێ بڕواییەک لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا پەیدا دەبێت.

لە ئێستادا زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆکن لەسەر ئەوەی کە سیستمی لیستی کراوە لە هەڵبژاردنەکانی کانونی دووەمی داهاتووی عێراقدا پەیڕەوبکرێت، تەنانەت ئایەتوڵا عەلی سیستانیش مەرجەعی گەورەی شیعەکان هەمان بۆچوونی هەیە، لەو نێوەندەدا فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان تاکە لایەنی عێراقی بوو کە بە ئاشکرا پێداگریی لەسەر لیستی داخراو دەکرد، بەوپێیەی لیستی کراوە کێشە بۆ هاوپەیمانێتییەکان دروستدەکاتو متمانەو باوەڕی لیستەکان بە یەکتری لاواز دەکات، بەڵام لە پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراودا لە چەند ڕۆژی رابردوودا فراکسیۆنی هاوپەیمانیش لەژێر کاریگەریی رای گشتیی عێراقیو کوردستانیدا لایەنگریی خۆی نەشاردەوە بۆ پەیڕەوکردنی لیستی کراوە.

بەپێی یاساکانی هەڵبژاردن لەکاتی پەیڕەوکردنی لیستی کراوەدا ریزبەندیی کاندیدەکان هیچ بایەخو گرنگییەکی نییە، چونکە ڕەنگە کاندیدێک کە لە ریزبەندی کۆتاییدایە دەنگی زۆرتر بێنێت لەو کاندیدەی کە لە ریزبەندی یەکەمدایە، بەوپێیەش هەموو ڕێکەوتنێکی پێشوەختی قەوارە یان هاوپەیمانێتییەکان لەسەر دابەشکردنی کاندیدو شێوەی ریزبەندییەکانیان هیچ کاریگەرییەکی نامێنێت، چونکە دەنگدەر ڕاستەوخۆ کاندیدەکان هەڵدەبژێرێت نەوەک قەوارە سیاسییەکە، ئەمەش وادەکات کە کاندیدەکان هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ خۆیان بکەن نەوەک بۆ قەوارە سیاسییەکانیان.

کامەران مەنتک، پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە؛ بارودۆخی سیاسی ئێستای هەرێمو عێراق زیاتر کاریگەریی لەسەر ڕێکەوتنە ستراتیژییەکەی نێوان یەکێتیو پارتی داناوە، بە بڕوای ئەو پسپۆڕە سیاسییە هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەمموزی رابردوو کاریگەریی بەهێزی لەسەر هاوپەیمانی نێوان یەکێتیو پارتی دروستکردووە، بەوپێیەی کە هاوسەنگیی هێزی لەنێوان ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارەدا لاسەنگ کرد.

کامەران مەنتک ئاماژەی بەوەکرد؛ پەیڕەوکردنی لیستی کراوە واتە گەڕاندنەوەی ڕێز بۆ دەنگدەر، چونکە ئەو کات دەنگدەر ناچارنابێت دەنگ بە قەوارەیەکی سیاسی بدات کە بە ویستی خۆی کاندیدەکانی دیاریکردبێت، بەڵکو دەتوانێت کاندیدێک هەڵبژێرێت کە متمانەی تەواوی پێیەتی، کە ئەوەش بە بڕوای ئەو کاریگەریی لەسەر شێوازی هاوپەیمانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار دروستدەکات.

ئەم کێشەیە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا لە (٢٠٠٩/١/٣١) لە پارێزگای دیالە بە ئاشکرا دەرکەوت، هەرچەندە لەو هەڵبژاردنەدا سیستمی لیستی نیمچە کراوە پەیڕەوکرا، بەڵام کێشەیەکی گەورە لەنێوان یەکێتیو پارتیدا دروستبوو، کە بە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی دیالە بەشداریی هەڵبژاردنەکەیان کردبوو، لیستەکەی یەکێتیو پارتی کە چەند لایەنێکی دیکەشیان لەگەڵدا بوو، (٢٦) کاندیدیان هەبوو، لە دوای ئاشکراکردنی ئەنجامەکان ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورە بوونەوە، چونکە بەپێی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان یەکەم کاندیدی لیستەکە کە سەر بە یەکێتی بوو (٨) هەزار دەنگی هێنا، کە سەرۆکی لیستەکەش بوو لە هەمانکاتدا، بەڵام کاندیدی دووەم کە سەر بە پارتی بوو (٩) هەزار دەنگی هێنا، بەپێی ڕێکەوتنەکەی نێوان یەکێتیو پارتی دەبوایە کاندیدی یەکەم کە سەر بە یەکێتی بوو پۆستی باڵای نێو ئەنجومەنی پارێزگای دیالەی بەرکەوتایە، بەڵام لەبەرئەوەی کاندیدەکەی پارتی دەنگی زۆرتری هێنابوو بە پێچەوانەی ڕێکەوتنەکەوە داوای پۆستی باڵای دەکرد، کێشەکە لە کاتی خۆیدا قەیرانێکی گەورەی بۆ یەکێتیو پارتی دروستکرد، بەڵام دواتر بە هەرشێوەیەک بوو مەسەلەکەیان چارەسەرکرد.

کێشەکەی یەکێتیو پارتی لە ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لە جوگرافیایەکی تاڕادەیەک بچووکدا بوو، بەرژەوەندییەکانیش بچووکتر بوون، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق کە هەموو عێراق دەگرێتەوەو دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش هاوکێشەی هێز دیاریدەکات، هەربۆیە پێدەچێت پەسەندکردنی لیستی کراوە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە مەترسیی بۆ سەر هاوپەیمانی یەکێتیو پارتی دروست بکات، هەروەک دووریش نییە ئەو مەسەلەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەو دوو حیزبە بیر لەوە بکەنەوە کە بە دوو لیستی جیاواز بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، یان لانیکەم نەتوانن بەم سیغەیەی ئێستا بچنە نێو گەمەی هەڵبژاردنەکانەوە.

عیماد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی KNN ئاماژەی بەوەکرد؛ کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ پارتی بۆ ئەو مەبەستە بەردەوامەو وتی: «لە حاڵەتێکدا ئەگەر لیستی کراوەش پەسەندکرا، ئێمە سوورین لەسەر هاوپەیمانێتییەکەمانو هەوڵدەدەین بەسەر گرفتەکاندا زاڵبین».

چاوەڕوانیی یەکێتیو پارتی بۆ بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەبارەت بە پەسەندکردنی لیستی کراوە یان داخراو ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو دوو حیزبە لە حاڵەتی پەسەندکردنی لیستی کراوەدا ناچارن بەدوای ڕێگەچارەی دیکەدا بگەڕێن تاوەکو هاوپەیمانێتییەکەیان لەو قەیرانە دەربازبکەن، کە بەهۆی لیستی کراوەی هەڵبژاردنەکانەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

# ئێمەو بەڵێنەکانمان



**عەدنان عوسمان**

ماوەیەکە قسەیەکی زۆر لەسەر بزووتنەوەی گۆڕانو بەڵێنەکانی دەکرێت، قسەکردنەکانیش بە دوو شێوە دەکرێن: لە لایەک بە ساختەکردن لە قسەی هەندێک لە چالاکوانەکانی گۆڕان، کە باسیان لەوە کردووە گوایە لەبەرئەوەی ئێمە لە دەسەڵاتدا نین ئیتر ناتوانین بەڵێنەکانمان ببەینە سەرو بەرنامەی هەڵبژاردنمان جێبەجێ بکەین، لە لایەکی دیکەشەوە راگەیاندنی ڕەش، کە بە فەرمانی راستەوخۆی بەرپرسەکانیان سەرقاڵی قۆستنەوەی وشەو رستەیەکن، کە لە زاری هەر کەسێکی سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە بێتەدەر بۆئەوەی لەسەر وشەیەک قەڵایەک رستە بهۆننەوە.

ئەو راگەیاندنە ئیتر فتوای خۆی داوە، کە گوایە ئێمە وتوومانە ناتوانین بەڵێنەکانمان ببەینەسەرو پاشگەزبووینەتەوە لە هەموو وەعدەکانمان بۆ لایەنگرانمان، هەندێکجار لەو کەناڵانە دەبیستین یان دەخوێنینەوە کەوا چەند کەسێک وازیان لە گۆڕان هێناوە، ئەمەش گوایە دوای ئەوە دێت، کە بزووتنەوەی گۆڕان رایگەیاندووە ناتوانێت بەڵێنەکانی جێبەجێبکات! ئیتر ئەمە لە چ بەیاننامەو لە چ وتارێکدا هاتووە کێشەی ئەمجۆرە راگەیاندنە نییە (سەیر لەوەدایە هەندێک لە راگەیاندنەکانی دیکەش بەمشێوازە کار دەکەن، پێش ماوەیەک وتاری بەڕێزێکم خوێندەوە کە بە دەق نووسیویەتی: پاش بەرگریی سەرسەختانەی گۆڕان لە قایمقامی هەڵەبجە... نازانم ئەو بەڕێزە بە پاڵپشتی چ بەیاننامەو روونکردنەوەو هەواڵو قسەیەکی ئێمە ئەو حوکمە رەهایەی داوە یان تەنیا حەزی خۆیەتیو لێی بووە بە واقیع!).

بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم، کە بە کورتییش بێت هەندێک قسە لەو بارەوە بکەینو بێبنەماییو نەزۆکی ئەو قسانە بخەینەڕوو.

### لیستی گۆڕان داوای چی کردووە؟

لیستی گۆڕان لە بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆیدا جەختی لەسەر چەند خاڵێکی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی گرنگ کردووەتەوە کە بەشێک بووە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی.

خاڵە سەرەکییەکانی لە ڕووی سیاسییەوە بریتین لە: دەسەڵاتی یاسا، جیاکردنەوەی حیزب لە دەوڵەتو حکومەت، بەهێزکردنی پەرلەمان وەک دەسەڵاتی یاسادانانو چاودێری حکومەت، نەهێشتنی میلیشیای حیزبیو یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ناوچە دابڕاوەکان...هتد

لە ڕووی ئابووریشەوە: دژایەتی گەندەڵیی، شەفافیەت، ئاشکراکردنی بودجە، کاراکردنو تەرشیقی حکومەت، دانانی پلان بۆ هەموو بوارە ئابوورییەکان، هەوڵدان بۆ نەهێشتنی بێکاریی، نەهێشتنی ئیحتیکارو کۆنترۆڵکردنی بازاڕ، گرنگیدان بە پرۆژەی ستراتیژییو بناغەیی،....هتد

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە: گرنگیدان بە کێشەکانی ژنانو لاوان، کارکردن بۆ دانانی سیستمی بیمەی کۆمەڵایەتیو تەندروستی، گرنگیدان بە نەوەی نوێو چارەسەرکردنی کێشەکانی، ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان و خێزان، باشکردنی سیستمی مووچەو خانەنشینی...هتد

### گۆڕان لە چی پاشگەزبۆتەوە؟

ئەو خاڵانەی سەرەوە بەشێکن لە داخوازیو هەوڵی لیستی گۆڕان، کە پێویستە فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستانو فراکسیۆنی داهاتووی گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو سەرجەم بزووتنەوەی گۆڕان کاری لەسەر بکەنو هەوڵی جێبەجێکردنی بدەن. سەرجەم بەندەکانی بەرنامەی لیستی گۆڕان کە لە ئاکامی گفتوگۆو چەندین ڕەشنووسی بەرنامەی جۆراوجۆردا ئامادەکراوە لە تواناداهەیە جێبەجێبکرێنو هیچ کەسێک ناتوانێت لەو بەرنامەیە پاشگەزبێتەوە. فراکسیۆنی گۆڕانیش لە پەیڕەوی ناوخۆی خۆیدا جەختی لەسەر پابەندبوون بەو بەرنامەیە کردووەتەوەو هەر لە ئێستاوە بە وردیی کاری لەسەر دەکات.

دیارە قسەی هەندێک لە ئەندامانی ئێمە لە ڕووی حەزو ویستو پاشگەزبوونەوەوە نایەت، بەڵکو لەو لێکدانەوەیەوە دێت کە گوایە لەبەرئەوەی ئێمە لە دەسەڵاتدا نینو ئۆپۆزسیۆنینو زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانمان نەهێناوە، ئیتر ناتوانین ئەو بەڵێنو دروشمانە بەرەو جێبەجێکردن ببەین.

هەر لەسەرەتاوە پێموایە ڕێک بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەوە ئێمە ئێستا کە لە ئۆپۆزسیۆنداین باشتر دەتوانین بەرنامەو بەڵێنەکانمان ببەینە پێشەوە، بەشداریکردن لە دەسەڵاتی تەنفیزیدا تەوقو کۆتو بەندێکە کە بە تەواویی لەم ستەوەختەی کوردستاندا دەستو پێمان دەبەستێتەوە، ئیلتیزامکردن بە بەرنامەو سیاسەتی حکومەتو دوو حیزبی دەسەڵاتدار ناچارمان دەکات لە بەشێک لە بەرنامەکانی خۆمان پاشگەزببینەوە یان لانیکەم تەجمیدی بکەینو بگرە لە هەندێک حاڵەتدا پێچەوانەشی کاربکەین.

ئەو حاڵەتە ناسیستماتیکو ناشەفافەی لە کوردستانو بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا هەیە بە تەماشاکردنی تاقیکردنەوەی چەند حیزبێکی دیکە کە بەشدارییان لە دەسەڵاتدا کردووە لە ساڵانی رابردوودا دەمانخاتە ئەو قەناعەتەی کارکردن لەم کەشوهەوایەدا گەورەترین زیان بە دیدو خواستی گۆڕانو ریفۆرم دەدات. راستە ئێمە ئەگەر بەشداربین لە دەسەڵاتدا دەتوانین بەشێکی کەمی لایەنگرانمان لە کونو قوشبنی حکومەتدا جێبکەینەوەو هەندێک لە کێشەکانیان کەمبکەینەوە، بەڵام ناتوانین راستگۆبین لەگەڵ کۆی دروشمو بەڵێنەکانمان، چونکە بە هیچ شێوەیەک ناتوانین ستراکچەری دەسەڵاتو میکانیزمی کارکردنی بگۆڕین، ئێمە لە ئێستادا کار لەسەر گۆڕانکردن دەکەین، بەڵام لە حاڵەتی بەشداریکردندا دەبێت بیر لە خۆگونجاندن بکەینەوە، کە دیارە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەو دوو چەمکەدا هەیە.

بزووتنەوەی گۆڕان بە پشتبەستن بە دەیان گۆڕانخوازی بە توانا دەتوانێتو پێویستە دەیان پرۆژەی گرنگ بخاتە بەردەمی پەرلەمانو کۆمەڵگەو ئیش لەسەر بە یاساییکردنی دروشمەکانو جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی بکات کە لە خزمەتی سەرجەم کۆمەڵگەی کوردەواریدایە.

ئۆپۆزسیۆنبوون نەک هەر ئێمە لە هەنگاونان بەرەو بەجێگەیاندنی بەڵێنەکانمان دوور ناخاتەوە، بەڵکو چەکو میکانیزمی جێبەجێکردنەکەشمان دەخاتە بەردەست، ئێمە ئێستا لە لایەک دەتوانین بەرنامەکەمان بە یاسایی بکەینو بیخەینە بەردەمی پەرلەمانو رای گشتییو لەلایەکی دیکەشەوە بە وردیی قسە لەسەر هەموو ئەو یاسایانە بکەین کە لایەنەکانی دیکەو حکومەت دەیخاتە بەردەستی پەرلەمانو هەوڵدەدەین بەگوێرەی خواستو بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵک بێتو لەلایەکی دیکەشەوە چاودێرێکی وریای حکومەتو دەسەڵاتی تەنفیزیی دەبینو بەردەوام لەنێو لادێو شارو شەقامو خۆشیو ناخۆشییەکانی جەماوەردا دەبین، بەمەش ئێمە نەک هەر بەڵێنەکانمان، بەڵکو دەتوانین دەیان پرۆژەی دی، کە هێشتا باس نەکراوە ببەینە قۆناغی جێبەجێکردن.

## ساڵانە لەڕێگەی یەکێتییەوە پارە لە حکومەتی هەرێم وەردەگرن

# دەزگای خەندان ١٢٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار، ڕێکخراوی مناڵپارێز ٢,٨٥٦,١١٦,٦٠٠ دینار

# کوردسات‌و الحریة ١٠,٨٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار

ئەلەند مەحوی

### بەشی دووەم‌و کۆتایی

بەناوی خەرجیی تایبەتەوە، یەکێتی ساڵانە زیاتر لە (٣٤٠)ملیار دینار لە بودجەی سامانی گشتیی بەکاردەهێنێت بۆ دەزگاو مەکتەبەکانی خۆی، بەبێ ئەوەی ئەم پارەیە هیچ بەرهەمێکی لێبگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

یەکێتی، بەپێچەوانەی دروشمەکانی خۆیەوە، مانگانە پارەیەکی زۆری حکومەت بۆ دامەزراوەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن‌و ڕێکخراو و تەکییەو شێخ‌و کادیرە حیزبییەکانی خۆی بەکاردەهێنێت، ئەمەش بەشێکە لەو (٣٥)ملیۆن دۆلارەی کە مانگانە یەکێتی لە پارەی حکومەت‌و بودجەی کوردستان دەیبات.

### فەرماندەیی گشتیی (هـ.پ.ک)

بەپێی بەڵگەنامەیەکی ڕەسمیی، کۆی گشتیی هێزەکانی فەرماندەیی گشتیی لە ساڵی (٢٠٠٧)دا (٣١٢٩١) پێشمەرگە بووە، کە کەمترین مووچەیان لەوکاتەدا (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناربووە بە پلەی (تەتەر)و زۆرترین مووچەشیان (١,٢٥٠,٠٠٠) یەک ملیۆن‌و دوو سەدو پەنجا هەزار دینار بووە، بە پلەی (فەرماندەی لیوا).

ساڵی(٢٠٠٧) بودجەی فەرماندەیی گشتیی (هـ.پ.ک) کە لە حکومەت وەریدەگرت، مانگانە بڕی (٨,٥٧٥,١١١,٠٠٠) هەشت ملیارو پێنج سەدو حەفتاو پێنج ملیۆن‌و سەدو یانزە هەزار دینار بووە، بەڵام ساڵی دواتر (٢٠٠٨) بودجەی فەرماندەیی گشتیی (هـ.پ.ک) لەگەڵ دەزگای تەندروستی بودجەکەیان زۆر زیاد دەکات‌و مانگانە دەگاتە (١٠,٢٦٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیارو دووسەدو شەست ملیۆن دینار.

### ڕێکخراوی مناڵپارێزی کوردستان

ئەم ڕێکخراوە یەکێکە لە پرۆژەکانی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، هاوسەری جەلال تاڵەبانی‌و لەساڵی (١٩٩١)دا دامەزراوە، لە وڵاتی بەریتانیا وەک فەند پەیداکەرێکی نێودەوڵەتی کاردەکات‌و لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانیشدا لقی هەیە، بەگشتیش ڕێکخراوەکە پێکهاتووە لە ڕێکخراوی مناڵپارێزی کوردستان، لقەکانی سەنتەری گەنجان، کازیوەکان،...هتد.

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی (٢٠٠٧)دا مانگانە بڕی (٢٣٧,٠٠٠,٠٠٠) دووسەدو سی‌و حەوت ملیۆن دیناری لە حکومەت وەرگرتووە، بە کۆی گشتیی لەم ساڵەدا (٢,٨٥٦,١١٦,٦٠٠) دوو ملیارو هەشتسەدو پەنجاو شەش ملیۆن‌و سەدو شازدە هەزارو شەشسەد دیناری لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووە. جگە لەوەی هەر لەم ساڵەدا ئەم ڕێکخراوە (٤٨٠,٠٠٠) چوارسەدو هەشتا هەزار دۆلاری لە تاڵەبانی وەرگرتووەو (٤٥٠,٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دۆلاری لە نێچیرڤان بارزانی وەرگرتووەو (٤٢٦٩٣٨) چوارسەدو بیست‌و شەش هەزارو نۆسەدو سی‌وهەشت دۆلاری لە هەندێک وڵات‌و لایەنی دیکەوە بۆ هاتووە، بەڵام ناوی خاوەنەکانیان ئاشکرا نەکراون.

ساڵی (٢٠٠٨) بودجەی ڕێکخراوی مناڵپارێزی کوردستان کە لەلایەن حکومەتەوە بۆی تەرخاندەکرا، بە هەمان بڕی ساڵی (٢٠٠٧) کە (٢٣٧,٠٠٠,٠٠٠) دووسەدو سی‌وحەوت ملیۆن دینار بوو، مانگانە وەک خۆی مایەوەو دەستکاریی نەکرا.

### دەزگای خەندان

دەزگایەکی ڕاگەیاندنی دکتۆر بەرهەم ساڵحە، لە ساڵی (٢٠٠٤)دا دامەزراوەو پێکهاتووە لە دەزگای خەندان‌و کەناڵەکانی وەک، ڕۆژنامەی ئاسۆ، گۆڤاری هەفتانە، سایتی دەنگوباس، گۆڤاری (الاسبوعیة)و ڕۆژنامەی (کۆپرو) کە بەزمانی تورکمانی دەردەچێت.

دەزگای خەندان ساڵی (٢٠٠٧) بۆ هەر مانگێک (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دیناری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە، بەڵام ساڵی (٢٠٠٨) ئەم بڕە پارەیە کەمدەکات بۆ (٥,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار مانگانە.

ئەم دەزگایە جگە لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، مانگانە (١٠,٠٠٠) دۆلار لە سکرتاریەتی سکرتێری گشتیی یەکێتی وەردەگرێت‌و ئەو بودجەیەش کە بە بودجەی سەرەکی ئەم دەزگایە حساب دەکرێت، دکتۆر بەرهەم خۆی لە ڕێگەی ڕێکخراوە ئەمریکی‌و بیانییەکانەوە بۆ ئەم دەزگایەی پەیدا دەکات، کە مانگانە (٧٠,٠٠٠) دۆلارە.



### دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم

دەزگایەکی ڕۆشنبیریی گەورەیەو شێرکۆ بێکەس سەرپەرشتی دەکات، بینا نوێیەکەی کە ناوی (تەلاری سەردەم)ە دەکەوێتە سەر شەقامی سالم لە سلێمانی‌و لەلایەن تاڵەبانییەوە کرایەوە، لە ساڵی (٢٠٠٧)دا ئەم دەزگایە مانگانە (٥٥,٠٠٠,٠٠٠) پەنجاو پێنج ملیۆن دیناری لە حکومەت وەرگرتووە، بەڵام ساڵی (٢٠٠٨) بودجەکەی لەلایەن حکومەتەوە زیادکراوە بۆ (٦٠,٠٠٠,٠٠٠) شەست ملیۆن دینار.

### پارێزگاری کەرکوک

عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوک، یەکێکە لەو کەسانەی کە بە ڕەسمیی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ کاروباری «بەردەستی‌و میوانداریی» لە ساڵی (٢٠٠٧)دا مانگانە (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پانزە ملیۆن دیناری لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ سەرفکراوە، ئەم بڕە پارەیەش لە ساڵی (٢٠٠٨)دا وەک خۆی بەردەوام بووە.

لەلایەکی دیکەوە ئیسماعیل ڕەجەب حەدیدی، ئەندامی پێشووی کۆمەڵەی نیشتمانی‌و جێگری پێشووی پارێزگاری کەرکوک لە ساڵی (٢٠٠٧و ٢٠٠٨)دا مانگانە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڕی (٤,٥٠٠,٠٠٠) چوار ملیۆن‌و پێنجسەد هەزار دیناری بۆ تەرخانکراوە، بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانرێت.

### تایبەت

ئەوەی جێگەی تێڕامانە، بەشێک لەو پارانەی یەکێتی لە حکومەتی هەرێم وەریدەگرێت بۆ ئەو شوێنانەی کە خۆی مەبەستێتی، هەندێکیشیانی بۆ حکومەت ڕوون نەکردووەتەوە کە ئەو پارەیە بۆ چییە، لە هەمووشی سەیرتر (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینارە مانگانە کە لە ساڵی (٢٠٠٨)دا تەنیا بەناوی «تایبەت»ەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە، بەبێ ئەوەی دیاری بکرێت کێیە ئەم کەسە «تایبەتە».

### کوردسات‌و الحریة

سەتەلایتی کوردسات لە ساڵی (٢٠٠٠)دا دامەزراوە، ئەم کەناڵە ئەگەرچی لەگەڵ ناوەندی ڕاگەیاندنی (خاک)دا بە ڕەسمیی موڵکی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، هاوسەری جەلال تاڵەبانین، بەڵام لە خزمەتی یەکێتیدا کاردەکەن.

هەروەها کەناڵی ئەلحوڕییە سەتەلایتێکی عەرەبی یەکێتییەو ساڵی (٢٠٠٣) وەک کەناڵێکی لۆکاڵی عەرەبیی یەکێتی لە بەغداد دەستی بە پەخشکردووە، بەڵام دواتر بووەتە کەناڵێکی ئاسمانیی یەکێتی.

ئەگەرچی ئەم دوو سەتەلایتە هیچ پەیوەندییەکیان بەحکومەتەوە نییە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٨)دا بە هەردووکیان مانگی (٩٠٠,٠٠٠,٠٠٠) نۆسەد ملیۆن دیناریان لە حکومەت وەرگرتووە.

### شێخ‌و تەکییەکان

ئەگەرچی یەکێتی خۆی بەحیزبێکی سۆشیال دیموکرات دەزانێت، بەڵام بەردەوام پە پارەو بە خانەنشینکردن‌و کۆمەک پشتیوانی لە شێخ‌و پیاوماقوڵان‌و خاوەن دیوەخان‌و سەرۆک خێڵەکان دەکات، لەم ڕووەشەوە لە ساڵی (٢٠٠٧)دا ئەم شوێنانە لە ڕێگەی یەکێتییەوە مانگانە پارەیان لە ئیدارەی سلێمانی وەرگرتووە:

تەکیەی تاڵەبانی، مانگی (٧,٥٠٠,٠٠٠) حەوت ملیۆن‌و پێنجسەد هەزار دیناری وەرگرتووە، تەکیەی شێخ عەبدولقادری چوێسە، مانگی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دیناری وەرگرتووە، تەکیەی شێخ کامیل شێخ عەبدولقادری چوێسە مانگی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دیناری وەرگرتووە، تەکیەی شێخ سەعید شێخ عەبدولقادری چوێسە مانگی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دیناری وەرگرتووە، تەکیەی شێخ تاهیری چوێسە مانگی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دیناری وەرگرتووە، تەکیەی شێخ محەمەد شێخ عەبدولقادری چوێسە مانگی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دیناری وەرگرتووە، تەکیەی شێخ زاهیر شێخ سەعیدی چوێسە مانگی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دیناری وەرگرتووە، تەکیەی شێخ ڕزگار شێخ ئەحمەدی چوێسە مانگی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دیناری وەرگرتووە، تەکیەی شێخ لەتیف شێخ عەبدولقادری چوێسە مانگی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دیناری وەرگرتووە.

هەروەها ساڵی (٢٠٠٨)یش شێخانی سوورچی، مانگانە (٧,٥٠٠,٠٠٠) حەوت ملیۆن‌و پێنجسەد هەزار دیناریان لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووە.

---

## یەکێتی پلنیۆم دەبەستێت

# عیماد ئەحمەد: تەنیا خۆمان بەشداریی پلنیۆم دەکەین

ڕۆژنامە

یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڕیاریداوە لە کۆتایی ئەم مانگەدا پلنیۆمی دووەم ببەستێت. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیش پێیوایە؛ کە بڕیاری ڕێگەنەدان بە بەشداریکردنی ئەو ئەندامانەی بوونەتە ریفۆرم، لە پلنیۆم بڕیاردانی پێشوەختە لە چارەنووسیان.

فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەمە پلنیۆمی دووەمەو لە بنەڕەتدا دەبوو کۆنگرە ببەسترایە، بەڵام وەک لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیدا هاتووە؛ کە پلنیۆم دەسەڵاتێکە دراوەتە سەرکردایەتی‌و لە هەرکاتێکدا پێویست بکات دەتوانێت پەنای بۆ بەرێت».

سەبارەت بە هۆکاری بەستن‌و تەوەرە سەرەکیەکانی جێی باس‌و گفتوگۆ لە پلنیۆمدا، فەرید ئەسەسەرد وتی: بە مەبەستی قسەکردنیش لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی (٧/٢٥)ی ئەمساڵ‌و ئەو گۆڕانکارییانەی ڕوویاندا بڕیاری بەستنی پلنیۆم دراوە، بەڵام «بە هیچ جۆرێک پلنیۆم جێگەی کۆنگرە ناگرێتەوە».

پێشتر سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوڵاتی ڕاگەیاندبوو، کە پلنیۆم هەموو ئەو ئەندامانەی ڕیزەکانی یەکێتی، کە چوونەتە نێو بزووتنەوەی گۆڕانەوە بانگهێشت دەکات، تا لەوێدا کێشەکان یەکلایی بکرێنەوە.

بەڵام عیماد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئەوەی ڕەتکردەوە، کە باڵی ریفۆرم بەشداریی پلنیۆم بکەن‌و تەئکیدی کردەوە، کە پلنیۆمی یەکێتی تەنها خۆیان بەشداریی تێدا دەکەن‌و «بەبێ بەشداریکردنی باڵی ریفۆرم بەڕێوەدەچێت».

لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامە ئەسەسەرد وتی: هەرچەندە لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیی‌و سەرکردایەتیدا ئەوە باس نەکراوە، کە لە پلنیۆمدا ئەندامانی باڵی ریفۆرم دەربکرێن، بەڵام لە ئێستادا (٤) جۆر بۆشایی لە ڕیزەکانی سەرەوەی یەکێتیدا دروستبوون لە کەمبوونەوەی ئەندامەکانی ئەوانیش ئەو سەرکردانەن، کە کۆچی دواییان کردووە، یان شەهیدبوون، یان ئەوانەی دەستیان لەکار کێشاوەتەوە گروپێکیشیان، کە بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی تەجمید کراون، هەربۆیە بۆچوونێک هەیە، کە ئەو بۆشاییانە پڕبکرێنەوە لەو کاتەشدا مافی سەرکردایەتی لە باڵی ریفۆرم دەسەندرێتەوە.

بە بۆچوونی فەرید ئەسەسەرد، کە هاوکات سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیشە؛ ڕێگەنەدان بە بەشداریکردنی ریفۆرم لە پلنیۆمدا هەر لەسەرەتاوە «کەموکوڕییەکە لە پلنیۆمدا»، چونکە بە وتەی ئەسەسەرد «یەکێتی هیچ زەرەرێکی نەدەکرد، کە ئەو ئەندامانەی تەجمید کراون یان دەستیان لەکارکێشاوەتەوە لە پلنیۆمدا قسەی خۆیان بکردایە»، وتیشی: ئەم جۆرە هەڵوێستەو بڕیاری ڕێگەنەدان بە بەشداریکردنی ئەو ئەندامانە لە پلنیۆم «بڕیاردانی پێشوەختە لە چارەنووسیان».

# گۆڕانو چاکسازیی، هەوڵی کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتارو وەزیرەکان دەدەن

## مووچەی یەک مانگی وەزیرو پەرلەمانتارێک زیاتر لە بیست هێندەی مووچەی فەرمانبەرێکی ئاساییە

شارا عەبدولڕەحمان

هەردوو فراکسیۆنی گۆڕانو خزمەتگوزاریو چاکسازیی، مووچەی پەرلەمانتارو وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم بە زۆر دەزانن‌و هەوڵی کەمکردنەوەیان دەدەن، هاوکات هەوڵی زیادکردنی مووچە نزمەکانی وەک مامۆستایان‌و فەرمانبەرانی حکومەت دەدەن‌و پێیانوایە، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان مووچە بەرزەکان‌و مووچە ئاستنزمەکاندا هەیەو ئەمەش جیاوازییەکی کۆمەڵایەتیی زۆری دروستکردووە.

لیستی گۆڕان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، بەڵێنی ئەوەیان بەخەڵکدا، کە کار بۆ کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتارو وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئێستاش بەنیازی بردنە سەری بەڵێنەکەیان‌و ئاماژە بەوە دەکەن، کە بەنیازن لەئایندەدا پڕۆژەیەک بۆ ئەو مەبەستە پێشکەشی پەرلەمان بکەن.

پێشەوا تۆفیق، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: وەک بەڵێنمان بە خەڵکدابوو، هەوڵی کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتارو وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم دەدەین، چونکە پێمانوایە، بە فیعلی ئەو مووچانە زۆرن، ئەمە لەکاتێکدا مووچەی فەرمانبەران‌و مامۆستایانی کوردستان کەمە، لەبەرئەوە دەمانەوێت لێکیان نزیک بکەینەوە.

پەرلەمانتارەکەی گۆڕان پێیوابوو، جیاوازیی مووچەی پەرلەمانتارو مووچەخۆرانی دیکەی حکومەت، جیاوازییەکی زۆری کۆمەڵایەتییو باری گوزەران دروستدەکات، بەشێوەیەک کە چینێک زۆر بەبێ کەموکوڕیی پێداویستیی رۆژانە دەژین‌و چینێکیش بە دەست کەمیی یان نەبوونی ئەو پێداویستییانەوە دەناڵێنن.

بەوهۆیەشەوە ئەو فراکسیۆنە بەنیازی ئامادەکردنی پڕۆژەیەکە بۆ کەمکردنەوەی مووچە بەرزەکان‌و بەرزکردنەوەی مووچەی ئاستنزم.

لەوبارەیەشەوە پێشەوا تۆفیق بە رۆژنامەی وت «هەوڵدەدەین بۆ ئەو مەبەستە پڕۆژەیاسایەک پێشکەشی پەرلەمان بکەین، بۆ رێکخستنەوەی سیستمی مووچەو هەر هیچ نەبێت لێک نزیککردنەوەی مووچە بەرزو نزمەکان».

لەئێستادا مووچەی هەر پەرلەمانتارو وەزیرێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی (٨)ملیۆن دینارە، کە بەوپێیەش هێندەی (٤٠) ئەوەندەی مووچەی فەرمانبەرێکی تازە دامەزراوی حکومەت دەبێت.

رۆژنامە زانیویەتی کە لیستی گۆران لەهەوڵی ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەکدایە بۆکەمکردنەوەی بودجەی پلە یەک کە وەزیرو پەرلەمانتارو کۆمەڵێک پۆستی دیکەش دەگرێتەوە، لەهەمانکاتیشدا مووچە ئاست نزمەکانی کارمەندانی حکومەت بەرزبکرێنەوە.

لەلایەکی دیکەوە لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازییش پێیباشە، مووچەی پەرلەمانتارو وەزیرەکان کەمبکرێنەوەو مووچەی کارمەندەکانی دیکەی دامودەزگاکان زیادبکرێن، تا لەو رێگەیەوە ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتییە نەمێنێت کە لەئێستادا لە هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرێت.

د.سەباح بەرزنجی، ئەندامی فراکسیۆنی خزمەتگوزاریو چاکسازیی لە پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە یەکسانی کۆمەڵایەتیی بەرپابکرێت، ئەویش لە رێگەی لێکنزیککردنەوەی مووچەوە دەبێت، هەرچەندە ئەندامانی پەرلەمانیش لەچاو ئەو بەرپرسیارێتییەی کە پێیان دراوە مووچەکەیان زۆر نییە، بەڵام لەهەمانکاتدا هەر کەسێکی دیکە کە دادەمەزرێت مووچەکەی (٣٠٠ – ٤٠٠) هەزار دینار، کە ئەمە هەر بەشی کرێ خانووەکەی ناکات، بەو هۆیەشەوە جیاوازییەکی زۆری کۆمەڵایەتی لە نێوان چینەکانی کۆمەڵدا دروستبووە».

ئاماژەی بەوەشکرد، هەم لیستەکەیان‌و هەم وەک کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیش بە نیازی گەڵاڵەکردنی پڕۆژەیەکن بۆ ئەو مەبەستە، وتیشی: «بەڵام پێویستە پڕۆژەکە زۆر بە وردیی ئامادەبکرێت‌و سەرجەم لایەنەکان لێکبردێتەوەو بزانرێت دەسەڵات تاچەند قبوڵیەتی، چونکە پێویستە چارەسەری ریشەیی بۆ مەسەلەکە بدۆزرێتەوە، نەک هەر بانگەشەی راگەیاندنەکان بێت».

# چاودێری دارایی هەولێرو سلێمانی بە کام یاسا کار دەکەن؟

رۆژنامە

دیوانی چاودێری دارایی لەکوردستان هەرچەندە دوو یاسای هەیە، بەڵام لە ئێستادا هیچ یاسایەک نییە هەردوو دیوانی چاودێری دارایی پەیڕەوی بکەن، پەرلەمانتارێکیش تەئکید دەکاتەوە، کە هەردوو دەزگای چاودیری دارایی لە بۆشاییەکی یاساییدا کار دەکەن.

پەرلەمانی کوردستان لە خولی دووەمیداو لە دانیشتنی ژمارە (٩)ی رۆژی (٢٠٠٨/٤/٢١) یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای دیوانی چاودیری دارایی هەرێمی کوردستانی دەرکرد، بەوپێیەش یاسا کۆنەکە هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام سەرچاوەیەک لە دیوانی چاودێری دارایی هەولێر ئەوەی بۆ رۆژنامە تەئکید کردەوە، کە لە ئێستادا هیچ یاسایەک نییە، کە چاودیری دارایی پەیڕەوی بکات، بەوتەی ئەو سەرچاوەیە لە دوای دەرچوونی یاسا نوێیەکە سەرۆکی پەرلەمان‌و سکرتێری پەرلەمان سەردانی دیوانیان کردووەو پێیانڕاگەیاندوون، کە کار بەویاسایە نەکەن، لەبەرئەوەی یاسا نوێیەکە بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو دیوانی چاودێری داراییەکە دەرکراوەو تائێستاش ئەو یەکگرتنەوەیە جێبەجێنەکراوە.

لە خولی یەکەمی دا، یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٠)، یاسای دیوانی رەقابەی دارایی هەرێمی کوردستان، کە لە (٢٠٠/١٢/٦) لە پەرلەمان پەسەندکراوەو لەمبارەیەوە محەمەد قەرەداغی سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە باسی لەوەکرد؛ کە دیوانی چاودیری دارایی یەکیان نەگرتووەتەوە، هەربۆیە بە یاسا کۆنەکە کار دەکەن، ئەوەش کارێکی نایاسایی نییە، ئاماژەی بەوەشدا کە چاوەڕوانی کابینەی نوێی حکومەت دەکرێت بۆ یەکگرتنەوەیان، بەڵام لە بەرامبەردا، دلێر محەمەد شەریف ئەندامی لیژنەی یاسایی لە خولی دووەمی پەرلەماندا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە لەگەڵ دەرچوونی یاسایەکی نوێ، یاسا کۆنەکە هەڵدەوەشێتەوە، هەربۆیە لە ئێستادا دیوانی چاودێری دارایی هیچ یاسایەکیان نییە لەسەری کار بکەن، ئەمەش کەموکوڕیی حکومەتە، کە نەتوانراوە تائێستا ئەو دوو دەزگایە یەکبگرنەوە، بەوتەی دلێر محەمەد شەریف، «جگە لەوەی یاسایان نییە، هەر خۆشیان هەردوو دەزگای چاودیری دارایی لە بۆشاییەکی یاساییدا کار دەکەن»، چونکە هیچ یاسایەک نییە بۆ دووئیدارەییو بوونی دوو دەزگای دارایی.

جێبەجێنەکردنی ئەو یاسایانەی لە پەرلەمان دەردەچێت، ئەرکی حکومەتەو پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمیش پێویستە رۆڵی چاودێر ببینن بەسەر جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەوە، بە وتەی ئەو ئەندام پەرلەمانەی خولی پێشووی پەرلەمان، لەبەرئەوەی لە مادەی بیست‌وپێنجی یاسا نوێیەکەی دیوانی چاودێری دارایدا هاتووە؛ کە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان)دا ئەو یاسایە جێبەجێ دەکرێت، لەبەرئەوەش کە ئەم یاسایە بە بڕیاری ژمارە (٩) لە (٢٠٠٨/٥/٢٠) لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنراوەو هەموو یاسایەکیش لەدوای پەسەندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دەرناچێت، کەواتە پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێم کەمتەرخەمن‌و بەرپرسن لە جێبەجێنەکردنی ئەو یاسایەو کارپێنەکردنی لەلایەن هەردوو دیوانی چاودێری داراییەوە.

# پۆست یەکێتی



ئیسماعیل عوسمان

> لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥)یشدا یەکێتی تاکە هێزی براوەبوو لەم ناوچەیەدا، توانی زۆرینەی دەنگی هاوڵاتییان بۆ خۆی رابکێشێت، بەڵام بە پیربوونی تەمەنی یەکێتی لەم شارەدا، دەنگی ئەم حیزبەش پیر بووە

شاری سلێمانی بە درێژایی مێژووی سیاسیی کوردی یەکێک بووە لەو شارانەی کە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە هەمیشە لە گۆڕانی سیاسیی بەردەوامبووە، ئەوەش وایکردووە کە ئەم شارە توانای هەرسکردنی مێژووی سیاسیی هەموو بزووتنەوە کوردایەتییە جیاوازەکانی هەبێت، بەڵام زووش تێیانپەڕێنێت.

ئەم شارە مێژووی سیاسیی خۆی بەردەوام تێپەڕاندووە، لە شانە سەرەکییەکانی حیزبیو رێکخراوە نهێنییەکان لە بەعسییەوە بیگرە بۆ شۆڕشی کوردایەتی، چونکە لەگەڵ جووڵەکانی چارەکە سەدەیەکی حیزبی بەعسیشدا بەردەوام لەنێوان هەڵکشان‌و داکشان بووە، ئەوەی مێژووی سیاسیی ئەم شارەی پێدەناسرێتەوە تێپەڕاندنی هەموو ئەو رەوتە جیاوازانەیە کە لەناو شاری سلێماندا دروستبوو، دواتر گەڕانە بەشوێن رەوتێکی تازەی دیکەدا.

لەدوای راپەڕینی ساڵی (١٩٩١) هەڵبژاردنەکانی کوردستان «شارە حەیاتەکە» بەشاری سەوز ناسراو، ئیدی لەوکاتە بەدواوە سلێمانی بەرگی سەوزی پۆشی، هەر لە جلوبەرگی خەڵکی ئەو شارەوە تا رەنگی ئۆتۆمبێل‌و بیناو باڵەخانەکانیو شۆستەو شەقامەکانی شاریش، رەنگدانەوەی سیاسیی رەنگێکی کۆمەڵایەتیشی بەخشییە ژیان، یەکێتی تاکە هێزی ناوچەکە بووە، هەموو قاعیدەو قەواعیدی خۆشی لەو شارە بونیادناوە.

لە جەولە یەک لە دوای یەکەکانی شەڕی ناوخۆدا تاکە شارێک کە وەک قەڵا پشتو پەنای ئەم حیزبە بووبێت، سلێمانی بووە، ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی ئەو شارەش خۆیان کردە قوربانیی ئەم حیزبە، تەمەنی سەوزی خۆیان لەبەردەم مێژووی ئەم حیزبەدا وشککردەوە.

لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥)یشدا یەکێتی تاکە هێزی براوەبوو لەم ناوچەیەدا، توانی زۆرینەی دەنگی هاوڵاتییان بۆ خۆی رابکێشێت، بەڵام بە پیربوونی تەمەنی یەکێتی لەم شارەدا، دەنگی ئەم حیزبەش پیر بووە، ئەو رۆحیەتەش کە خەڵکی ئەم شارە هەیبوو بۆ ئەم شارە بەرەو پووکانەوەو لەناوچوون چوو، ئیدی سلێمانیش یەکێتی پیر کرد.

سۆسیۆلۆژیای خەڵکی ئەم شارە وایە هەر چەندین ساڵ جارێک لەبەر هەر هۆکارێکی سیاسییو کۆمەڵایەتی بێت حیزبێک تێدەپەڕێنێت، بۆیە بەردەوام سلێمانی شاری بزووتنەوە سیاسییە جیاوازەکان بووە، هەر لە سەرەتای دروستبوونی حیزبی هیواو دواتر حیزبی رزگاریو پارتی دیموکراتی کوردستان‌و دواتر یەکێتی نیشتمانیی کوردستان... مێژووی هەموو ئەم هێزانەی تێپەڕاندووە، لە ئێستاشدا سلێمانی دەیەوێت یەکێتی تێپەڕێنێت.

ئەوەی بینیمان لە هەڵبرژاردنەکانی ئەمجارەی کوردستانداو ئەو دەنگە نارەزایانەی لە شەقامی سەهۆڵەکەوە کە بەرزدەبوونەوە، جیاواز بوو لە هەڵبژاردنەکانی دیکە، چونکە ئیدی لەبری باڵاپۆشیی شەقام بە رەنگی سەوز رەنگی نیلی پۆشیبوو، ئەگەرچی ئەمە بۆ یەکێتی ئاسایی نەبوو، بەڵام بۆ سلێمانی ئاسایی بوو، چونکە ئەمە بەشێکە لە پێکهاتنی ئەم شارە، ئەویش ئەوەیە لەگەڵ دەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەکی جەماوەریی لەگەڵی دەبێتو چەپڵەی بۆ لێدەدات، بەڵام کاتێک لەگەڵ ویستەکانی ئەودا یەکی نەگرتەوە بەجێیدەهێڵێت، وەک ئەوەی مێژووی سیاسیی لەم شارەدا خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام هەرجارێک بە شێوازو بەرگێکی جیاواز.

یەکێتی بەوجۆرەی کە ئێستا هەیە، ئەوا مێژووی لەم شارەدا کۆتاییهات، سلێمانییش یەکێتی بەجێهێشت، لە یەکێتییەوە بەرەو گۆڕان هەنگاوی نا، دوا پرسیاریش ئەوەیە کە لە گۆڕانەوە بەرەو کوێ هەنگاودەنێت؟ ئەوە پرسیارێکە مێژووی ئەو شارە لە ئایندەدا وەڵامیدەداتەوە.

esmailhuramani@yahoo.com

## موراد قەرەیلان، سەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆماجڤاکێن کوردستان (KCK):

# چوونی گروپی ئاشتی لەبەر ئەوە نییە کە ڕەوشی تورکیا گۆڕاوە، بەڵکو بۆ کردنەوەی دەرگای دیالۆگە

هەڵۆ مەرگەیی

**دوای دەیەها دەستپێشخەریی‌و ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی ئاگربەستی چەکدارانەو بەڕێخستنی گروپی ئاشتەوایی، هێشتا دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر پرسی چارەسەری کێشەی کورد لە باکوور، خاوەن گوتارێکی ڕۆشن نییەو وەک سەرکردەکانی پەکەکە دەڵێن، بە جۆرێکی دیکە شەڕ بەڕێوەدەبات‌و پڕۆسەی پاکتاوکردن درێژەی هەیەو پەکەکەی لە چیاکانی کوردستان لە حاڵەتی بەرگریدا هێشتووەتەوە**

موراد قەرەیلان، سەرۆکی کۆماجڤاکێن کوردستان (KCK) بەرامبەر ئەو پرس‌و بابەتە بۆ ڕۆژنامە وتی: «دەوڵەتی تورک بەرامبەر ئەو سیاسەتەی پەیڕەوی دەکات هیچ جۆرە سەرکەوتنێکی بەدەستنەهێناوە»، ئەگەر قسەکردن لەسەر هێزە، ئەوا «تاکتیکی زیرەکانەی یەکە سەربازییەکانی ئێمە پێشکەوتووترە، ئەمە واقیعێکە کە ئێمە بەهەنگاوی عەمەلیی سەلماندومانە».

(پەکەکە) ساڵی (١٩٨٤) دەستی بە شەڕی چەکداریی کردووەو تا ساڵی (١٩٩٩) بەردەوام بووە، (١٥) ساڵ شەڕی چەکداریی کردووە، بەڵام لەسەر داوای عەبدوڵڵا ئۆجەلان، پەکەکە لە (٢ی ئابی ١٩٩٩)دا شەڕی چەکداریی کۆتایی پێهێناوەو چەندین ئاگربڕی ڕاگەیاندووەو هێزی چەکداریی ئەو سەردەمەیشی هەرماوە. بۆئەوەی ئەم گیروگرفتەش چارەسەربکات، چەندینجار چارەسەری جیاوازی بۆ دەوڵەتی تورکیا پێشنیازکردووە، قەرەیلان دەڵێت: «ئێمە هۆی ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە نین‌و نابین، هێرشە سەربازییەکانی تورکیا لێپرساون نەک ئێمە، هەمیشە سوپای تورک هێرش دەکات، ئێمە تەنها لەدژی ئەوەدا خۆدەپارێزین»، چونکە تورکیا هەر تەنها هەوڵی لەناوبردنی هێزەکانی ئێمە نادات لەکوردستانی تورکیا، بەڵکو «هەوڵی لەناوبردنی هەموو دەستکەوتەکانی کورد دەدات لەهەموو جێگایەک، لەبەرئەوە ئەو بڕیارانەی کە پێشتر داویانە، ئێستا جێبەجێیان دەکەن. «دەوڵەتی تورکیا ئامانجی هەر ئەوە نییە، کورد لەکوردستانی تورکیادا لەناوبەرێت، بەڵکو دەیەوێت ئیرادەی کورد لەبەشەکانی دیکەی کوردستانیش تێکبشکێنێت».

قەرەیلان ڕاشیگەیاند: دەمانەوێت ئامانجەکانمان نەک لە ڕێگای جەنگەوە، بەڵکو لە ڕێگای ئاشتییەوە بهێنینەدی، ئەمڕۆ دەربارەی جەنگ قسەدەکرێت لە کوردستان، ئەوە تەنیا لەسەر بناغەی بەرگریکردن لە کەرامەت‌و وجود ڕوودەدات، ئێمە هیچ بناغەیەکی دیکەمان نییە بۆ پەنابردنە بەر زەبروزەنگ، جگە لەوەش ئێمە بڕوامان بەوە نییە کە بەکارهێنانی زەبروزەنگ چارەسەری گیروگرفتە، ئێمە میللەتێکین کە خەباتێکی ڕەوا دەکەین لەپێناوی ئامانجەکاندا. ئەم خەباتە ڕەوایەو دەمانەوێت بە ڕێگا سیاسی‌و دیموکراتییەکان جێبەجێی بکەین، بەڵێ ئێمە هێزی چەکداریی بەرگریکارمان هەیە، ئەم چیایانەی ئێستا ئێمەی لێین، ئەمانە ئەو چیایانەن کە دەکەونە سێگۆشەی نێوان تورکیاو ئێران‌و عێراقەوە، لەسەدان ساڵەوە هیچ وڵاتێک نەیتوانیوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەم چیایانەدا بسەپێنێت، ئێمە (٢٥)ساڵە لەم ناوچەیەین.

سەرۆکی (kck) پێیوایە تورکیا نەک لەبەر پەکەکە، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا لەبەر هەرێمی کوردستان، دەیەوێت هێرش بهێنێت «ئامانجێکی دیکەی ئەم هێرشە ئەوەیە کە ڕێگا بگرێت لە گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر ناوچە کوردییەکان، ئەمە مانای ئەوەیە کە دەوڵەتی تورکیا نایەوێت کوردەکان ئیرادەو سیستمی تایبەت بەخۆیان هەبێت».

سەرۆکی کۆماجڤاکێن کوردستان،



موراد قەرەیلان

ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە کە حیزبەکەی خەریکی بازرگانیکردن بێت بە مادە هۆشبەرەکانەوەو دەڵێ: هیچ کەسێک کە خاوەنی ڕوحی بەرپرسیارێتی‌و مرۆیی بێت نە لە ئەمریکاو ئەوروپاو نە لەناو خودی حکومەتەکانیش باوەڕ ناکات، بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە ڕێبەرایەتیی ئەو بزووتنەوەیەی ئێمە بە بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکانەوە خەریک بێت.

قسە زیاتر دەکات لەوبارەیەوەو ئەوە دەخاتەڕوو «ئەمریکاو ئەوروپا لەهەر لایەک باشتر دەزانن کە ئێمە بەو جۆرە کارانەوە خەریک نین، بەپێچەوانەوە هەڵوێستمان لەبەرامبەر ئەوانەی بەو جۆرە کارانەوە خەریکن دیارە»، هەڵبەتە هەندێک کەسی کورد لەناو ئەو جۆرە کارانەدان، ئەمەش ڕاستییەکەو (PKK) بەشێوەیەکی نێگەتیڤ مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکات کەخەریکی ئەو جۆرە کارانەن. ئەوەش دەزانرێت کە «دەوڵەتی تورک گەنجان هاندەدات بۆ خەریک بوون بەو جۆرە کارەوە هەتا لە(PKK) نزیک نەبنەوە». لەو چوارچێوەیەدا نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە، گەنجانی بینگۆل تێکەڵی ئەم کارە بوون‌و گیرۆدەبوونیان بە مادەهۆشبەرەکانەوە. «ئەمە دەستی دەوڵەتی تێدایە، ئامانجیان ئەوەیە گەنجانی بینگۆل لە(PKK) دوور بکەونەوە، دەوڵەت چاوپۆشی لەبازرگانیکردن بە مادەهۆشبەرەکانەوە کردووە». ئەگەر پێویست بکرێت لەسەر بەکارهێنان‌و قاچاخچێتی پێکردن بە مادەهۆشبەرەکان تاوانبارێک هەبێت‌و لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، «دەبێت تورکیاو ئێران بن‌و ترافیکی هێنان‌و بردنی مادەهۆشبەرەکان ئەو دوو وڵاتەن‌و چاویش دەگرن لە بازرگان‌و قاچاخچییەکان».

ئەمڕۆ لە خۆرهەڵاتی ناویندا کورد بووەتە هێزێکی سیاسیی، لەناو ئەم هێزەدا(PKK)ش شوێنێکی گرنگی هەیەو پەیوەندی نێوان کوردانیش بەتایبەتی تادێت ڕێکتر دەبێت. ئەمەش کوردان لە لایەنی سیاسی بەهێز دەکات‌و زیاتر دەبنە جێگای سەرنجی دەوروبەر، (PKK) هێزێکە بەهەند وەردەگیرێت، بەڵام هەتا ئێستا ئەمریکاو ئەوروپا هاوکار نابن بۆ ئەوەی لە لایەن تورکیاوە هەنگاو بنرێت بۆ چارەسەری پرسی کورد، ئەگەر نکۆڵی لە هەبوونی کێشەکە ناکەن، بەڵام چەمکی چارەسەر ئامێزیشیان نییەو لە ڕەوشی ئێستا گرنگی بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا دەدەن، تورکیا خۆی بووەتە پارچەیەک لەسیاسەتی ئەو هێزانەو دەخوازێت، بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لەناو ببات، سیاسەتی بەکارهێنانی ئەو هێزانەیان لەبەرامبەر یەکتردا هەیە. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر ئەمریکاو ئەوروپا نەشخوازن بەتەواوی(PKK) بکەنە دوژمنی خۆیان، ئەوا لە ئاستێکی دیاریکراودا فشارو ئابڵۆقەی سیاسییان دەبینرێت. ئەمریکاو ئەوروپا هەتا ئاستێک سیاسەتی دڵخۆشکردنی تورکیا بەڕێوەدەبەن‌و لە دەستی خۆیاندایە، بەشێکیشی لەدەست خۆیاندا نییە، لەبەر ئەمەش هەموو ئەو داواکارییانەی تورکیا دەیەوێت سەبارەت بە(PKK) جێبەجێی ناکەن، هەربۆیە لەبواری هەواڵگری، تەکنیکی سەربازیی‌و یارمەتی سیاسیدا هاوکاری دەدەنە تورکیا، لە قۆناغی داهاتوودا سیاسەتی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ڕۆژڤی تورکیادا نییە. لەماوەی داهاتوودا دەوڵەتی تورک هێرشی سەربازی‌و سیاسی زیاد دەکات‌و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردیش بە بەرخودان لەبەرامبەر پیلانی پاکتاوکاریدا ڕادەوەستێت. لە کوردستان چارەسەری ئەوکاتە دێتە ڕۆژەڤەوە کە ئەو سیاسەتە پاکتاوکارییانە پووچەڵ ببنەوە.

قەرەیلان، دەڵێ: ماوە ماوە سەرکردەکانی یەکێتی‌و پارتی لێدوان دەدەن، گوایە سەردەمی خەباتی چەکداریی بەسەر چووە یان (PKK) چەک دابنێت، بیروبۆچوونەکانی(PKK) سەبارەت بە شەڕو ئاشتی دەزانرێن. لە دەرەوەی پاراستنی ڕەوا هێزی چەکدار بەکارهێنان، بە نزیک بوونێکی چەوتی دادەنێت. دەخوازێت کێشە سیاسییەکان بە شێوازی سیاسەتی دیموکراتییانە چارەسەر بکرێن. «ئێمە پارتێکی شەڕکار نین، بۆ ئەوەش نەهاتووینەتە بوون، لە خۆرهەڵاتی ناوین پارتێکی ئەوەندەی (PKK) خاوەنی کاراکتەری سیاسی‌و ئایدیۆلۆژی‌و ڕێکخستن نییە».

لەڕاستیدا پارتەکانی باشووروردەوروبەرە پەیوەندیدارەکان نزیکایەتییەکانمان زۆر باش دەزانن. لەبەرئەوە ماوە ماوە هەندێک قسە دەکەن‌و دەزانن لە کوێ سەرچاوە دەگرن‌و بە چ ئامانجێکیشەوە دەوترێن، خەڵکی باشووری کوردستان‌و هێزە سیاسییەکان ئەوە باش دەزانن‌و ژیان دەکەن ئەگەر تورکیا(PKK) لەناو ببات، ئەو کاتە پێگەی سەربازیی‌و سیاسییان بەهێز دەبێت‌و ئەگەر (PKK) لەناو بچێت‌و پێگەی تورکیا بەهێز ببێت، فشارەکانیان بۆ سەر باشووری کوردستان زیاد دەکەن، هەتا ئەگەر تورکیایەک لە(PKK)ش ڕزگار ببێت پێگەی ئەمریکاو ئەوروپا بەهێز دەبێت، دەڵێن، چیمان بوێت دەیکەین، بۆچوونێکی وا جێگای باس دەبێت.

قەرەیلان دەڵێ: بڕوا ناکەم هێزەکانی باشوور ئەو نیازەو ئەو ڕاستییە نەزانن، بۆیە دەتوانین بڵێین، هەندێک لێدوانی چەوتی هێزەکانی باشوور هەن جەسارەت دەدا بە تورکیا. ماوە ماوە لە دەرەوەی ئەو گرژییانەی کە ڕوودەدەن، دەبینرێت هێزەکانی باشووری کوردستان بەسەرنجەوە بەردەوامی بەپەیوەندییەکەیان دەدەن لەگەڵ تورکیا. لەبەر ئەمە هێزەکانی باشووری کوردستان، کاتێک پرسی کورد لە باکووری کوردستاندا چارەسەر نەبێت مافی خۆیانە بە گومانەوە نزیکی تورکیا ببنەوە، لە بابەت سیاسەتەکانی هەستیار بن.

بەلای ئێمەشەوە دەتوانرێت ئەوەی ڕاستەو ئەوەی پێویستە پێکبهێنرێت، ئێمە وەک ئەوەی پێشتریش ڕامانگەیاندوە، لەدژی ئەوە نین هێزەکانی باشوور پەیوەندی لەگەڵ تورکیا دروست بکەن. پێشخستنی پەیوەندیی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتوری گرنگە. هەڵبەتە بێزارین لەمەسەلەی پەیوەندیی باوی کۆمەڵایەتی‌و کلتوری چەوت، بێبایەخی دەبینین. لەوانەیە پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی تورکیاو هێزەکانی باشووری کوردستان، ببێتە زەمینێک بۆ پێشخستنی پەیوەندیی کوردی باشوورو باکوور، تەنها با پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا خزمەت بە سیاسەتەکانی فشار دروستکردن بۆ سەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد نەکات. خەڵکی باکووری کوردستان بەردەوام لە دژی ئەو پەیوەندییە سیاسییانە دەرکەوتووە کە لە دژی بەرژەوەندییەکانی بونیاد بنرێت، تورکیا چەندین ساڵە هەموو هەوڵو ئیش‌و کاری خۆی کردووەتە ئەوە کە هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان‌و (PKK) بهێنێتە بەرامبەر یەکتری.

ئامانجی سەرەکی لەم پەیوەندییەی تورکیا کە لەگەڵ ئەمریکاش دروستی کردووە ئەوەیە، لە ڕێگای ئەمریکاوە فشار دروست بکات‌و هێزەکانی باشووری کوردستانیش لە دژی بزووتنەوەکەمان بخاتە جووڵە. هێزەسیاسییەکانی باشووری کوردستانیش بەلای کەمەوە ئەم ڕاستییانە بەقەدەر ئێمە دەزانن.

قەرەیلان وتیشی: «ئێمە وا بیردەکەینەوە، کاتێک یەکێتی نێوان کوردان هەبێت پێگەی کورد لەبەرامبەر هەر هێزێکی سیاسی زیاتر بەهێز دەبێت، ئەگەر تورکیا لە زاپ سەربکەوتایە، ئەوا فشاری سیاسیی خۆی لەسەر هێزەکانی باشووری کوردستان دروستدەکرد. ئێستا لە ڕێگەی فشارەوە نا، بەڵکو لە ڕێگەی پەیوەندییەکانەوە هێزەکانی باشووری کوردستان هەڵوێستی نێگەتیڤیان لە دژی ئێمە دەبێت کە ئاڕاستەکردنەکانی بەقامچی سیاسییە، تورکیا ئامانجیەتی لە ڕێگەی ئەمریکاوە هێزەکانی باشوور تەنگاو بکات‌و لەگەڵ(PKK) ڕووبەڕووی یەکتریان بکاتەوە. ئامانجی ئەم دواییانەی زیاتر نزیکبوونەوەی لە سیاسەتەکانی ئەمریکاو جێبەجێکردنی فشاری زیاتر لەلایەن ئەمریکاوە لە ڕێگای هێزەکانی باشووری کوردستانەوە. پێویستە هێزەکانی باشووری کوردستان زیاتر هەستیاریی نیشان بدەن، چونکە دوای ئەوەی تورکیا(PKK)ی بێکاریگەر کرد، ئەوانیش بۆخۆی بەکاردەهێنێت‌و فشار دەخاتە سەر باشووری کوردستان، لەم بارەیەشەوە دیار دەبێت‌و دەخوازن خۆیان بگەیەننە پێگەیەکی بەهێز، کاتێک تورکیا باسی ڕێکەوتنی ستراتیژیی دەکات، لە ڕاستیدا دەیەوێت هێزەکانی باشووری کوردستان لە دژی (PKK) بداتە شەڕپێکردن. لە ڕووی تورکیاوە هۆی کردنی ئەو ڕێکەوتنانە، کۆسپنانەوەیە لە پێش ناسنامەی گەلی کورد، زمانەکەیان، کلتوور، چاوەڕێ دەکەین هێزەکانی باشووری کوردستان نەبنە ئامێری گەمەیەکی لەو جۆرە.

موراد قەرەیلان پێیوایە «ڕووی(AKP) لەباکووری کوردستان ڕیسوا بووە، لەبەرئەوەی (AKP) لە باکوور ناچارە بەرامبەر کوردان داخوازییەکانیان پێکبهێنێت‌و لەبەرامبەر باشووری کوردستانیش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هێشتا لەم بابەتە نزیکایەتی نەفام بەردەوام دەکەن».

سەرۆکی (KCk) لەوبارەیەوە زۆرتر بۆچوونەکانی ڕووندەکاتەوەو باس لەوەدەکات، ئەگەر هێشتا لە تورکیا سیاسەتی نکۆڵیکار هەیە(AKP) وەکو حکومەت پێکهێنەری ئەمەیە. ئەمە ئاشکرایە سیاسەتی نکۆڵیکار سەرەتا لە باشووری کوردستان دواتریش هەموو کوردستان دەخاتە ناوخۆی. تورکیا ئەوەی لەبەرامبەر کوردان دەیکات تەنها بۆ خۆی نییە، بە ناوی هەموو هێزە داگیرکەرو نکۆڵیکارەکانەوە دەیکات. ئەو کاتەی لە باکووری کوردستان چارەسەر نەبووبێت عەقڵییەت‌و سیاسەت‌و پراکتیکی تورکیا ئاشکرایە کە ڕاستییەکەی بەو شێوەیەیە، ئەوەی لە کاتێکی نزیکدا دەبێتە سەرۆکی ئەرکانی گشتیی ئیلکەر باشبوغ، ماوەیەکی کورت پێش ئێستا وتبووی، «مەترسی هەرە گەورە فدراسیۆنی کوردە لە سەر سنوورەکەمان». دیسان ئیلکەر باشبوغ هەڕەشەکانی فراوان دەکردو دەیوت، ئەگەر ئەمریکا هاوکاری ئێمە وەرنەگرێت ئاسایش لە عێراقدا دروست نابێت، پێویستە داخوازییەکانمان جێبەجێبکرێن. سەرەتا جەلال تاڵەبانی‌و هەموو سەرۆکی کوردان پێویستە ئەو ڕاستییە بزانن‌و بەگوێرەی ئەمەش جموجۆڵ بکەن.

قەرەیلان بە پێویستی دەزانێت هیچ کوردێک‌و سەرۆکێکی کورد نەبێتە ئامێرێک لەلایەن «هێزە داگیرکەر»و نکۆڵیکارەکانەوە لەناوخۆولەدەرەوەبۆخنکاندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بەکاربهێنرێت، بەدەستی نزیکایەتیەکانی(AKP). ئەو ئاگرەی کە تورکیا نەیتوانیوە بەدەستی خۆی هەڵیبگرێت، کاردەکات بۆ ئەوەی بەگوێرەی خۆی بەکوردانی بداتە هەڵگرتن. کوردێکی زۆر ئاسایی کە هیچ لە سیاسەت تێناگات، بەڵام ئەم ڕاستییە زۆر باش تێگەیشتووە، سەرۆکایەتیی کورد لە باشوور کە خاوەن ئەزموون لە سیاسەتدا ئەمە زۆر باشتر تێدەگەن، دەڵێن، لەسەر کوردانی باشوور فشار دروست بووە، ئینجا ئەگەر لەسەر فشارەکانی (PKK) بیری لێبکەینەوە ناتوانین بڵێین، ئەو فشارانە زۆرن‌و گرانن. ئەو فشارانەی (PKK) ڕووبەڕووی بووەتەوەو ئەم فشارانەی ئێستا هەن، دەتوانێت بە ئاسایی ڕووبەڕوویان ببێتەوە. ئەگەر (PKK) لەبەرامبەر شەڕێکی زۆر سەخت بەرخودان دەکات، واز لە سیاسەتەکانی ناهێنێت، هێزەکانی باشووری کوردستان ئاسانتر دەتوانن ئەمە پێکبهێنن، وەکو ئەوەی دەچنە سەر (PKK) ناتوانن بچنە سەر هێزەکانی باشووری کوردستان. ئەگەر هێرشێک بکرێتە سەر باشووری کوردستان، هەموو کورد هەستیاری نیشاندەدەن. هێزەکانی باشوور پێویستە هەستیار بن لەبەرامبەر هەر هێرش‌و پلانێک کە بکرێتە سەر تێکۆشانی ئازادیخوازی کورد، ئەگەر هێزەکانی باشووری کوردستان، ببنە ئامێری ئەو سیاسەتانەی لە دژی (PKK)بەکاردێن ئەوا لە هاوکاریی بنچیەیەی گەلی کورد کەم دەبێتەوەو لقی داری ژێر خۆیان دەبڕن. پێویستە هێزەکانی باشووری کوردستان بە قسەو هەڵویستەکانیان نیشانی هەر کەسێکی بدەن کە لەوانە نییە بتوانن کوردان بەرامبەر یەکتری بەکار بهێنن.

موراد قەرەیلان سەبارەت بە ڕۆیشتنی گروپی ئاشتی بۆ تورکیا وتی: «لەسەر ئەساسی پێشنیازی ڕێبەر ئاپۆ بووەو ئێمەش وەکو بزووتنەوە ئەو پێشنیازەمان بەباش زانیوەو وەکو بەرپرسیاریەتێکی ئەخلاقی، پێویستییەکانی بەجێدەهێنین‌و هەروا کە ماوەیەکی درێژە قۆناغێکی بێچالاکیمان هەڵبژاردووەو یەک لایەنەش ئاگربەستمان ڕاگەیاندووە، ئەوە لەحاڵێکدا کە دەوڵەت‌و ئەرتەشی تورکیا بۆ ساتێکیش ئۆپەراسیۆنەکانیان لەبەرامبەر بەگەل‌و گەریلا ڕانەگرتووەو لە هەوڵی پاکتاوکاری‌و لەناوبردندان. پێویستە هەر کەسیش‌و بە تایبەت گەلەکەمان ئەو ڕاستییە باش بزانێت، «چوونی گروپی ئاشتی لەبەر ئەوە نییە کە ڕەوشی تورکیا گۆڕاوەو هەلومەرج لەبارە، بەڵکو بۆ کردنەوەی دەرگای دیالۆگو ئاواکردنی کەشوهەوایەکی نەرمە بۆ چارەسەرێکی ئاشتییانە، هیوادارین کە دەوڵەتیش بە ئەرێنی هەڵسوکەوت بکات».

# ـــــەرکردنی ململانێ سیاسییەکان



لەکاتێکدایە، کە لە (٢٠٠٤)ەوە ئامادەکاریی بۆ دەکرێت.

ئەڵماس فازڵ، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لەسەر لیستی برایەتی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە ڕووی یاساییەوە، پرۆسەی سەرژمێریی‌و ئامارو ژمارەلێدان، بۆ ئەوەیە، بزانرێت هـەر گـەڕەکو کۆڵانێک ژمـارەی دانیشتووانی چەندەو چەندی کوردو عەرەبە، لە ڕووی سیاسییەوە مەسەلەیەکی هەستیارە بۆ شـاری کەرکوک، چونکە ئەو کەسانەی ئێستا لە کەرکوک سەرژمێریی نەکرێن، ناکرێت بە کەرکوکی دابنرێن، چونکە جگە لەوەی سنوورەکان دیاریدەکات، پێکهاتەی خەڵکەکانیش دیاریدەکات، کە لە گەڕەکەکاندا دانیشتوون.

سەبارەت بە گرنگی پرۆسەکە بۆ کەرکوکیش وتی: «ڕۆژانـە بانگەشەی ئەوە دەکەین، کە کەرکوک کوردستانییە، لە ڕووی سیاسییەوە زۆر گرنگە، کە بزانین ڕێژەی تەواوی کورد چەندە، تا بیسەلمێنین کەرکوک کوردستانییە، بەوەی کە زۆرینەی دانیشتووانە ڕەسەنەکەی کوردەو دەکرێت چارەنووسە سیاسییەکان، یەکێک لەوانە مەسەلەی ڕاپرسیی بڕیاری لەسەر بدرێت».

ئەندامە کوردەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کـەرکـوک بـە پێویستیشی زانـی هەموو کەرکوکییەکان لـە کـەرکـوک بەشداریی سەرژمێریی بکەن، ئەگەرنا ئاسەواریان دەسڕێتەوە: «وەکو لیستی برایەتی پشتگیریی پرۆسەکە دەکەین‌و خۆمان داوامانکردووە، نابێت بهێڵین هەموو پرۆسەیەکی سیاسیی لەم شارە فەشەل بهێنێت، ئەگەر کەرکوک بەدەربێت لە هەموو پرۆسەیەکی دیموکراسیی‌و سیاسیی، ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە بە دەستی خۆمان کێشەکان ئاڵۆز دەکەین».

سەبارەت بەوەی ئەنجامدانی سەرژمێریی چەند خزمەت بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) دەکـات، کە یەکێک لە هەنگاوەکانی مادەکە ئەنجامدانی سەرژمێرییە، ئەڵماس فازڵ وتی: «سەرژمێریی دەبێتە بنەمایەک بۆ زانینی ڕاستییەکان، تا بزانرێت نەتەوەکان چەند بوونیان هەیە لە کەرکوک، هەروەک دەبێتە بنەمایەک بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی کە دەدرێتە پاڵ ئاوارە گەڕاوەکان، بەوەی خەڵکی تورکیاو ئێرانن‌و کەرکوکی نین، بەپێی ناسنامەکانیان‌و سەرژمێریی ساڵی (١٩٥٧)، هەروەها ئەوە دەسەلمێنێت ئەو خەڵکانەی کە ڕاگوێزراون زەرەرمـەنـدبـوون، دەبێتە بنەمایەکیش بۆ داکۆکیکردن لەسەر کۆی مەسەلە سیاسیی‌و دەستووریی‌و یاساییەکان».

# لەسەر ڕاپرسییەکەی کەرکوک

# (٩) بەڕێوەبەرو فەرمانبەر سزادران

کەرکوک — ئارام جەمال

لەسەر ئەو ڕاپرسییەی لە مانگی ئـازاری ئەمساڵدا بۆ کوردستانییەتی کەرکوک بەڕێوەچوو، وەزارەتی شارەوانی‌و ئەشغاڵی گشتیی عێراق بە فەرمانێکی وەزاریی (٩) بەڕێوەبەرو فەرمانبەری پلەجیاواز سزا دەدات‌و بەڕێوەبەری شارەوانیی کەرکوکیش بڕیارەکە بە سیاسیی‌و لە دژی کورد وەسفدەکات‌و ئامادەنییە بۆ لەمەودوا مامەڵە لەگەڵ نووسینگەی پشکنەری کەرکوک بکات.

بە بڕیاری ژمارە (٧٨٥٨)ی (٢٠٠٩/١٠/٤)ی نووسینگەی پشکنەری گشتیی لە وەزارەتـی شارەوانی‌و ئەشغاڵی گشتیی حکومەتی عێراق، کە وێنەیەکی دەسـت ڕۆژنـامـە کـەوتـووە، بە تۆمەتی ڕێگەدان‌و ئەنجامدانی کاری سیاسیی‌و دابەشکردن‌و پڕکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسیی بۆ هەوڵی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستان لەناو فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتدا لە شاری کەرکوک، وەزارەتی ناوبراو سزای سەرنجڕاکێشانی بۆ بەڕێوەبەرانی شارەوانیی کەرکوک‌و ئاو و ئـاوەڕۆی کەرکوک دەرکـردووەو هەروەها (٦) فەرمانبەری سەر بە هەردوو فەرمانگەی ناوبراو بە ئاگادارکردنەوە سزا دراون‌و فەرمانبەرێکی دیکەش بە (١٠) ڕۆژ بڕینی مووچەکەی سزدراوە.

بڕیارەکە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەش‌و فەرمانگەکانی وەزاتی ناوبراو کراوە بۆ کارپێکردنی‌و ئیمزای یەڵماز شەهباز عەباس بەڕێوەبەری پشکنەری گشتیی بە وەکالەت، لەسەرە.

لە بەرامبەر ئەو بڕیارەشدا بەڕێوەبەری شارەوانیی کەرکوک ڕەتیدەکاتەوە، کە ئەوان بەو کارە هەڵسابن‌و بڕیارەکەی بە سیاسیی‌و لە دژی کورد لە قەڵەمدا، لەوبارەیەوە ئەندازیار جەمال شکور بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە مانگی (٣)ی ئەمساڵدا کاتێک ڕاپرسی بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستان ئەنجامدرا، منیش‌و هیچکام لە بەڕێوەبەرەکانی شاری کەرکوک ڕێگەمان بەو کارە نەداوە لە فەرمانگەکاندا ئەنجامبدرێت، هەروەها لە مانگی تەممووزیشدا کاتێک نووسینگەی پشکنەری کەرکوک لەسەر سکاڵای ژمارەیەک عەرەب‌و تورکمان لێکۆڵینەوەی لەگەڵماندا کرد، ڕاستی قسەی خۆمان سەلماندو هیچ بەڵگەیەک بۆ تێوەگلانمان لە بەردەستی لیژنەکەدا نەبوو».
وتیشی: «بڕیارەکە بڕیارێکی سیاسیی‌و لە دژی کوردەو ئەو کارەش یەکەم کاری ئەو لیژنەیە نییە، کە بەناهەق‌و بەبێ بەڵگە لە دژی بەرپرسانی کوردو فەرمانبەرانی کوردی کەرکوک دەریدەکەن».

لە بارەی پێکهاتەی نووسینگەی پشکنەری کەرکوکیشەوە، جەمال شکور دەڵێت: «ئەو لیژنەیە تەنیا لە یەک نەتەوەی دیاریکراو و یەک حیزبی سیاسیی پێکهاتووەو سەرجەم کارەکانیشیان لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی نەتەوەو حیزبەکەی خۆیانەو لە دژی کورد کار دەکەن، لە ڕابردووشدا چەند جارێک بەڕێوەبەرە کوردەکان ئیمزامان بۆ دەستکاریکردنی ئەو لیژنەیە کۆکردووەتەوە، بەڵام پارێزگارو سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک کاریان لەسەر داواکەمان نەکردووە».
ڕاشیگەیاند: «تاکو دەستکاریی پێکهاتەی لیژنەکە نەکرێت، ئامادەنیم مامەڵەیان لەگەڵدا بکەم‌و ئەو بڕیارەشی کە لە دژی ئێمە دەریانکردووە، نایاسایی‌و نائیدارییەو ئامانجی سیاسیی لەپشتەوەیەو بەهیچ شێوەیەک پێوەی وابەستە نابین».

هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ گەڕانەوەی کـەرکـوک بۆ سـەر هەرێمی کـوردسـتـان، لە مانگی ئـازاری ئەمساڵدا لەلایەن ژمارەیەک لە ڕێکخراوە جەماوەریی‌و دیموکراتییەکانی پارتە کوردییەکانەوە لە شاری کەرکوک ئەنجامدراو بـووە مایەی نیگەرانیی بەشێک لە عـەرەب‌و تورکمانەکانی شارەکەو لەسەر سکاڵای ئەوانیش لە مانگی تەمموزی ئەمساڵدا لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەرو فەرمانبەرانەی بە ئەنجامدانی ئەو ڕاپرسییە لەناو فەرمانگەکانیاندا تۆمەتباربوون، پێکهێنراو ئەم بڕیارەش ئەنجامی کاری ئەو لیژنەیە بوو.



## هەواڵی ناوچە جێناکۆکەکان

### نەزاهە هەڕەشە لە نجێفی دەکات

دەستەی نەزاهەی عێراق بە نووسراوی ژمارە (٤٢٤١) لە (٢٠٠٩/١٠/١٢) ئاگاداری ئەسیل نجێفی پارێزگاری موسڵ دەکاتەوە، کە بەر لە ڕۆژی (١١/١) فۆرمی ئاشکراکردنی سامانەکانی ئاراستەی دەستەکە بکات، ئەگەرنا ناچارن بە پێی پاشکۆی (ا) لە ڕاپۆرتی ساڵانەی دارایی لە کارەکانی بووەستێنن.

ئەمە لە کاتێکدا پێشتر هەمان دەستە بە نووسراوێکی دیکە ژمارەو (٩٦٠) لە (٢٠٠٩/٧/١) داوایان لە پارێزگاری موسڵ کردووە، لە ماوەی (٦٠) ڕۆژداو تا (٢٠٠٩/٩/١) فۆرمی تایبەتی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکانی بۆ دەستەکە بنێرێت.



### برایەتی ئیدارەی ناوچەکانی دەکات

وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا ڕایگەیاند: لیستەکەیان بڕیاریداوە نووسینگەیەک لە شارۆچکەی بەعشیقەی سەر بە پارێزگای موسڵ بکاتەوە بۆ سەرپەرشتیکردن‌و ئیدارەدانی ئەو (١٦) یەکە ئیدارییەی، کە بایکۆتی ئیدارەی نوێی موسڵیان کردووە، هەروەک بڕیاریاندا بە دامەزراندنی سێ لیژنەی تایبەت بە (پەروەردە بۆ چاودێریی زمانی کوردی، لیژنەی چاودێریی‌و خزمەتگوزاریی، بۆ ئاگاداربوون لە چۆنێتی خەرجکردنی ئەو بودجەیەی لە بەغداوە بۆ موسڵ دێت، هەروەها لیژنەی یاسایی‌و ڕاگەیاندن).

### هەرکی، لیستەکەی ڕاگەیاند

ڕۆژی (١٠/٢٤) لە ناحیەی بەرتڵەی سەر بە پارێزگای موسڵ، جەوهەر هەرکی، سەرۆکی عەشیرەتی هەرکی بە بەشداریی ژمارەیەک هۆزو عەشیرەتی عەرەبی‌و کوردی، لیستەکەی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕاگەیاند، بە ناوی لیستی (هەموو عێراقییەکان).

هەرکی بە ئاژانسی ئەسواتولعێراقی ڕاگەیاند: «عەشیرەتە عەرەبەکانی حـەدیـدی‌و جبورو عەگیدات‌و ڕاشیدین‌و سەبعاوی‌و وەتی‌و عەشیرەتە کوردەکانی زێباری‌و هەرکی‌و سورچی‌و مزوری‌و شێخکی‌و سلیفانی‌و بریفکانی، بەشدارن لە پێکهێنانی لیستەکەیدا».

### سەڵاحەدین‌و نەینەوا (٢٦) لیستیان هەیە

(٢٦) کیان‌و قەوارەی سیاسیی ناوی خۆیان لای کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تـۆمـارکـردووە، بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراقدا.

کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە سەڵاحەدین ڕایگەیاند: (٦) کیانی سیاسیی ناوی خۆیان تۆمارکردووەو بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان‌و بە گوێرەی لێدوانی بەرپرسی نووسینگەی نەینەوای کۆمسیۆنیش لە سنووری پارێزگەکەدا (٢٠) کیانی سیاسیی پەسەندکراون بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا.

### (٧٠٠٠) چەکی قەرەبوو گەیشتە کەرکوک

کاکەڕەش سدیق بەڕێوەبەری ئۆفیسی کەرکوکی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) ڕایگەیاند: (٧ هەزار) چەکی قەرەبووی ئاوارەکان گەیشتوونەتە نووسینگەکەیان‌و بەسەر قۆناغەکانی (١٥،١٦،١٧،١٨،١٩،٢٠) دابەشدەکرێن‌و ڕۆژانە (٧٠٠ بۆ ٨٠٠) دابەشدەکرێن.

وتیشی: «بـڕی (٧٠) ملیار دینار بۆ ئـەم قۆناغەی قەرەبووکردنەوەی مادەی (١٤٠) تەرخانکراوەو تائێستاش (١٩٣٠٢) مامەڵەی ئاوارەکان گەیشتووەتە ئۆفیسی کەرکوک‌و چەکی قەرەبووکردنەوەی (١٠٩٠٠) خێزانی هـاوردەش دابەشکراوە».

ئا: بەهادین یوسف



## (ناوم بنووسە منیش کەرکوکیم)

# سەرژمێریی کەرکوک دەبێتە بنەمایەک بۆ مادەی (١٤٠)و چارەسـ

بەهادین یوسف

**قۆناغی سەرەکی پرۆسەی سەرژمێریی لە عێراقدا دەستیپێکردووە، بەلای چاودێرانیشەوە پرۆسەکە گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ کەرکوک، بەوپێیەی دەبێتە بنەمایەک بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و لە رووی سیاسیی‌و دەستووریشەوە گرنگە بۆ چارەسەرکردنی ململانێ‌و ناکۆکییەکان لە نێوان پێکهاتەکانی پارێزگاکەدا.**

لە رۆژی (٢٠٠٩/١٠/٦)وە قۆناغی یەکەمی پرۆسەی سەرژمێریی لە کەرکوک دەستیپێکردووە، کە ئەویش قۆناغی گـەمـارۆدان‌و ئەژمارکردنی شەقام‌و گەڕەکەکانە، قۆناغی دووەمیش لە رۆژانی (١٣-٢٠٠٩/١٠/٢٠) ئەنجامدرا، کە بۆ هەر گەڕەکێک تیمێکی گەورە دەستنیشانکرابوو، دابـەشـکـران بـەسـەر (١٩٧) گەڕەکی شارەکەداو لە رۆژانی (٢١-٢٠٠٩/١٠/٣٠) بۆ مـاوەی (٩) رۆژ قۆناغی سەرەکیی پـرۆسـەی سـەرژمـێـریـی لـە کەرکوک دەستپێدەکات، کە قۆناغی پڕکردنەوەی فۆڕمی ماڵانە.

عەدنان زەباب بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاماری کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «دوای تەواوبوونی دوو قۆناغی سەرەتای پرۆسەکە، قۆناغی سێیەم دەستپێدەکات، کە ئەویش قۆناغی پڕکردنەوەی فۆڕمی ماڵان‌و خاوەنی بیناو ماڵ‌و دوکانەکانە، ئەم قۆناغە قۆناغێکی گرنگە، بەوپێیەی دەبێتە بناغەیەکی باش بۆ قۆناغی کۆتایی، کە سەرژمێریی دانیشتووانە، بە تەواوبوونی قۆناغی سێیەمیش نزیکەی (٩٠٪)ی پرۆسەکە تەواو دەبێت».

لەلایەکی دیکەوە کەمپەینی پشتیوانی لـە سـەرژمـێـریـی کـەرکـوک، کـە وەک پاڵپشتی‌و هاندانێک بۆ پرۆسەکە بە ناوی (دەگەڕێینەوە) دروست بووەو داوا لە هەموو هاوڵاتییانی شاری کەرکوکو بە تایبەتی ئاوارەکانی کەرکوک دەکات، کە بە گەرمییەوە بەشداریی پرۆسەکە بکەن.

لە بەیاننامەیەکدا، کە رۆژی (١٠/٢٥) بـڵاویـانـکـردووەتـەوەو وێنەیەکی لای رۆژنـامـەیـە، هـاتـووە لـە ساتەوەختی سەرگەرمی تۆمارکردن‌و ئامادەکردنی سەرژمێریی گشتیی لە عێراق‌و کوردستان بەتایبەتی لە شاری کەرکوکو هەموو ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە لە رێکەوتی (٢١-٢٠٠٩/١٠/٣٠) پێویستە هانی خەڵکی شارەکانی کەرکوکو موسڵ‌و خانەقین‌و مەخموورو دوبزو خورماتوو شەنگاربدەین، کە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی زێدی باووباپیرانیان‌و لەوێوە ئایندەی ماڵ‌و منداڵی خۆیان مسۆگەر بکەن.

ئەسعەد جەباری ئەندامی کەمپەینی پشتیوانی لە سەرژمێریی کەرکوک لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە (٣٠) ساڵی رابـردوودا بەعەرەبکردن‌و دەرکـــردن‌و بە بەعسیکردن‌و هەموو هەوڵەکانی سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزیی شارەکەی ژێرەوژوور کردووە، بۆ سڕینەوەی هەموو ئەو ئاسەوارانە پێویستە خەڵکی شاری کەرکوک بە هەموو قەزاو ناحیەو گوندەکانییەوە بەشداریی لەو سەرژمێرییەدا بکەن، بۆ سڕینەوەی هەموو ئەو ئاسەوارانەو گرنگی پرۆسەکەش لەوەدایە، کە دەبێتە بنەمایەک بۆ ئێستاو ئایندەو بۆ پشتیوانیکردن لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)».

جەباری ئاماژە بەوەشدەکات: «خەڵکی شاری کەرکوک لە رابردوودا زۆر ئازارو ئەشکەنجەیان بینیووە لەسەر دەستی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان، ئەمڕۆ بە ئازادیی خۆیان ماڵ بەماڵ تیمەکانی سـەرژمـێـریـی دەگـەڕێـن بـێ تـرس‌و کاریگەریی دەبێت لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بڕیـاری (١٩٨)و بڕیارەکانی دیکەی حکومەتی بەعس، کە بە زۆر خەڵکیان لە کوردەوە دەکردە عەرەب، ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ ئایندەی خەڵکی شاری کەرکوک تا بگەڕێتەوە سەر ئەسڵەکەی خۆی وەکو کوردێک ناوی خۆی بنووسێت».

دەربـارەی گرنگی سەرژمێرییەکە بۆ خەڵکی کەرکوکو بەتایبەتی نەتەوەی کورد، ئەندامەکەی کەمپەینی پشتگیریی لە سەرژمێریی کەرکوک وتی: «شەڕی مـان‌و نەمانی کـورد لەگەڵ مەرکەزدا بۆ ئـەوە بـووە، کە مافە نەتەوەییەکانی وەدەستبێنێتەوە، بەتایبەت بۆ شاری کەرکوک، بەم سەرژمێرییەش ئەوە بۆ هەموو نەتەوەکان ئاشکرا دەبێت، کە رێژەو ئاماریان چەندەو ئەم سەرژمێرییە دەبێتە بنەمایەکی سیاسی‌و ئیداریی‌و کۆمەڵایەتی بۆ هەر بڕیارێک، کە لە ئایندەدا بدرێت».

لە ئێستادا پرۆسەی ژمارەلێدان‌و گەمارۆسازیی لە ناوچە کێشەلەسەرەکان‌و پارێزگای کـەرکـوک، بەهەمانشێوەی پارێزگاکانی دیکەی عیراق بەردەوامە، بەڵام بڕیارە بۆ رۆژی سەرژمێریی گشتیی، کە هەر تیمێک لە تەنیا کەسێک پێکدێت، لە پارێزگای کەرکوک ئەو تیمە لە سێ کەس پێکبێت، کە لە هەرسێ نەتەوەکەی کەرکوکە (کـورد، عـەرەب، تورکمان)، ئەمەش بۆ ئەوەیە، کە هیچ کام لە نەتەوەکانی کەرکوک گلەییان لە ئەنجامی سەرژمێرییەکە نەبێت‌و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش بە گومانەوە نەڕوانێتە ئەنجامەکان.

دوای کۆتایهاتنی قۆناغی سەرەکی سەرژمێریی، رۆژانی (١١/٥ بۆ ٢٠٠٩/١٢/٥) قۆناغی گەمارۆدان‌و سەرژمێریی گوندەکانە لە سەرتاسەری عێراقدا، لەوبارەیەوە ئەسعەد جەباری بە پێویستی دەزانێت دانیشتووانی هەموو گوندەکان‌و بەتایبەتی سنووری پارێزگای کەرکوکو ناوچە کێشەلەسەرەکان بەشداریی بکەن، بەوپێیەی بە وتەی ئەو: «ناوی گوندەکانیان بخەنەوە ناو فایلی دیکۆمێنتەکانی دەوڵەتەوە».

بەپێی ستانداردی جیهانی هەر (١٠) ساڵ جارێک سەرژمێریی گشتیی ئەنجامدەدرێت‌و تائێستا (٨) جار لە عێراقدا سـازدراوەو (لـە ساڵانی ١٩٢٧، ١٩٣٤و ١٩٤٧، لە ١٩٥٧)دا بەڕێوەبەرێتی گشتیی رەگەزنامە سەرژمێرییەکی ئەنجامداوە، کە بە باشترین سەرژمێریی لەو کاتانەدا دەژمێردرێت، هـەروەک لە ساڵەکانی (١٩٦٥و ١٩٧٧و ١٩٨٧) دووبـــارە سەرژمێریی گشتیی کراوەتەوە، کە هەندێکیان رەتکراونەتەوە) دواجاریان ساڵی (١٩٩٧) ئەنجامدراوە، بەهۆی ئەوەی سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بەشداریی نەکرد، ئەو پرۆسەیە سەرنەکەوت، هەرچەندە دەبوو دوو ساڵ پێش ئێستا سەرژمێریی ئەنجامبدرایە، بەڵام بەهۆی ناکۆکی‌و رێکنەکەوتنی لایەنە سیاسییەکانەوە، سەرژمێرییەکە دواخرا بۆ مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی داهاتوو، دواخستنی سەرژمێریی بۆ ساڵی (٢٠١٠)



## بۆ کەرکوک ئاڵۆزتربوو؟

# مەحمود عوسمان: برێمەر پێیوتین یەک سانتیمەتر ناخەنەوە سەر هەرێم

هەستیار قادر

**به رای دوو پەرلەمانتاری عێراق نەبوونی تەوافوق‌و پێکەوەژیانی نەتەوەکانی کەرکوک، بڕیاری یەکلایەنانە هۆکاری ئاڵۆزبوونی کێشەکانی کەرکوک بوون لە دوای (٢٠٠٣)وە، بە دەستووریکردنی کێشەی کەرکوکیش بە رای پەرلەمانتارێک هەڵە بووەو وەک سازش مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.**



قاسم داود



د.مەحمود عوسمان

### کەرکوک کێشە کۆنە نوێیەکە

ئـەگـەرچـی لـە هـــەردوو مـــادەی (٥٨)ی یاسای کاتیی دەوڵەتی عێراقی‌و مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، چارەسەرێکی سێ قۆناغیی بۆ کەرکوکو ناوچەدابڕاوەکان دانـراوە، بەڵام هیچکام لەم مادانە لەکاتی خۆیاندا جێبەجێنەکران‌و کێشەی کەرکوک گەیشتە ئەو ئاستەی کە جگە لە یەکلاییکردنەوەی چـارەنـووسـی، بـووەتـە بەربەست لە بـەردەم زۆرێـک لە پرسەکانی دیکەداو دواینیان یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی داهاتووی نوێنەرانی عێراقە، کە لە لایەک هەندێک لە عـەرەب‌و تورکمانەکان داوا دەکەن کەرکوک بەسەر چەند بازنەیەکی هەڵبژاردندا دابەشبکرێت‌و یاسایەکی تایبەت بـۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کەرکوک لەلایەن پەرلەمانەوە گەڵاڵە بکرێت، لیستی هاوپەیمانی‌و لیستەکانی دیـکـەی کوردستانیش ئـەو بیرۆکانە رەتـدەکـەنـەوەو جەخت لەسەر گرنگی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکەنەوە، کە لە کەرکوکداو ئەو جەخت کردنەوەیەشیان تا ئاستی ئەگەری بایکۆتکردنی هەڵبژاردن درێژەی کێشاوە.

قاسم داود ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە پێشتریش ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی بووە، ئاماژە بەوە دەکـات؛ کە کێشەی کـەرکـوک زادەی ئەمڕۆو دوێنێ‌و قۆناغی دوای (٢٠٠٣) نییەو دەڵێت: «کێشەی کەرکوک بووەتە کێشەیەکی ئاڵۆزو مێژووەکەی بۆ دەیان ساڵ دەگـەڕێـتـەوەو هەڵەیە لە رێگەی یاسای هەڵبژاردنەوە هەوڵبدرێت لە چەند سەعاتێکدا چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە».

قاسم داود ئـامـاژەی بـەوەشـدا، کە بەستنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نـوێـنـەرانـی داهـاتـووش بـە کێشەی کەرکوکەوە، دەبێتە هۆی پەککەوتنی پرۆسەی سیاسیی عێراق

### هۆکار چییە؟!

بەردەوامبوونی کێشەی کەرکوک بـەلای هەندێکەوە هۆکاری سیاسیی‌و وەستانەوەی شۆڤێنییەکانی لەپشتەوەیەو بـەلای هەندێکی دیکەشەوە نەبوونی دیالۆگو تەوافوق‌و خراپیی ئەدای کورد لـەو شـارەدا هۆکار بـوون بۆ یەکلایی نەبوونەوەی ئەو کێشەیە.

د.مەحمود عوسمان ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، کە ئەویش ئەندامی ئەنجومەنی حوکمو کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق بووە، ئـامـاژەی بـەوەدا؛ کە چەند لایەنێکی شۆڤێنیستی عەرەبی‌و تورکمانی لە دژی گەڕاندنەوەی کەرکوکن بۆ سەر هەرێمی کوردستان‌و بۆ ئەو مەبەستەش لە دژی هەڵبژاردنی کەرکوکو سەرژمێریی‌و ناونووسکردنی خانووەکانیش دەوەستنەوە، وتیشی: «لەپاڵ ئەو تێڕوانینەدا ئەدای لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش لە کەرکوکدا باش نەبووەو کەموکورتی تێدا بووە لە ئەنجامنەدانی دیالۆگ لەگەڵ لایەنە تورکمانی‌و عەرەبەکاندا.

هاوکات قاسم داودی پەرلەمانتار ئـامـاژەی بە نەبوونی پێکەوەژیان‌و تەوافوق کرد لە نێوان پێکهاتەو لایەنەکانی کەرکوکداو ئەو کێشەیەشی بە هۆکارێکی دیکەی ئاڵۆزبوونی پرسی کەرکوک لە قەڵەمدا، وتیشی: «مامەڵەو بڕیاری یەکلایەنەش سەبارەت بە چارەنووسی کەرکوک، کارێکی هەڵەیە».

### بە دەستووریکردنی کێشەی کەرکوک هەڵەبوو؟

لە دوای تێپەڕینی نزیکەی (٢) ساڵ بەسەر کۆتاییهاتنی ئەو وادەیەی کە لە چوارچێوەی مـادەی (١٤٠)ی دستووری هەمیشەیی عێراقدا دیاریکرابوو بۆ جێبەجێکردنی، دەنگی لایەنە عەرەبی‌و تورکمانییەکان بەرامبەر بە مانەوەی شەرعیەتی ئەو مادەیە بەرزبووەوە تا ئەو ئاستەی مادەی (١٤٠) یان بە مادەیەکی ئێکسپایەر ناوزەد دەکرد، بەتایبەت، کە قۆناغی یەکەمی مادەکەش ئاساییکردنەوەیەو قەرەبووکردنەوەیە، بە تەواویی نەتوانرا جێبەجێبکرێت‌و لە بەرامبەریشدا دەنگۆی هەوڵی کورد بۆ بە دەستووریکردنی کێشەی کەرکوکو نـاوچـەدابـڕاوەکـان هاتە ئـاراوە، کە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)و رووخاندنی رژێمی بەعسەوە کورد لەوپەڕی هێزی سیاسیی‌و ئابووریی‌و ئیداریی خۆیدا تێیکەوت.

قاسم داود تائێستاش لەو بڕوایەدایە، کە بە دەستووریکردنی کێشەی کەرکوکو ناوچەدابڕاوەکان، کارێکی ئیجابی‌و یاسایی بووەو دەشڵێت: «هەڵەیە وا تێبگەین مادەی (١٤٠) تەنیا کەرکوک دەگرێتەوە، بەڵکو سەرجەم ئەو زەوییانە دەگرێتەوە کە لە عێراقدا کێشەیان لەسەرەو پێویستە بە شێوەی یاسایی‌و دەستووریی چارەسەر بکرێت‌و ناشکرێت ئەو کێشانە بە بێ چارەسەری یاسایی بهێڵرێنەوەو بە تەنیا کـورد سوودمەند نییە، بەڵکو خودی عـەرەب‌و تورکمانەکانیش لـەو مادەیە سوودمەند دەبن».

بەڵام د.مەحمود عوسمان ئاماژە بەوە دەدات؛ کە بە دەستووریکردنی کەرکوکو ناوچەدابڕاوەکان هەڵە بووە، بەڵام پاساو بۆ ئەو هەنگاوەی ئەوسای سەرکردایەتی سیاسیی کورد دەهێنێتەوەو ئاماژە بەوە دەکـات؛ بە دەستووریکردنی کێشەی کەرکوکو ناوچەدابڕاوەکان جۆرێک بوو لە سازش، کە لە ناچاریدا بووەو دەڵێت: «ئەوکات بە لایەنەکانی دیکەمان وت، ناوچەکانی وەک خانەقین‌و مەخموورو سنجار، کـە کێشەیان لـەسـەر نییە، بابگەڕێنرێنەوە سەر هەرێم‌و ناوچەکانی دیکە بخرێنە راپرسییەوە، بـەڵام قایل نەبوون‌و پۆڵ برێمەری حاکمی مەدەنی ئەمریکا لە عێراقیش پێیوتین: یەک سانتیمەتر ناخەنە سەر هەرێمی کوردستان‌و ئەوکات نەماندەتوانی لەگەڵ ئەمریکاو حکومەتی عێراق‌و تورکیاو لایەنەکانی دیکەدا بکەوینە شەڕەوە».



# رووبەروو

ژمــارە (553) سێشەممە 2009/10/27

**خوێنەران ئاگادار دەکەینەوە کە بەرنامەی رووبەرووی کەناڵی KNN تایبەتە بەوەڵامی پرسیارەکانی ئێوە کە ئاراستەی نەوشیروان مستەفای دەکەن. بۆیە هەر پرسیارێکتان هەبوو سەبارەت بەزانینی بیروبۆچوونی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمپانیای وشەو وەرگرتنی رای شەخسی نەوشیروان مستەفا. دەتوانن لە رێگەی ئیمەیڵی info@knnc.net پرسیارەکانتان بنێرن.**

# نەوشیروان مستەفا: لەبەغدا سەرسەختانە بەرگریی لە مافە نەتەوەییەکانی میللەتەکەمان دەکەین‌و رێگە بە موزایەدەکردن نادەین

سازدانی: هۆشیار عەبدوڵڵا

**دیداری ئەمجارەی رووبەڕوو، سەبارەت بە پرسی کورد لە عێراق و چۆنیەتی بەشداریی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقدا، کۆمەڵێک پرسیاری خەڵک‌و پرسی پەیوەست بەو مەسەلەیەی ئاراستەی نەوشیروان مستەفا کردووە، ناوبراو لەو بەرنامە تەلەفزیۆنییەدا نەوشیروان مستەفا رایدەگەیەنێت، کە بزووتنەوەی گۆڕان بە لیستی جیا بەشداری ئەو هەڵبژاردنە دەکات‌و ستراتیژییەتی کاری بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بەغدا دەخاتەڕوو.**

*** هەڵبژاردنەکانی عێراق بەڕێوەیە، ئێوە وەکو بزووتنەوەی گۆڕان هیچ ئامادەکاریتان کردووە؟**

_ بەڵێ ئێمە خەریکی خۆئامادەکردنین بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا، بۆ ئەوە لە پێش هەموو شتێکەوە ئێمە قەوارەیەکی سیاسیمان بە ناوی گۆڕانەوە تۆمار کردووە بێجگە لەوە دامەزراوەی هەڵبژاردنمان دروست کردووە، کە ئەوان ئەمجارە وەکو دەزگایەکی پیشەیی سەرپەرشتی کاروباری هەڵبژاردنەکانمان دەکەن، ئێستا خەریکی ئامادەکردنی بەرنامەو پلاتفۆرمی سیاسیی‌و ئامادەکردنی ناوی کاندیدەکانی پەرلەمانین.

*** کەواتە بە بایەخەوە سەیری ئەم هەڵبژاردنە دەکەن؟**

_ بێگومان بەلامانەوە کارێکی زۆر زۆر گرنگە، چونکە کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق، پەرلەمانی عێراقی رەنگە لە هەندێک لایەنەوە گرنگتربێت لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، چونکە لەوێ جۆری بەشداریکردنی کورد لە دەزگای بڕیاردانی سیاسیی عێراقدا، لە دەوڵەتی عێراقدا، لە بودجەی عێراقدا، لە سیاسەتی دەرەوەی عێراقدا، لە سوپای عێراقدا، لەو دەزگایەوە دیاری دەکرێت.

*** بە شێوەیەکی گشتیی وا لە قسەکانت دەخوێنمەوە، کە هەڵبژاردنی عێراقتان پێ گرنگترە لە هەڵبژاردنی کوردستان؟**

_ بەڵێ لەبەرئەوەی پەرلەمانی عێراقی وەکو باسمکرد ئەو دەزگایەیە،کە تەشریع بۆ هەموو عێراق دادەنێت، ئەو دەزگایەیە کە ساڵانە بودجە بە یاسا تەسدیق دەکات، ئەو دەزگایەیە کە وەزارەتی عێراقی دادەنێت‌و سەرۆک کۆماری عێراق هەڵدەبژێرێت، سەرۆکی پەرلەمان هەڵدەبژێرێت، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق هەڵدەبژێرێت، ئێمە لە دەستووری عێراقدا کۆمەڵێک مافی نەتەوایەتیمان جێگیرکراوە، رەنگە پەرلەمان‌و وەزارەتی بەغدا ئەو جێگەیە بێت، کە لەوێوە دەتوانین هەوڵبدەین بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافە دەستوورییانە.

*** بۆ هەڵبژاردنی عێراق بە لیستی جیا بەشداریی دەکەن؟**

_ بەڵێ، بە لیستی جیا بەشداری دەکەین.

*** بەڵام راگەیاندنی نەیارەکانتان لەسەر ئەو بەجیاوازی بەشداریکردنە جۆرێ لە تۆمەتتان بۆ دروستدەکەن، کە ئێوە هەوڵدەدەن خیتابی کوردیی پەرت بکەن لەگەڵ شۆڤێنییەکانیشدا هاوپەیمانیەتی دەبەستن.**

_ بەڵێ، ئەوە بەشێکە لەو پڕوپاگەندە ناڕاستەی، کە دژی ئێمە دەکرێت، من لەم دوانگەیەوە گەلەکەی خۆمان دەکەم بە شایەت بۆ ئەوەی بزانن ئەم تاقمانەی، کە ئەم جۆرە بوختانانە بڵاودەکەنەوە تا چ رادەیەک پشت بە درۆکردن دەبەستن، بۆ ئەوەی لە کاتی هەڵبژاردندا ببینن، ئایا ئێمە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ چ لایەنێکدا دەکەین، لەگەڵ چ لایەنێکدا نایکەین لە ئێستاوە تاوەکو هەڵبژاردن ئێمە تەنسیق لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە دەکەین، کە بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن، بۆ ئەوەی کە هەڵبژاردن بە ئارامیی تێبپەڕێت، بۆ ئەوەی بە پاکی‌و بێگەردیی تێپەڕێت، بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەی خەڵک بەشداریی بکات لە هەڵبژاردندا، بەڵام بۆ مەسەلەی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ لایەنی تر نە لە کوردستان‌و نە لە عێراقدا ئێمە لەگەڵ هیچ لایەنێکی دیکەدا حاڵی حازر هاوپەیمانیەتی سیاسیی ناکەین.

*** لەگەڵ هێزە کوردییەکاندا بۆچی؟**

نەوشیروان مستەفا: لەگەڵ هێزە کوردییەکاندا لە بەرئەوەی ئێمە وتاری سیاسیمان جیاوازە، لەگەڵ ئەواندا ستراتیژی کارکردنمان لە بەغدا جیاوازە، ئەوان وتارێکی نەتەوەیی رووکەشیان هەیە، کە لەگەڵ جێبەجێکردنیدا لەسەر ئەرزی واقیع زۆر جیاوازە لە یەکتری.

***بەڵام ئەم بەجیا بەشداریکردنە لە هەڵبژاردن زیان بە کورد ناگەیەنێت؟ یاخود زیان بە وجودی کورد لە عێراقدا ناگەیەنێت؟**

_ ئێمە پێمانوایە ئەم لایەنانەی ئێستا زیانی گەورەیان بە کورد گەیاندووە، وایان کردووە سلێمانی‌و هەولێرو دهۆک دابەش ببێت، دوو ئیدارەییان دروستکردووە، تاوەکو ئێستا دوو پێشمەرگە دوو ئاسایش، زانیاریی‌و پاراستنیش لە لایەکی دیکەوە، وەزارەتی دارایی دوو وەزارەتە، پێشمەرگە دوو وەزارەتە، ناوخۆ دوو وەزارەتە، ئەمانە وایان لە کوردستان کردووە، لە کوردستانەوە بڕۆ بۆ کەرکوک، کە یەکێکە لە گرنگترین مەسەلەکانی بە درێژایی مێژووی هەفتا هەشتا ساڵی رابردووی کورد هەموو پێوەی مەشغوڵ بووە، لە کەرکوکیشدا دەبینی کە دیسانەوە کوردایەتیان نەکردووە بە بەرنامەی کار، یەعنی هاوڵاتیبوونی کوردستانیان نەکردووە بە بەرنامەی کار، بەڵکو لەوێش دیسانەوە ئیدارەیان دوو بەش کردووەو کردوویانە بە ئیدارەی دوو حیزب، ئاسایشی دوو حیزبەکە جیاوازە، پۆلیسی دوو حیزبەکە جیاوازە، تەنانەت لەشکری مووچەخۆرەکانیشیان بەشێکی سەربە هەولێرەو بەشێکی سەر بە ئیدارەی سلێمانییە، یەعنی بە عەمەلی ئەوان زیانیان بە یەکێتی ریزەکانی کورد گەیاندووە نەک ئێمە، حاڵی حازر شیعەکان بە چەند لیستێک بەشدار دەبن عەرەبی شیعەو عەرەبی سوننە بە چەند لیستێک دادەبەزن، کوردیش ئەگەر بە چەند لیستێک دابەزێت، دەتوانین ئێمە لە پاشەڕۆژدا لە پەرلەمانی عێراق خاڵی هاوبەش بدۆزینەوە لە بەینی خۆماندا.

*** ئەو خاڵە هاوبەشە ستراتیژییە ناکرێت لە پێشدا بکرێت؟**

_ رەنگە زۆر کەس ئەو پرسیارەی کردبێت، تۆ چۆن دەتوانیت لەگەڵ هێزێکی سیاسیی پێکەوە بچیتە ناو هاوپەیمانییەکی سیاسییەوە بۆ چوار ساڵی داهاتوو، لە کاتێکدا ئەو رۆژانە خەڵکت لێدەردەکات، واخەریکە کەرتی پەروەردە وێران دەکەن، بەڕێوەبەرەکان‌و جێگری بەڕێوەبەرو مامۆستاکان بە ئارەزووی خۆیان بەپێی دەستکەوتی حیزبی دەهێن‌و دەبەن، قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە لەسەر بیروبۆچوونی سیاسیی سزا دەدەن، پێشمەرگە دەردەکەن ئاسایش دەردەکەن، ئەفسەر دەردەکەن، یەعنی چۆن دەتوانی لەگەڵ ئەمانەدا زمانێکی هاوبەش‌و بەرنامەیەکی هاوبەشت هەبێت بۆ ئیشکردن؟، چۆن دەتوانیت باوەڕی پێبکەیت، کە لە پاشەڕۆژدا دیسان جارێکی دیکە لێت هەڵنەگەڕێتەوە؟

> *تۆ چۆن دەتوانیت لەگەڵ هێزێکی سیاسیی پێکەوە بچیتە ناو هاوپەیمانییەکی سیاسییەوە بۆ چوار ساڵی داهاتوو، لە کاتێکدا ئەو رۆژانە خەڵکت لێدەردەکات، چۆن دەتوانی لەگەڵ ئەمانەدا زمانێکی هاوبەش‌و بەرنامەیەکی هاوبەشت هەبێت بۆ ئیشکردن؟، چۆن دەتوانیت باوەڕی پێبکەیت، کە لە پاشەڕۆژدا دیسان جارێکی دیکە لێت هەڵنەگەڕێتەوە؟*

***باشە دەگەڕێمەوە بۆ یەکێک لە قسەکانت، کە باست لەوە کرد کەس ئەوەندەی ئەوان زیانی بەیەکڕیزی کورد نەگەیاندووە چۆن؟**

_ بەڵێ، من باسمکرد جارێ یەکەم لە کوردستانی عێراقدا کە بە ناو یەک ئیدارەیە لە راستیدا دوو ئیدارەیە، یەکێک لەو شتانەی کە ئێمە کاری بۆ دەکەین ئەوەیە، کە چۆن پێشمەرگەو ئاسایش‌و پۆلیس لە هێزێکی حیزبییەوە بکرێت بە هێزێکی نیشتمانی، واتە بکرێت بە هێزێکی حکومەتی، چۆن وەزارەتی ناوخۆ ببێت بە یەک وەزارەت، وەزارەتی پێشمەرگە ببێت بە یەک وەزارەت، وەزارەتی دارایی ببێت بە یەک وەزارەت، ئەو پەیوەندییەی کە ئێستا ئەم دوو حیزبە لەگەڵ بەغدا دروستیان کردووە بە حیزبیکردنە، کێشەی کەرکوکیان بە حیزبی کردووە، لەناو کوردستانیشدا خۆ ئەگەر سەر بەیەکێک لەم دوو حیزبە نەبیت ناتوانیت پۆستێکی گرنگت هەبێت، لە بەغداش پەیوەندییەکانی کوردو حکومەتی ناوەندی بەغدایان وا لێکردووە، کە کردوویانە بە پەیوەندی دوو حیزب لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی بەغدا، لە کاتێکدا ئەمە پەیوەندی دوو نەتەوەیە لە نێوان کوردو عەرەبدا، پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان‌و حکومەتی مەرکەزییە. لەڕاستیدا دەبێت ئەم پەیوەندییە لە نێوان نەتەوەی کوردو حکومەتی مەرکەزیدا بێت لە بەغدا، ئەمە پەیوەندی نێوان دوو حیزب نییە لەگەڵ بەغدا.

*** ئەگەر دوو ئیدارەیی هەیە کۆمەڵێک وەزارەت جیاوازە دوو دەسەڵاتی حیزبی هەیە تەنانەت دوو هەرێمی سیاسیی هەیە، بۆچی ئەوەندە بانگەشە بۆ یەکلیستی دەکەن؟**

_ بەڵێ، ئەوانە کە بانگەشە بۆ یەکلیستیی دەکەن، بۆ ئەوەیە جارێکی دیکە سەرلەنوێ بە هێزێکی یەکگرتووەوە لە خزمەتی حیزبەکانی خۆیاندا بێت، ئێستا وای لێهاتووە دەستکەوتی حیزب گرنگترە لە دەستکەوتی نەتەوەیی، لەناو دەستکەوتی حیزبیشدا دەستکەوتی کەسی یەکەم‌و دەستووپێوەندەکانی خزم‌و کەسوکارە نزیکەکانی بووە بە شتێکی سەرەکی، ئێمە دەمانەوێت مەفهوم‌و چەمکی هاوڵاتیبوونی کوردستانی لە کوردستاندا بەبێ ئەوەی گوێ بدەیتە رەچەڵەکی عەشیرەتی، بنەماڵەیی، ناوچەیی، مەزهەبی‌و دینی بێت، واتە چەمکی هاوڵاتیبوون لە کوردستانی عێراقدا جێگیر ببێت.

*** باشە ناکرێت بەدوای کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشدا بگەڕێن بۆ ئەوەی لانیکەم رێکەوتنێکی لەسەر بکەن؟**

_ بەڵێ دەکرێت، بەڵام وەکو باسمکرد ئەوانە وتارێکی نەتەوەیی رووکەشیان هەیە لەسەر ئەرزی واقیع جیاوازە، وەرە با لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا حەق‌و حسابێک لەگەڵ ئەو سەرکردایەتیانە بکەین، حسابێک لەگەڵ ئەو برادەرانە بکەین بزانین ئەوان چییان کردووە بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەرهەرێم چیاین کردوە؟، بۆ ئەوەی کە بەشی کورد لە وەزارەتی دەرەوەو لە باڵوێزخانەکانی عێراقدا نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان هەبێ چییان کردووە؟، بۆ ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە لە هێزێکی وەکو ئەوەی ئێستا هەیە لە ملیشیای حیزبی‌و هێزێکی سەر بەحیزبەوە بکرێت بە هێزێکی نیزامیی ئەسڵی، لەڕووی چەکو لەڕووی مەشق‌و لەڕووی رێکخستنەوە چییان کردووە؟ بۆ جێبەجێکردنی مافەکانی کورد، کە لە دەستووری عێراقدا دانیان پێداناوە چیانکردووە، با بێین حەق‌و حیساب بکەین، ئەگەر ئەمانە بەڕاستی لە پێنج ساڵی رابردوودا توانیویانە ئیشی بۆ بکەن بۆ جێبەجێنەکراوە؟، بەڵام ئەوان ئەوەیان بە لاوە گرنگە، کە لە بەغدا کێ پلەوپایە وەردەگرێت، چ پلەوپایەک وەردەگرێت، دەستکەوتی مادی حیزبەکانیان چەندە، دەتوانن لە رێگەی ئەوەوە چەند خزمەت بە حیزبەکانی خۆیان بکەن.

<<<




# با ئارامگر بین

بۆتان ئامێدی دەینووسێت

لە هەنگاوێکی گرنگداو بە دەستپێشخەری عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی زیندانکراوی پەکەکە لە زیندانی ئیمرالی، لە (١٩)ی ئەم مانگەدا هەشت ئەندامی پارتی کرێکاران بە هاوڕێیەتی (٣٠) هاوڵاتی لە کامپی مەخمور خۆیان تەسلیمی تورکیا کرد.

ئــەم هــەنــگــاوە دڵــخــۆشــکــەرەش کــاردانــەوەی دەستپێشخەرییەکەی حکومەتەکەی پارتی دادوگەشەپێدانە بە سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، کە لە مانگی ئابی ئەمساڵ پێشکەشی کرد.

هەروەها تەسلیمبوونەوەی ئەم (٣٨) کەسە پیشاندانی پابەندبوونی پەکەکەیە بە ئاشتییەوە.

بـەڵام لێدوانە رەسمییەکانی ئەم دواییەی سەرکردە تورکەکان ئەو پەیامە بە زۆرینەی کورد دەڵێن، کە دەوڵەتی تورکیا پاشەکشێ دەکات لە نیازی چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

ئەنجومەنی بـاڵای ئاسایشی نیشتمانی تـورکـی، کە بەرزترین دامــەزراوەی سیاسییەو لە دواین کۆبوونەوەدا ڕایگەیاند: بەردەوامن لە جەنگ لە دژی پەکەکەو گەڕانەوەکەی ئەندامەکانیان پشتگوێخستووە.

وەزیـری ناوخۆی تورکیاش بەشیر ئەتەلای ڕایگەیاند: پەکەکە گەیشتووەتە کۆتایی کوشندەی خۆیو کۆماری تورکیاش بەردەوام دەبێت لە دژایەتی تیرۆریزم.

لە ئەنجامی ئەمەشدا جەمیل بایک سەرکردەیەکی پەکەکە لە عێراقەوە گومانی خۆی لە ڕاستگۆیی تورکی دەربڕیو ڕایگەیاند: تا ئەو کاتەی تورکیا دان بە ناسنامەی کوردی نەنێت، پەکەکە چەک دانانێت.

دواین گۆڕانکارییەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە ئیدارەی ئەردۆغان خۆی حەز بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکاتو پەکەکەش حەز بە ئاشتی، بەڵام سەرکەوتنی پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردن پێویستی بە ئارامگرتنێکی قوڵ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆسپەکان هەیە.

کۆسپەکانیش بریتین لە ڕەتکردنەوەی پەکەکە لەلایەن ڕای گشتیی تورکیا لەلایەکو بێئارامی پەکەکە لەلایەکی دیکەوە.

لەکاتێکدا ئیدارەی ئەرۆدغان دەیەوێت کێشەی کورد چارەسەر بکاتو دەشیەوێت، کە بنکە جەماوەرییەکەی خۆی لە دەست نەدات لە تورکیا.

کارەکانو سستی ئیدارەکانی پێشووی تورکیا هەروەک گۆشەنووسی تورک ئیمرە ئۆسلو ئاماژەی پێدەکات، بووەتە سایکۆلۆژیای خەڵکی تورک.

بە مانایەکی دیکە ئەگەر ڕای گشتیی لە تورکیا بۆی دەرکەوێت ئەردۆغان بە نیازە لەگەڵ پەکەکە یان سەرۆکەکەی وتووێژ بکات، ئەوا باجێکی گەورە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەدات.

شکستی ئەردۆغانیش سیناریۆیەکە، کە دەبێت کورد هەمیشە ڕێگربێت لێی، چونکە سەرۆک وەزیران ئەردۆغان ڕێگەیەکی دووری بڕیوە لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

ئەڵتەرناتیڤی پارتەکەی ئەردۆغان جەهەپەی دێنز بایکاڵە، کە دژی دەستپێشخەرییەکەی ئەردۆغان بۆ چارەسەری کێشەی کورد ئەوەی ئەردۆغان کردوویەتی بە ئاو دەدات.

ڕاستییەکان لە دیاربەکر ئەوەمان پێدەڵێت: کە پەکەکە هێشتا کارەکتەرێکی بەهێزە لە نێو خەڵکی کورددا.

پەکەکە بە ناردنی ئەو گروپە ئاشتییە بۆ تورکیا مامەڵەیەکی ژیریانەی کرد، بەڵام بێئارامەو دەیەوێت هەر لەئێستا جەماوەری بوونی خۆی بۆ تورکیا پیشانبدات.

کۆبوونەوەی خەڵکی لـەو گروپەو بەرزکردنەوەی وێنەی ئۆجەلانو دروشمی پاڵپشتکردنی لە پەکەکە، کارێکی وروژێنەرە بۆ ئێستای تورکیا.

پەکەکە دەبێت لە هەستیاریی ئەنکەرەو پێگەی ئەردۆغان تێبگاتو ژیربێت لەم کارەیداو ڕێگە بداتە سیاسییەکانی دەتەپە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتەکان.

بە گەڕانەوە بۆ کۆسپەکانو ئەو پرسیارەی، کە ئایا پرۆسەی دیموکراسیی سەردەکەوێت، یان نا؟ پەیوەستە بە ئەنجامەکانی شکستی ئەم پرۆسەیەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

پرۆسەی دیموکراتیزەکردن ڕێگەیەکەو گەڕانەوەی تێدا نییە.

ئیدارەی ئەردۆغان هاوکارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردو خەڵکی کوردیش حەز بە سەرهەڵدانەوەی کێشەکان ناکات، چونکە سەرهەڵدانەوەی کێشەکە زەرەرە بۆ ئەردۆغانو پەکەکەش لە هەمانکاتدا.

ئەم سیناریۆیەش دەبێت ئەردۆغانو پەکەکە خۆیانی لێ بە دووربگرن.

چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش پێویستی بە ئارامگرتنو هەستیاریی مامەڵکردنە لەگەڵ ئەنکەرە.

## ئەنجومەنی سیاسیی چی پێدەکرێت؟

# چەند پێشنیازێک

# بۆ چارەسەری هەڵبژاردنی کەرکوک دەخرێتە ڕوو

هەستیار قادر

ئـەنـجـومـەنـی سیاسیی بۆ ئاسایشی نیشتمانی عێراق نەیتوانی بگاتە چارەسەرێکی یەکلاییکەرەوەی کـێـشـەی کـەرکـوک لـە یـاسـای هەڵبژاردنی پەرلەمانداو چەند پێشنیازێکیش لەو بارەیەوە دەخرێتە ڕوو، گرنگترینیان پێداچوونەوەی تۆماری دەنگدەرانی کەرکوکو چەند پارێزگایەکی دیکەی عێراقە، کە کورد گومانی لە زیادبوونی دانیشتووانی هەیە.

## دوا هەناسەی چارەسەر

لە پاش ئەوەی تا درەنگانێکی ئێوارەی (٢٥)ی ئەم مانگە ئەندامانی ئەنجومەنی سیاسیی بۆ ئاسایشی نیشتمانی عـێـراقـی لـە بـەغـدای پایتەخت کۆبوونەوەیەکیان سازدا بۆ تاووتێکردنی کێشەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی داهاتووی نوێنەرانی عێراقو ئەو بەربەستەی، کە بەهۆی کەرکوکەوە لە بەردەمیدا دروستبووە، بەڵام ڕاگەیەندراوی ڕەسمیی لە سەرۆکایەتی کۆمارەوە ســەبــارەت بــەو کــۆبــوونــەوەیــە بڵاونەکرایەوە.

هاوکات بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهــاتــوودا سەرۆکایەتی کۆمار کۆبوونەوەکانی چڕتربکاتەوە بۆ گەیشتن بە تەوافوقێکی نیشتمانی لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان، تا پێنجشەممەی داهاتوو دەنگی لەسەر بدرێت

لەلایەکی دیکەوە، هاشم تائی ئەندامی ئەنجومەنی شورای حیزبی ئیسلامییو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق، بـوونـی ئەو کێشانەی بە ئاسایی زانی سەبارەت بە کەرکوکو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بوونی ئەو کێشانە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ئاساییە، بەوپێیەی هەر لیستەو بەپێی ئەو جەماوەرەی لە پشتیەتی کار بۆ بەرژەوەندی لیستەکەی دەکاتو قسەی دەبێت لەسەر دۆسییە جیاوازەکان».

## یەک کێشەو چەند پێشنیازێک

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سیاسیی بۆ ئاسایشی نیشتمانی عێراقدا



(٥) پێشنیاز تاووتوێکراوە وەک چارەسەرێکی تەوافوقی نێوان لایـەنـەکـان لـەسـەر کـەرکـوک بۆ تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردن.

لەوبارەیەشەوە عەبد موتڵەگ جبوری پەرلەمانتار بە ڕۆژنامەی سـەبـاحـی ڕاگـەیـانـدووە: چەند پێشنیازێک لەو کۆبوونەوەیەدا خراونەتە ڕوو، ئەوانیش پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بـۆ لادانـانـی تەجاوزاتەکانی دوای ساڵی (٢٠٠٤)و پشتبەستن بـە ڕێـژەی ئێستای ئەندامانی پەرلەمان، کە (٢٧٥) ئەندام بێت بۆ پەرلەمانی داهــاتــووشو هەڵبژاردنی تەواوکارییش لەبەر ڕۆشنایی کاری لیژنەی بەدواداچوونی ڕاستییەکان ئەنجامبدرێت، هەروەها یەکێک لـە پێشنیازەکانی دیکە ئـامـاژە بە ئەنجامدانی ڕاپرسی دەکات لە کەرکوکدا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی پارێزگاکە.

لەلایەکی دیکەوە، سەرچاوەیەکی ئاگادار لە پەرلەمانی عێراقەوە بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «یەکێک لەو پێشنیازانە لەلایەن نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە لە عێراق (یـونـامـی)یــەوە پێشکەشکراوە، بریتییە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە تۆماری دەنگدەرانی کەرکوکو چەند پارێزگایەکی دیکەی عێراق، کە گومانیان لەسەرە».

ئـەو سـەرچـاوەیـە ئـامـاژەی بەوەشدا؛ کە ئەو پێشنیازەی یۆنامی بۆ قایلکردنی کورد بووە بەوپێیەی ڕێنادات تەنیا لە کەرکوکدا چاو بە تۆماری دەنگدەراندا بخشێنرێتەوەو ئەو پارێزگایانەی دیکەیش بگرێتەوە، کە گومانیان لەسەرە، بە تایبەت موسڵو سەلاحەدین، کە دووەمیان بە ڕێژەی (١٠٠٪)و یەکەمیان بە ڕێژەی (٨٠٪)ی دانیشتووانی زیادیکردووەو ئەو پێداچوونەوەی پارێزگاکانی دیـکـەی کـەربـەلاو ئەنباریش بگرێتەوەو لیژنەیەکی تایبەتیش بۆ ئەو مەبەستە پێکبهێنرێت، تا لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە بە تۆماری دەنـگـدەرانـی ئـەو پارێزگایانەدا بچنەوە، کە گومانیان لەسەرە.

## ئەنجومەنەکە چی پێدەکرێت؟

ئەنجومەنی سیاسیی بۆ ئاسایشی نیشتمانی عێراق لە هەریەک لە سەرۆک کۆمارو دوو جێگرەکەیو سەرۆک وەزیـرانو سەرۆکی پەرلەمانو دوو جێگرەکەی پێکدێنو تیایدا عارف تەیفوری جێگری دووەمـی سەرۆکی پەرلەمان، وەک نوێنەری سەرۆکی هەرێمیش ئامادە دەبێتو هەندێک جاریش سەرۆکی لیستەکانی پەرلەمانی عێراق بۆ کۆبوونەوەکانیان بانگهێشت دەکەنو ئەم ئەنجومەنە مەعنەوییەو چوارچێوەیەکی یاسایی نییەو زادەی هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)ی ئەنجومەنی نوێنەرانەو لە قەیرانە ئەمنییو یاساییو سیاسییەکاندا کۆبوونەوەی خۆی دەکات،

ڕەوانەکردنی کێشەی کەرکوک لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بۆ ئەنجومەنی سیاسیی بۆ ئاسایشی نیشتمانی، ناڕەزایی لەنێو هەندێک لە لیستەکاندا لێکەوتەوە، هەندێک بـە نەبوونی شەرعیەتو هەندێکی دیکەیش بـە نەبوونی دەسـەڵاتو توانای چارەسەرکردنی کێشەیەک بـە قـەبـارەی کەرکوک ئەنجومەنەکەیان تۆمەتبار کرد، بەتایبەت نەتەوەکانی دیکەی وەک تورکمانو مەسیحییەکانو لیستە بچووکەکان، کە نوێنەریان لەو ئەنجومەنەدا نییە، بەڵام هاشم تائی ئەندامی ئەنجومەنی شورای حیزبی ئیسلامیی، ئاماژەی بە گرنگی ئەو ئەنجومەنە کرد، لە دۆزینەوەی چارەسـەری تەوافوقی بۆ کێشەی کەرکوکو لەوبارەیە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەنجومەنی سیاسیی بۆ ئاسایشی نیشتمانی بچووکراوەی ئەنجومەنی نوێنەرانە، بەڵام دەسەڵاتی یاسادانانی نییەو وەک چۆن لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکاندا توانی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، پێشبینی دەکرێت لە پرسی هەڵبژاردنی کەرکوکیشدا ڕۆڵی خۆی هەبێتو لانیکەم بگاتە ڕێکەوتنێکی سەرەتایی بۆ ئەو کێشەیە، کە ببێتە جێگەی ڕەزامەندیی سەرجەم لایەنەکانی پەرلەمان».

# پەرلەمانتارانی عێراق داوای (٦٠٠)م زەوی دەکەن

ڕۆژنامە

لیژنەیەکی پەرلەمانی عێراق داوای زەوی (٦٠٠) مەتریی لە پارێزگای بەغدا دەکاتو پێشنیازیش کراوە هەر پەرلەمانتارەو لە پارێزگاکەی خۆی وەری بگرێت.

بەپێی نووسراوێکی ڕەسمیی، کە لیژنەی کـاروبـاری ئەندامانو پەرەپێدانی پەرلەمانیی ئەنجومەنی نوێنەران ئاراستەی ئەمانەتی بەغدای کــردووە، داوای کــردووە بەپێی کۆبوونەوەیەکی پێشتری هەردوولا لە (٢٠٠٩/١٠/١١) ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر تەرخانکردنی بڕی (٦٠٠) مەتر پارچە زەوی بە ( کەڕارە یان خەڕ)ە بەغدا بۆ هەر پەرمانتارێک.

ئـەو نـووسـراوە ڕەسمییە کە وێنەیەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، کە لە (٢٠٠٩/١٠/١٥)داو بە ئیمزای حسام عـەزاوی سەرۆکی لیژنەی کاروباری ئەندامانو پەرەپێدانی پەرلەمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی لەسەرە.

لــەوبــارەیــەوە مـەحـمـود محەمەدئەمین ئەندامی لیژنەی ناوبراو وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو نووسراوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بـەپـێـی یـاسـای ژمــارە (٥٠)ی پەرلەمان، پەرلەمانتار هەمان مافو ئیمتیازاتی وەزیری هەیەو سەرجەم وەزیرو قازیو ڕاوێژکارو بریکاری وەزارەتەکانو مامۆستایانی زانکۆ زەوییان وەرگـرتـووەو بەوپێیەش پەرلەمانتاران داوایــان لە لیژنەی کاروباری پەرلەمانتارانو پەرەپێدانی پەرلەمانیان کـردووە، کە کار بکەن بۆ وەگرتنی زەوی، بەڵام تائێستا لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ڕەزامەندیی لەسەر پێدانی ئەو پارچە زەوییانە دەرنەبڕاوە».

هاوکات بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، هەندێک لە پەرلەمانتاران پێشنیازی ئەوەیان کـردووە، کە هەر پەرلەمانتارەو لە پارێزگاکەی خۆی ئەو ڕووبەرە زەوییە وەربگرێتو لەوبارەیەشەوە مەحمود محەمەدئەمین ڕوونی کردەوە، کە ئەو پێشنیازە لەلایەن هەندێک لە ئەندامانی لیستی هاوپەیمانییەوە ڕەتکراوەتەوەو وتوویانە: «ئەگەر لە پارێزگاکانی خۆمان ئەو پارچە زەوییە وەربگرین، دەبێتە دوو ئیشو نادرێت».

# ئەندامێکی لیستی برایەتی: پێشمەرگە لە موسڵ ناکشێتەوە

ئارام شێخ وەسانی

کێشەی نێوان کوردو عەرەب لە موسڵ یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکان کە لەدوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە دروستبووە، دوای چەندین هــەوڵــی جــۆراوجــۆر، تائێستا لیستی برایەتی نەینەوا کە خاوەنی (١٣)کورسیی ئەنجومەنی پـارێـزگـایـە، بایکۆتی هەموو دانیشتنو پڕۆژەکانی کـردووە، بەو هۆیەوە تائێستا چەندین لایەن ویستوویانە ئەم گرفتە چارەسەر بکەن، بەڵام تائێستا هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووەو دوا هەوڵ کە ئێستا دەنگۆی زۆری لەسەرە، بریتییە لـەو دانیشتنانەی ئـەم دواییەی نێوان لیستی حەدباو برایەتیو ئەمریکاو حکومەتی عێراق. بەپێی زانیارییەکان، لە ئێستادا نزیکەی (١٠)هەزار پێشمەرگە لە پارێزگای موسڵدا هەیە، بەپێی زانیاریی ناو دانیشتنەکان لە دواکۆبوونەوەدا، لـێـکـنـزیـکـبـوونـەوەیـەک هەیە. ئەسیل نجێفی، پارێزگاری موسڵ لـە لێدوانێکیدا بـۆ ڕۆژنـامـەی شــەرقــولــئــەوســەت ئــەوەی خستووەتەڕوو، کە ئەگەر هێزی پێشمەرگە لە موسڵ بکشێتەوە، ئــەوا ئـامـادەن پۆستی ئیداریی بدەنە لیستی برایەتی نەینەوا، بەڵام ئەندامێکی لیستی برایەتی ئەو هەواڵانە ڕەتدەکاتەوە کە بەهیچ جـۆرێـک لیستی برایەتی ڕازی نابێت، هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکە بکشێتەوە. قاسم ساڵح بۆ ڕۆژنامە وتی «لەگەڵئەوەی کە بە نوێنەرایەتی ڕافع عیساویو نوێنەری ئەمریکا، ئێمە چەند دانیشتنێکمان ئەنجامداو لە دانیشتنەکاندا لێکتێگەیشتن هەبوو، بەڵام بەهیچ جۆرێک باس لەوە نەکراوە کە هێزی پێشمەرگە بکشێتەوە، ئێمە بەهیچ جۆرێک بەوە ڕازی نابین، چونکە ئەگەر لە ئێستادا هێزی پێشمەرگە نەبێت، ئەوا ئەمنیەتی ناوچە کوردنشینەکان دەکەوێتە دەستی تیرۆریستانو هەرگیز ناهێڵین ئـەو حاڵەتە ڕووبداتو خەڵکی خۆمان بخەینە مەترسییەوە، هەروەها سوورین لەسەر ئەوەی هەتا مـادەی(١٤٠) بەتەواوی جێبەجێ نەکرێت، بەهیچ جـۆرێـک هـێـزی پێشمەرگە لە پارێزگای موسڵ ناکشێتەوە».

# ـــەو کوردانەی کۆچیان کردووە لە واقیع رایان نەکردووە، ـــــەتی رایانکردووە



**ئەوەی جێگەی داخە تائێستا حیزبە کوردییەکان لەدەرەوە، ئەوەندەی بەلایانەوە گرنگ بووە بیرۆی حیزبی بکەنەوە لە وڵاتانی ئەوروپیداو ئەوەندەی کورد بکەن بە حیزبی، ئەوەندە پابەند نەبوون بەوەی کە رەوەندی کوردی هانبدەن بۆئەوەی وەکو جالییەیەکی یەکگرتوو و لە سەروو حیزبایەتییەوە بتوانن رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ خۆیان دروست بکەنو ببن بە فاکتەرێکی بەهێزی پشتیوانیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووی ئابووریی‌و سیاسیی‌و زانستی‌و ئەکادیمییەوە**

سەبارەت بە قۆناغەکانی تریش ئەگەر باسی ئەنفال بکەین لەژێر فشاری ئەنفالدا چەکی کیمیاییان بەکاردەهێناو جینۆسایدیان دەکرد، بۆیە سەدان کەس روویان کردە ئێرانو تورکیاو شوێنەکانی تر، بەڵام لەدوای راپەڕین، زۆرجار خەڵک سرودی کوردستان بەهەشتی زەمینیان دەوت، خەڵک ئومێدی وابوو کە ئەو بەهەشتی زەمینە ببێتە ئەرزی واقیعو ئومێدێکی زۆریان لەسەر ئەنجامەکانی راپەڕین هەڵچنیبوو، خەڵک ئومێدێکی زۆری هەبوو لەدوای راپەڕین کە کوردستان ئازادبووە، هەموو کەسێک خەوی بەوەوە دەبینی، ئەو بەهەشتەی کە دەیهێنایە بەر چاوی خۆی لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعس لە هەرێمی کوردستاندا بێتەدی، ئەو خەونە نەهاتەدی، واتە سەرکردایەتی کورد نەیتوانی هەلومەرجێکی سیاسیی‌و ئابووریی‌و رۆشنبیریی‌و گوزەرانێکی ئەوتۆ بۆ خەڵکی کوردستان بهێنێتە پێشەوە، لە راستیشدا ئەوە لە تواناداو نەبوو لەبەرئەوەی عێراق گەمارۆیەکی نێودەوڵەتی بەسەرەوە بوو، پاشان عێراق خۆیشی گەمارۆی کوردستانی دابوو، دوای ئەوەی کە شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا حیزبە سیاسییەکانیش گەمارۆی یەکتریان دابوو، ئەم سێ گەمارۆیە کارێکی وایکرد کە ئاستی ژیان، ئارامیی سیاسی، ئارامیی کۆمەڵایەتی‌و ئاشتیی کۆمەڵایەتی نەمێنێتو لەم حاڵەدا خەڵک وڵاتەکەی بەجێ دەهێشتو دەڕۆیشتو دەچوو بۆ وڵاتێک دەگەڕا کە ئارامی‌و ئاسایشی‌و ژیانی تێدا بێت کە گیانی تێدا پارێزراوبێتو ئایندەی مسۆگەربێتو هەموو توێژەکانی گرتبووەوە لە هەژارەوە تاکو دەوڵەمەندەکان.

*** لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعسەوە دیسانەوە ئەو ئومێدانە سەریانهەڵدایەوە، بە رای تۆ لەدوای ئەوە دیاردەکە چۆن کەوتەوە؟**

– لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعسەوە هەلومەرجێکی تازە لە کوردستاندا هاتە پێشەوە کە زۆر جیاواز بوو لە هەلومەرجی دوای راپەڕین، لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعسەوە گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراقو کوردستانیش نەماو سنوورەکان کرانەوەو بودجەی هەرێمی کوردستان کە لەوەوپێش بەپێی پرۆگرامی نەوت بەرامبەر بە خۆراک بریتی بوو لە (١٣٪) دوای رووخاندنی رژێم بوو بە (١٧٪) کە بودجەیەکی گەورەیە، ئاشتی لەنێوان یەکێتی‌و پارتیدا سەقامگیربووبوو، هەردوو حکومەتو ئیدارە بەرەو ئەوە دەچوون کە ئیدارەیەکی یەکگرتوو دروستبکەن، خەڵک ئومێدێکی زۆری بەوەهەبوو کە کۆچی پێچەوانە هەبێت بۆ کوردستان، لەباتی ئەوەی خەڵک لە کوردستانەوە بڕوات بۆ هەندەران، لە هەندەرانەوە کۆچی پێچەوانە دەستپێبکات بۆ کوردستان.

*** بەڵام ئەم کۆچی پێچەوانەیە رووی نەدا، بەڵکو جارێکی دیکە کۆچ بووەوە بە دیاردە؟**

– بەڵێ راستە، خەڵک ئەو هیوایانەی کە هەیبوون لە ئەنجامی زیادبوونی بودجەو جێگیربوونی ئاشتی‌و نەمانی مەترسیی بەعس لەسەر کوردستان، خەڵک پێیوابوو کە کوردستان دەبێت بە بەهەشتی زەمین، بەڵام بەهۆی بوونی ناعەدالەتی لە دابەشکردنی ئەو سەروەتو سامانەی کە دەڕژایە ناو هەرێمو لە ئەنجامی بەحیزبیکردنی کۆمەڵدا کە ئەوەی کە حیزبی نەبوایە هەلی باشی دەستنەدەکەوت بۆ ئیشکردنو بۆ کارکردن، لە ئەنجامی ئەو جیاوازییەی کە لەنێوان دەسەڵاتدارانو چینەکانی خوارەوەدا دروستبوبوو، بەمانایەکی گشتی لە ئەنجامی نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و نەبوونی جۆرێک لە ئازادیی سیاسی‌و دڵنیانەبوون لە ئایندە، ئەمانە بوون بە هۆی ئەوەی کە دیسانەوە کۆچ وەکو دیاردە دەربکەوێت.

*** تۆ دەسەڵات یاخود حکومەت بە بەرپرسیاری یەکەم دەزانن لەو دیاردەیەی کە بەشێوەیەکی بەرفراوان رووی لە کوردستان کرد؟**

– ئەگەر ئێمە هۆیەکان دابەشبکەین بۆ هۆکاری بابەتی‌و هۆکاری خۆیی، هۆکاری بابەتی هەبووە بۆئەوەی خەڵک کۆچ بکات بۆ دەرەوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا بەڵێ، بەرپرسیاری یەکەم دەکەوێتە سەرشانی کاربەدەستانو دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم.

*** بەڵام دەسەڵات پێچەوانەی ئەوە دەڵێت، زۆربەی تۆمەتەکان دەخاتە پاڵ ئەوانەی کە کۆچیان کردووە یاخود ئەوانەی کە لە تاراوگە دەژین. بۆ نموونە پێیاندەڵێن رایانکردووە لە واقیع؟**

– دەتوانین پێیانبڵێین رایانکردووە، بەڵام رایان نەکردووە لە واقیع، رایانکردووە لە بێ عەدالەتی لە نەبوونی هەلی کار، رایانکردووە لە نەبوونی ئایندەیەکی دیار، رایانکردووە لەوەی لەم وڵاتە هەمووی بووە بە حیزبی هەرچی حیزبی نەبێت جێگەی نابێتەوە، رایانکردووە لە دەست ئەوەی کە دێهاتەکان هەمووی وێران بووە، رایانکردووە لەوەی کە پیشەسازی نەماوەو خەڵک هەمووی بووە بە مووچەخۆری حکومەت، هەرچەندە گوزەرانو ژیانیان بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ تەئمین بووە، بەڵام ئاستێکی نزمی گوزەرانیان هەیە بەهۆی نەبوونی کارەوە، واتە وڵاتەکەی ئێمە نە پیشەسازیی ئەوتۆی تیاماوە نە کشتوکاڵی تیا ماوە نە ئاژەڵداریی تیا ماوە نە گەشتوگوزاریی تیا ماوە، شتێکی وای تیا نەماوە کە سەرچاوەی ژیان بێت، سەرچاوەی ژیان هەمووی بریتییە لەو مووچە کەمەی کە لە حکومەتی وەردەگرن.

*** دەسەڵاتی کوردی بەوشێوەیە مامەڵە لەگەڵ رەوەندی خۆیدا دەکات، بەڵام دەوڵەتانی دراوسێ‌و هەموو جیهانیش مامەڵەیەکی ستراتیژی‌و مامەڵەیەکی باشتر لەگەڵ رەوەندی خۆیاندا دەکەنو سوودێکی زیاتریان لێ دەبینن، رای بەرێزت چییە؟**

– ئەوە پرسیارێکی زۆر گرنگە، کوردو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەیانتوانی سوودێکی زۆر لە رەوەندی کوردی لەدەرەوە ببینن، ئێمە چەند نموونەیەکمان هەیە، بۆنموونە چین دەوڵەتێکی زۆر گەورەیە، بەڵام چەندین رەوەندی چینی هەن کە لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوبوونەتەوە بەهەمان شێوە هندستانو پاکستان، دەوڵەتانی دراوسێی خۆمان، لەوانە تورکیا نزیکەی (٥)ملیۆن خەڵکی لەدەرەوە ئیش دەکات، سورییەکان بەهەمان شێوە، لوبنانییەکان نیوەی زیاتریان لەدەرەوەی لوبنان دەژین، یەمەن بەهەمانشێوە، ئەم دەوڵەتانە بایەخێکی زۆریان داوە بە رەوەندی خۆیان لەدەرەوە، چونکە جالییەکان سەرچاوەی هێزن بۆ دەوڵەتەکانیان، ئەمانە بوون بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ داهاتی ئابووریی، بۆ مەسەلەی سیاسی‌و رۆشنبیریی، بۆ مەسەلەی زانیاریی‌و زانستو تەکنەلۆژیاو زانکۆکانیان، ئێمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیتوانی سوودێکی زۆر لە رەوەندی کوردی ببینێت لە دەرەوە.

*** رەوەندی کوردی لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا نەیتوانیوە هۆکارێکی باش بێت بۆ لایەنی ئابووری، کە لەو سەردەمەدا ئابلۆقەی ئابووریی هەبوو.**

– بەپێچەوانەوە، رەوەندی کوردی لەدەرەوە یارمەتی زۆری کۆمەڵگەی کوردی داوە، ئەوکاتەی کە کوردستان لەژێر گەمارۆی ئابووریدا بووو شەڕی ناوخۆ هەبوو کە کارو کاسبی نەبوو کە مووچەی حکومەت کەم بووە، رەوەندی کوردی بە ملیۆنان دۆلاریان ناردووەتەوە بۆ کوردستانو یارمەتی کەسوکاریان داوەو یارمەتی خێزانەکانیان داوەو بەشدارییەکی گەورەیان کردووە لە هەڵسانەوەی باری گوزەرانی خەڵکدا، جگەلەوەش رەوەندی کوردی لەدەرەوە هەر بەتەنیا بەشدارییان نەکردووە لە باشکردنی باری ئابووریدا، بەڵکو بەشدارییان کردووە لە پرۆسەی سیاسیدا، ئەوان هەمیشە هێزێکی فشار بوون کە شەڕی ناوخۆ نەبێت، وڵاتەکە مافی مرۆڤی تیا پێشێل نەکرێت، ئازادی‌و دیموکراتی هەبێت، وڵاتەکە هەڵبژاردنی پاکو نەزیهی تیا بکرێت، دەتوانین بڵێین رەوەندی کوردی هەزاران کەسیان تیا پەیدابووە کە ئێستا ئەکادیمین پزیشکن، ئەندازیارن، مامۆستای زانکۆن، لە بواری جیاجیای ژیاندا پێشکەوتوون کە دەیانتوانی قوڵاییەکی ستراتیژی بن بۆ حکومەتی هەرێمو دەکرا حکومەتی هەرێم کەڵک لەوان وەربگرێتو ئەوانیش سوود لە کۆمەڵگەی کوردی وەربگرن.

*** واتە، دەکرا سوودێکی زیاتریان لێوەربگیرێت، بەڵام حیزبە کوردییەکان ئەمەیان نەکردووە؟**

– ئەوەی جێگەی داخە تائێستا حیزبە کوردییەکان لەدەرەوە، ئەوەندەی بەلایانەوە گرنگ بووە بیرۆی حیزبی بکەنەوە لە وڵاتانی ئەوروپیداو ئەوەندەی کورد بکەن بە حیزبی، ئەوەندە پابەند نەبوون بەوەی کە رەوەندی کوردی هانبدەن بۆئەوەی وەکو جالییەیەکی یەکگرتوو و لە سەروو حیزبایەتییەوە بتوانن رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ خۆیان دروست بکەنو ببن بە فاکتەرێکی بەهێزی پشتیوانیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووی ئابووریی‌و سیاسیی‌و زانستی‌و ئەکادیمییەوە، دەیانتوانی ئەوە بکەن بەڵام کە نەیانکردووە ئەو بە حیزبیکردنەی کۆمەڵگەی کوردیش لەوێ رەنگی داوەتەوە، تۆ چەند لە ئەندامێتی دڵسۆز بیت بۆ حیزبێک ئەوەندە دەتوانیت بێیتە پێشەوە، چەند دووربیت لە حیزبەکە ئەوەندە لە کۆمەڵگەی کوردستان دوورت دەخەنەوە.

*** ئێستا دیاردەی بەزۆر ناردنەوەی ئەو کوردانە هەیە بۆ کوردستان، پرسیارێکی زۆرمان بۆ هاتووە کە دەیانەوێت بزانن رای بەرێزتانو پێشنیازی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەم کێشەیە چییە؟**

– پێش ئەوەی بێمە سەر ئەوەی کە پێشنیازمان چییە، دەمەوێت ئەوە روونبکەمەوە کە ئێستا هەلومەرجی وەرگرتنی پەنابەر زۆر سەختتر بووە لە جاران، جاران سەخت بوو بەڵام ئێستا سەختتر بووە، بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی رێکخراوی ئەلقاعیدەو ئەو کردەوە تیرۆریستیانەی کە لە سەرتاسەری دنیادا کردیان، ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە لە سەرتاسەری دنیادا گومان لەهەموو مسوڵمانێک دەکەن کە رەنگە لە پاشەڕۆژدا ببێت بە کەسێکی خراپ، ئەمە بووە بەهۆی ئەوەی کە لەو وڵاتانەدا ژمارەیەکی زۆر خەڵکی نەتەوەپەرستی دەمارگیر پەیدابوون کە رێکخراوە نەتەوەییەکانی کە دژی بێگانەو دژی پەنابەرن بەهێزبوونو بوون بە هێزێکی فشار لەسەر حکومەتەکانو پەرلەمانەکان، بۆئەوەی کە کۆسپی یاسایی زۆر دروستبکەن لەبەردەم وەرگرتنی پەنابەری تازەدا. هۆیەکی تریشیان ئەوەیە کە ئێستا ئەوروپاو ئەمریکا بە قەیرانێکی ئابووریی گەورەدا تێدەپەڕنو ئەمەش کاری کردووەتە سەرو ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیا مایەپووچ بووە، یاخود ژمارەی کرێکارەکانی یان کارمەندەکانی کەمکردووەتەوە، ژمارەیەکی زۆر بانک مایەپووچ بووە، ئەمە بووەتە هۆی بێکارییەکی زۆر لەو وڵاتانەدا بڵاوبووەتەوەو بووەتە بارێکی قورسی ژیاندنی پەنابەرو بووە بە بارێکی قورس بەسەر باجدەری ئەمریکایی‌و ئەوروپاییەوە، بۆیە هەستی دژومنایەتیکردن بەرامبەر بە بێگانە بەگشتی بەهێز بووەو زیادیکردووە. سەبارەت بە رەفتارکردن لەگەڵ ئەو کێشەیەی کە باستکرد، بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران لە راستیدا دەبێت ئێمە لە دوو لایەنەوە بۆ مەسەلەکە بڕوانین، یەکێکیان شتی دەستوبردە، ئەوەیە کە وەکو شتێکی ئێستایی هاتووەتە کایەوە کە دەبێت چارەسەرێکی کورتخایەنی بۆ بدۆزرێتەوە، یاخود چارەسەرێکی تەکتیکی بۆ بدۆزرێتەوە، لایەنەکەی تریشیان ئەوەیە کە دەبێت هەوڵێکی جدیی بدرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لەسەر ئاستی ستراتیژی‌و درێژخایەن.

*** با لە ئاستی تەکتیکییەوە دەستپێبکەین، ئەو هەنگاوە خێرایانە چین کە پێویستە بنرێن بە رووی ئەم کێشەیەدا؟**

– جارێک با رەوەندی کوردی لەدەرەوە بکەین بەچەند بەشێکەوە، بەشێکیان ئەوانەن کە جێگیربوون لە ئەوروپاو مافی یاساییان وەرگرتووەو بوون بە هاوڵاتی ئەو وڵاتانەو جێگیربوونو هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت دەریانبکاتو بیاننێرێتەوە. بەشێکی تریشیان هەیە کە بە قۆناغی پەنابەریدا تێپەڕیونو مافی پەنابەرییان وەرگرتووە، بەڵام هێشتا نەبوون بە هاوڵاتی لەو وڵاتەدا.

*** بببوورە ئەگەر لەسەر ئەم بەشی دووەمە هەڵوەستە بکەیت، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەنێردرێنەوە؟**

– ئەوانەی کە دەنێررێنەوە، ئەوانەن کە بە پەنابەر وەرنەگیراون، ئەوانەن کە لە کامپەکاندان یاخود لە شوێنی تردانو هیچ مامەڵەیەکی یاساییان بۆ نەکردوون، پێش هەموو شتێک پێویستە حکومەتی هەرێم بەهیچ جۆرێک رەزامەندی دەرنەبڕێت بۆ وەرگرتنەوەی ئەوانەو رازی نەبێت ئەوانە بەوشێوەیەی ئێستا بنێررێنەوە، بەڵکو هەر سووربن لەسەر ئەوەی کە واز لەوانە بهێنن لە وڵاتەکانیان بمێننەوەو مافی پەنابەرییان بدەنێ.

*** ئەی ئەگەر هەر سووربوون لەسەر ناردنەوەیان؟**

– دەبێت حکومەتی هەرێم وەرگرتنەوەیەکی مەرجدار قبوڵبکات، بەو مانایەی کە دەبێت دوو جۆر رەفتاریان لەگەڵدا بکەن، یەکێکیان خولی راهێنانی پیشەییان بۆبکەنەوەو فێری پیشەیان بکەن، چونکە زۆرێک لەوانە کە لێرەوە رۆیشتوون هەرچی سەرمایەیان هەبووە هەمووی فەوتاوەو هیچیان نەماوە، هەموویان بەختکردووە لەپێناوی ئەوەی کە بگەنە دەرەوە، ئێستا کە لە دەرەوەن جارێکی دیکە بێنەوە هیچیان دەستناکەوێت، دەبێت لەپێشدا خولیان بۆ بکرێتەوە بۆئەوەی راهێنانیان پێ بکرێت لەسەر پیشەیەک کە بتوانێت ژیانیان دابین بکات لەدوای گەڕانەوەیان، لەهەمانکاتیشدا یارمەتییەکی داراییان بدرێت تا بتوانن ژیانی خۆیان بینابکەنەوە، چ لە ئەوروپا بێت چ لە کوردستان بێت، بە رای من دەبێت حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بکەوێتە گفتوگۆ بۆئەوەی ئیجباریان بکات کە ئەو رێگایانە بگرنەبەرو راهێنانیان پێ بکەن، پیشەیەکیان فێربکەن، یارمەتی داراییان بدەن یاخود لە بواری وەبەرهێنانی وڵاتی خۆماندا کاریان پێ بسپێرن، ئەگینا ئەوانە هەر وا بەبێ مەرج قبوڵ نەکەن بگەڕێنەوە.

*** واتە ئێوە پشتگیریی ئەو وڵاتانە ناکەن بۆ پرۆسەی بەزۆر ناردنەوە؟**

– بێگومان پشتگیریی ناکەینو بەلامانەوە شتێکی خراپە.

*** لەسەر تەوەرە ستراتیژییەکەی کە باستکرد، هەنگاوە ستراتیژییەکان چین؟**

– هەنگاوی ستراتیژی ئەوەیە کە وەکو پێشتر باسمکرد، هۆکاری راونان هەیە هۆکاری راکێشان هەیە، هۆکارەکانی راکێشان ئێستا کەمبوونەتەوە بەهۆی ئەو هۆکارانەی کە باسمکردن، بەڵام هۆکارەکانی راونان هەرماون. دەبێت ئێمە کار لەسەر ئەوە بکەین کە لەمەولا سیاسەتێکی رۆشنو دیارمان هەبێت بەرامبەر بە رەوەندی کوردی لەدەرەوەو ستراتیژێکمان هەبێت بۆئەوەی کە کارێکی وابکەین کوردستانی عێراق بتوانێت کەڵک لە رەوەندی کوردی وەربگرێت لەدەرەوە، لە رووی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌و ئەکادیمی‌و زانستییەوە، ئەوان کەڵک بگەیەنن بە کوردستان، کوردستان کەڵک بەوان بگەیەنێت، جۆرێک لە کارلێک لەنێوان هەرێمی کوردستانو لەنێوان نیشتمانو تاراوگە لەنێوان رەوەندی دەرەوەو کۆمەڵگەی کوردستاندا دروستبکرێتو دەبێت کارێکی وابکەین کە هۆکارەکانی راونان کە لە سەروو هەموویانەوە بەحیزبیکردنی کۆمەڵگەو نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و نەبوونی ئازادییە تاکەکەسییەکانو ئەوانە چارەسەر بکرێن بۆئەوەی نیشتمانێک دروست بکەین، هاوڵاتییەکان بە خۆشییەوە تیایدا بمێننەوەو سەری خۆیان هەڵنەگرن بۆ دەرەوە.

# نـــەوشیروان مستەفا: ئـ
# بەڵکو لـــە بێ عەداڵـــ

سازدانی: هوشیار عەبدوڵا

**مەسەلەی کۆچو بارودۆخی پەناهەندەو ئەو بارودۆخەی رەوەندی کوردی تیایەتی بەشێوەیەکی گشتیو ئەو پرسیارانەن کە لەماوەی رابردوودا بەدەستمانگەیشتوون، هەربۆیە پێویستمانزانی بیکەین بە تەوەرێکی سەرەکیو رووبەڕوو لەگەڵ کاک نەوشیرواندا گفتوگۆی لەبارەوە بکەین، بەڵام بەرلەوەی بێینە سەر تەوەری سەرەکی ئەم بەرنامەیە، چەند سەرنجێک هەیە کە پێویستە بە ئێوەی بەڕێزو خۆشەویستی رابگەیەنم کە لە بنەمادا فەلسەفەی ئەم بەرنامەیە لەگەڵ بەڕێز نەوشیروان مستەفادا بۆئەوەیە کە بۆ روونی زیاترو بۆ شەففافیەتی زیاترو بۆ زانینی رای کاک نەوشیروان و لە رێی ئەویشەوە بزووتنەوەی گۆڕان و هەموو ئەو پرسو بۆچوون و بەدواداچوونانەی کە بزووتنەوەی گۆڕان هەیەتی، بۆئەوەی لە پەیوەندی راستەوخۆدا بێت لەگەڵ ئێوەی بەڕێزو خۆشەویستو لەگەڵ تێکرای خەڵکی کوردستان، هەروەها دامودەزگا میدیایی و راگەیاندنەکانیش، هەموو ئەو بۆچوونانەی کە لەم بەرنامەیەدا دەوترێن چ وەکو بەهای هەواڵ یان چ وەکوو روونکردنەوەو بۆچوون دەخرێنەڕوو، ئەمانە رای راستەقینەی بزووتنەوەی گۆڕان یاخود نەوشیروان مستەفان.**

*** بە پێویستی دەزانم لەسەر ئەم روونکردنەوەیە شتێکت لێ بپرسم، ئایا ئەو رایانەی لەم بەرنامەیەدا دەوترێن کافین، یاخود زۆرجار لە زۆر شوێن بە ناوی سەرچاوەیەکی نزیک لە بەڕێزتان یاخود لە بزووتنەوەی گۆڕانەوە کۆمەڵێک هەواڵ بڵاودەکرێنەوە، رای بەڕێزت چییە؟**

– من بۆیە پێمخۆش بووە کە ئەو بەرنامەیە رووبەڕوو هەبێت، بۆئەوەی هەر پرسیارێک هەبێت بتوانین وەڵامی بدەینەوەو هیچ شتێک لە تاریکیدا نەمێنێتەوە، یەکێک لە جیاوازیی شێوەی کارکردنی ئێمە لەگەڵ هەندێک لایەندا ئەو رۆشنییەیە کە هەمانەلە هەموو بوارەکانی کارکردندا، چ لە کادیرە سەرەکییەکانماندا چ لە ئەوانەی سەرکردایەتیو کەسایەتی سەرەکین لەناو جوڵانەوەکەدا چ لەوانەی کە ئێمە دەیورەووژێنین، خۆم بەلامەوە سەیرە، ئێمە تەلەفزیۆن و رادیۆمان هەیە کە دەتوانین قسەی لێوە بکەین، رۆژنامەمان هەیە کە دەتوانین هەموو شتێکی تێدا بڵاوبکەینەوە، سایتمان هەیە کە دەتوانین هەموو بابەتێکی تێدا بنووسین، جاروبار لە هەندێک شوێن هەندێک هەواڵ بڵاودەکرێتەوەو دەڵێت سەرچاوەیەکی نزیک لە کۆمپانیای وشە کە نەیویست ناوی خۆی بهێنێت یان سەرچاوەیەکی نزیکو ئاگادار لە فلان کەس کە نەیویست ناوی خۆی بهێنێت، من پێموایە کە تائێستا کەس نەگیراوەو دەستبەسەر نـەکـراوە، ئـەوانـەی کە بەوجۆرە ئیش دەکەن لە راستیدا نزیکی ئێمە نین، ئەگەر نزیکی ئێمە بن ناوی خۆیان بە ئاشکرا دەڵێن و ئومێدموایە لەمەولا ئەوانەش کە هەر هەواڵێکیان بڵاوکردەوە لەو جۆرە سەرچاوانەوە، هەوڵبدەن سەرچاوەی هەواڵەکە بڵێن، نەک لە تاریکیدا بیهێڵنەوەو بە نەزانراوی دایبنێن، ئێمە پێویستمان بەوانە نییە، ئێمە بە ئاشکرا بانگ دەدەین.

*** بـۆ چـارەسـەرکـردنـی ئـەم مەسەلەیە، بیرتان لە دانانی وتەبێژێک نەکردووەتەوە یان چارەسەر چییە؟**

– پێمانوابووە هێشتا زووە، ئەگینا وەکو چۆن لەکاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا وتەبێژێکمان دانا بۆ لیستی گۆڕان، ئەمجارەش کە کاتی مەسەلەی پێکهێنانی لیست هاتە پێشەوە بێگومان وتەبێژێکی رەسمیی دادەنێین، هەروەها وتەبێژێکیش دادەنێین بۆ بزووتنەوەی گـۆڕان کـە بـەنـاوی بـزووتـنـەوەی گۆڕانەوە قسەبکات، ئەوکاتە قسەکانی ئەوان شێوەی رەسمیی وەردەگرێت و ئەو هەواڵانەی کە دەیانەوێت دەتوانن لە دەمی ئەوانەوە وەریبگرن.

*** با بێینە سەر تــەوەری کۆچو کۆچبەران و لەو پرسیارەوە دەستپێبکەین کە بەشێوەیەکی گشتیی هۆکارەکانی دیاردەی کۆچ چین؟**

–پێموایە کۆچ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا رابـردوویـەکـی زۆر دوورودرێــژی هەیە، بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی کۆچ هەبووە. ئەوەی راستی بێت من تـوێـژەری کۆمەڵایەتی نیمو ئەوەی جێگەی داخە لە کوردستانیشدا تائێستا هیچ ناوەندێکی لێکۆڵینەوە باسێکی جدیی لە مەسەلەی کۆچ نەکردووەو هیچ بەشێکیش کە بەناوی کۆمەڵناسیو بەناوی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە کاردەکەن لە زانکۆکانی کوردستاندا، هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر دیاردەی کۆچ نەکردووەو ئامارێکی وامان لەبەردەستدا نییە، بـەڵام دەشێت کـۆچ ئـەوەی لە زانستی کۆمەڵناسیدا باسیدەکەن دوو هۆی سەرەکی هەیە، کۆچ دەشێت کۆچ بێت دەشێت کۆچپێکردن بێت.

*** ئەگەر بە دیاریکراویی بێینە سەر کوردستان، ئەم دیاردەیە چۆن تەماشادەکرێت؟**

– ئـەم جـارە ئێمە باسی کۆچی ئـارەزوومـەنـدانـە دەکـەیـن، بـەڵام کۆچپێکردن لەمێژووی کورددا زۆرجار روویداوە، نزیکترینیان ئەو کۆچپێکردنە بوو کە بەسەر فەیلییەکاندا هات لە حەفتاکانداو سەدان هەزار کەسیان لە عێراق دەرکردن بۆ ئێران و شوێنەکانی ترو کۆچپێکردنی ئیجباری بوو. ئەم دیـاردەیـە لە کوردستانی ئێمەشدا بێگومان هەردوو هۆکارەکە هەبووە. هۆکاری ناوەکی کە دەتوانین ناوی بنێین هۆکاری راونان و هۆکاری دەرەکی یان هۆکاری راکێشان.

*** پێتوایە کۆچ لە کوردستاندا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە؟**

– ئەگەر سەیری رابردوو بکەین، دەبینین لە چوار قۆناغدا لێشاوی کۆچ زیاتر بووە لە ساڵانی ئاساییدا. لێشاوی یەکەم ساڵی(١٩٧٥) کاتێک شۆڕشی کورد هەرەسیهێنا شەپۆلێکی گەورەی کۆچ دەستپێکرد بەرەو ئێران و تورکیاو سوریاو بـەرەو ئـەوروپـاو ئەمریکا، لێشاوی دووەمـی کۆچ ساڵی(١٩٨٨) دیسانەوە هەر لەژێر سایەی بەعسدا پاش ئەوەی کە لە ئەنجامی پرۆسەی ئەنفالدا شۆڕشی کـورد شکستێکی گـەورەی بەسەرداهات و کوردستان وێرانبوو، دیسانەوە شەپۆلێکی گەورەی کۆچ دەستپێکرد بەرەو ئێران و تورکیاو وڵاتانی تری دنیا. لێشاوێکی تر لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوەو لێشاوێکی دیکە کە لەدوای راپەڕینەوە تا رووخانی رژێمی بەعس، بەگشتی دەتوانین ئەم چوار قۆناغە دەستنیشان بکەین بۆ کۆچ کە لەم قۆناغانەدا زۆرترین کەس کۆچیان کردووە.

*** جیاوازییەکانی ئەم قۆناغانەی کە باستکردن چین؟**

– جیاوازییان هەیە، هەرچەندە هـۆکـارەکـان هـەر هـەمـان هۆکاری راونـان و راکێشانن، سـاڵـی(١٩٧٥) مەینەتیەکی نەتەوایەتی بەسەر کوردا هات و شۆڕشی کورد شکستیهێنا لە ئەنجامدا سەدان هەزار کەس کۆچیانکرد بەرەو وڵاتانی دەرەوە کە لە ئەنجامی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بوو، ئـەوەی کە کاتی خـۆی پێماندەوت تەهجیرو تەعریبو تەرحیلو تەبعیس، بەعسییەکان دەستیان نەدەپاراست لە کورد، لەبەرئەوە کوردیش رایدەکرد لە دەست ئەوان و وڵاتەکەی بەجێدەهێشت،

***: تۆ باسی ئەوەت کرد لە بەغدا چییان کردووە با من پرسیارەکە بە درێژتری دەستنیشان بکەم، وەک رۆژنامەنووسێک دەپرسم لە ئاستی کوردستاندا چییان کردووە لانیکەم بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی سلێمانی و هەولێرو دهۆک، هەست ناکەیت هەمان گرفت لێرەشدا ئامادەیی هەیە؟**

_بەڵێ ئێستاش جارێکیکەش باسی ئەوەم کرد، کە ئەگەر تۆ بتەوێت نەتەوە وەکو نەتەوەیەک پیشان بدەیت، دەبێت بەجۆرێک هەوڵدەیت ئیندماج لە نێوان ناوچە جیاوازەکاندا دروست ببێت، بۆ نمونە دەبێت هەوڵبدەین جۆرێک لە تێکەڵاوبوونی ئابووریی لە نێوان سلێمانی و هەولێرو دهۆکدا دروست ببێت،

## هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنی دیکە نە لە کوردستان و نە لە عێراقدا ناکەین

جۆرێک لە ئیندماجی رۆشنبیریی لە نێوان سلێمانی و هەولێرو دهۆکدا دروست ببێت، جارەکەی دیکەیش باسم کرد، چی رێگە لەوە دەگرێت کە بەڵێندەرو رجال ئەعمالی دهۆکی بێنە سلێمانی ئیش بکەن، هی سلێمانی برۆن لە دهۆکو هەولێر ئیش بکەن؟، چی رێگە لەوە دەگرێت، کە چەند هەزار خوێندکارێکی دهۆکی و هەولێری بێن لە زانکۆکانی سلێمانی بخوێنن و چەند هەزار خوێندکاری سلێمانی و هەولێر لە دهۆکو لە زانکۆکانی دیکە بن؟، بۆ ئەوەی تێکەڵاوی دروست بێت چی رێگە لەوە دەگرێت؟، بۆ نمونە ئەوان کارێکی وایان کـردووە رۆژنامەکانی کە لە سلێمانی دەردەچێت لە سنووری سلێمانی دەربچێت ژمارەیەکی زۆر کەمی لێ بڵاودەبێتەوە هی هەولێر بە زەحمەت دەگاتە سلێمانی و دەروورو پشتی سلێمانی، هی دهۆک هەر ناگاتە سلێمانی هی سلێمانی کەمدەگاتە دهۆک، ئەمە کارێکی وای کـردووە، کە بووە بە چەند زۆنێک، کە سلێمانی بۆ خۆی شتێکە هەولێر بۆ خۆی شتێکە، دهۆک بۆ خۆی شتێکە، ئەمە پێچەوانەی بەرژەوەندی نەتەوەییە، بەرژەوەندی نەتەوەیی لەوەدایە، کە جۆرێک لە ئیندماج لە نێوان ئەماندا بێت تێکەڵاوبوون لە نێوان ئەم ناوچانەدا دروست ببێت، بۆ ئەوەی هەندێک لەو سنوورانە بسڕێتەوە، کە هەست بەناوچەگەرێتی و هەست بە شتێک لەو بابەتانە دەکرێت.

*** لە قسەکانتانەوە وا دەخوێنمەوە، کە تۆ کێشەت لەگەڵ ئیتفاق یاخود رێکەوتنی پێش هەڵبژاردن هەیە، واتـا دەکرێت لە داوی هەڵبژاردن بتوانرێت شتێک بکرێت؟**

_ بەڵێ، ئێمە خۆمان لە هیچ کەسێک بە کەمتر نازانین، لەڕووی داکۆکیکردن لە مافە نەتەوایەتییەکانی میللەتەکەمان، لە ئێستاو لە پاشەڕۆژیشدا، ئێمە دەبینە ئەو هێزەی، کە دیفاعێکی سەرسەخت لە مافە نەتەوەییەکانی میللەتی کورد دەکەین، پێمانوایە لەو بوارە رێگە بە کەس نادەین موزایەدەمان بەسەردا بکات، ئەوان زیاتر لە بەرەو ژووری پێنج ساڵە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە لە بەغدا چییان کردووە؟ بۆ ئەو مافە دەستووریانەی کە کورد لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بە دەستیهێناوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەوە بۆ نموونە دەتوانین ئێمە لە کوتلەی پەرلەمانی خۆمان لە بەغدا بپرسین، بزانین ئایا ئەوان بۆ بە رەسمیی ناسینی زمانی کوردی بۆ دابینکردنی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە (٧٥) باڵوێزخانەی عێراق کە ئێستا لە دنیا بڵاوبوونەتەوە، بۆ رێکخستنی هێزی پێشمەرگە بەشێوەیەکی سەردەمییانە لە سوپایەکی نیزامیدا، بـۆ گـەڕانـەوەی نـاوچـە دابـڕاوەکـان چەند پـڕۆژەی قانوونییان تەسلیمی پەرلەمانی عێراق و ئەنجومەنی وەزیران کردووەو ئەوان رەتیانکردبێتەوە؟، ئەگەر کردوویانەو رەتکرابێتەوە با بۆمان باسکەن، ئەگەر نەشیان کردووە بۆ نەیان کـردووە؟، ئێمە پێمانوایە ئەوان زۆرتر ئەوانە بایەخیان بە دەستکەوتی حیزبیداوە، وەک لە دەستکەوتی نەتەوەیی.

*** کە باس لەو رەخنانە دەکەیت یاخود کە رەخنەدەگریت قسەیەک لەسەر تۆ هەیەو بە بەردەوامیی ئەم پرسیارە دەکرێت لەناو خەڵکیشدا هەیە، کە نەوشیروان مستەفا تاماوەیەکی زۆر لە سەرکردایەتی سیاسەتی کورد بووەو یەکێک بووە لە دەسـت رۆیشتووەکان، بـەڵام بۆچی لە رابردوودا کاری بۆ ئەمانە نەکردووە، یان ئەم شتانەی چاک نەکردووە، یاخود هەوڵی بۆ نەداوە؟**

–لە هەر قۆناغێکدا منیش و هاوڕێکانیشم ئەولەویەتمان بەلاوە گرنگە، ئێمە لە دوای ساڵی (١٩٩٢)ەوە پـڕکـردنـەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنی و ئیداریی و ئابوورییەی، کە لە کوردستاندا هەبووەو دروستکردن و دامەزراندنی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان، چ پەرلەمان، چ حکومەت، چ دامودەزگای ئاسایش و پێشمەرگەو ... ئەوانەمان زۆر بەلاوە گرنگ بوو، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە ئەنجامی دەرکردنی دەسـەڵاتـی بەعسدا لـە کوردستاندا دروسـت ببوو پڕ بکرێتەوە، بێگومان ئەوە کرا، هەرچەندە بۆ بەدبەختی کورد شەڕی ناوخۆی بەسەرداهات، بەڵام ئەوە جێبەجێکرا لە قۆناغی دووەمدا قۆناغی ئەوەبوو، کە لە دەستووری عێراقیدا چۆن دەتوانین مافەکانی کورد جێبەجێ بکەین و چـۆن دەتوانین هەوڵبدەین، کە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە عێراقدا لەناو دەستووری هەمیشەیی عێراقدا جێگە بکرێتەوە، لەوەشدا تا ئەندازەیەکی باش ئێمە بەشداریمان کردووە، منیش و هاوڕێکانیشم بـەوپـەڕی توانامانەوە بەشداریمان کردووە لە کاتی نووسینی دەسـتـووردا، توانیومانە کۆمەڵێک لە مافەکانی کورد کەمو زۆر بخەینە ناو دەستووری عێراقەوە لە دوای رووخانی رژێمی بەعس و لە دوای ئەوەی کە بڵێین دەسـتـووری عێراقی نـووسـراوە، ئێمە پێمانوایە قۆناغێکی دیکە لە کوردستانی عێراقدا هاتووەتە پێشەوە، ئەویش رێکخستنەوەی ناو ماڵی کوردە، کە ئەو کەموکوڕییانەی لە ئیدارەی کوردیدا لە کارگێڕیی و بەڕێوەبردنی کوردستانی عێراقدا هەیە ئەوانە چارەسەر بکرێن، سەرلەنوێ ئێمە هەوڵبدەین ناوماڵێکی رێکوپێک، کە جێگەی رەزامەندی زۆرایەتی میللەتەکەمان بێت دابمەزرێنین، لەوەو پێشیش ئەوەندەی من و هاوڕێکانم پێمان کرابێت، پڕۆژەمان پێشکەش کردووەو پێشنیارمان کردووە، ماوەیەکی زۆر بە ئومێدی ئەوە بوین، کە لەناو حیزبەوە بتوانین گۆڕین لەناو دەسەڵاتیشدا بکەین، ئەگەر گۆڕین لەناو حیزبدا بکرایە، ئەوا سەرەتایەک دەبوو بۆ گۆڕان لەناو دەسەڵاتدا، بەڵام بەداخەوە ئێمە نەمانتوانی و ئیرادەی گۆڕان لەناو یەکێتیدا نەبوو لەبەرئەوە هاتینە دەرەوە لە دەرەوە لەم بزووتنەوەیەدا خۆمان رێکخستووە، کە ئێستا بە ناوی بزووتنەوەی گۆڕانەوە کار دەکەین.

*** بەڵام کاک نەوشیروان پرسیارێک هەیە یاخود قسەیەک هەیە بەوەی، کە کاک نەوشیروان رێگەی زۆری لە بەردەمدا بوو، کە بیکات جیاواز لە بزووتنەوەی گۆڕان؟**

_ رێگەی دیکە وەکو چی مەسەلەن؟

*** بۆ نموونە باس لەوە دەکرێت، کە تۆ لەگەڵ شەخسی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، کە مام جەلالە پەیوەندییەکی یاخود هاوڕێیەتییەکی دوورو درێژتان هەبووە، دەکرا لە رێگەی ئەم هاوڕێیەتییەوە جۆرێک لە چارەسەر بۆ زۆر لە کێشەکان بدۆزرێتەوە.**

_ بەڵێ، ئەوە راستە ئێمە ساڵانێکی دوورودرێــژی تەمەنمان بەیەکەوە لە کاری سیاسیدا بەسەر بـردووە، بەڵام لە راستیدا ئێمە کیشەکانمان کێشەی ئاشتبوونەوەو زیزبوون نییە، واتا من لە یەکێک عاجز بووبم بچین ئاشتی بکەینەوە، ئەوە کارێکی زۆر چەوتە ئێمە بمانەوێت کەساندنی کێشەو موشکیلەکان بکەین، من پێموایە ئێمە لەم قۆناغەدا کە باسم کرد، لە دوای ساڵی (٢٠٠٥)ەوە جۆری فەلسەفەی سیاسیمان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و جۆری ستراتیژیی ئیشکردنەکەمان لە بەغدا جیاوازە، نەمانتوانی جۆرێک لە تێگەیشتنی هاوبەش بۆ ئەو مەسەلانە بدۆزینەوە، بۆیە بەجێمان هێشت، ئەگینا وەکو تر ئێمە کێشەکانمان شەخسی نییە، کێشەکانمان کێشەیەکی سیاسیی قانوونی و ئیدارییە.

*** ئەو جیاوازییانە چین؟**

_ لە کوردستاندا ئێمە جیاوازین لەسەر جـۆری بەڕێوەبردنی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، ئەوان دەیانەوێت دامودەزگاکان بە حیزبی بکەن، ئێمە دەمانەوێت چەمکی هاوڵاتیبوون جێگیر بکەین لە کوردستانی عێراقدا، لە بەغداش ستراتیژی ئێمە وەکـو باسمکرد بۆ جێبەجێکردنی مافە دەستوورییەکانی گەلی کـوردە، جیاوازە لەگەڵ شێوەی کارکردنی ئەواندا، ئەوان زۆر بەلایانەوە گرنگە چ پلەوپایەیەک لە حکومەتدا وەردەگرن و شتی دیکەیان بەلاوە گرنگ نییە، یان کارێکی جدییان بۆ نەکردووە، ئێمە لە لای خۆمانەوە دەبێت هەوڵبدەین لە بەغدا ستراتیژی کردنی ئێمە بریتی بێت لە جێبەجێکردنی مافە دەستوورییەکانمان، کە لە دەستووردا دیاریکراوە، من بەلامەوە گرنگ نییە کێ پلەیەک وەردەگرێت لە بەغدا، عـەرەب دەبێت یاخود کورد بە قەدەر ئەوەی، کە بە لامەوە گرنگە تا چ ئاستێک بەرگریی لە مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکات لەناو دەزگـای بڕیاردانی سیاسیی حکومەتی عێراقیدا.

*** کێشەکە لای تۆ کێشەیەکی شەخسی نییە یاخود بە کەسی کردن نییە، ئێستا پرسیارێک زۆر دووبـــارە دەکرێتەوە ئەگەر ئێوە چون بۆ بەغدا، ئایا ئێوە وەک بزووتنەوە دەنگ دەدەنەوە بە مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار؟**

_ پێموایە جارێ هێشتا ئەوە زووە وەڵامـی ئەو پرسیارە بدەینەوە، وەکو باسیشم کـرد ئێمە زۆر بە لامانەوە گرنگ نییە کێ چ پلەو پۆستێک لە بەغدا وەردەگرێت بە قەدەر ئەوەی، کە بزانین ئەو کەسە بەرگریی لە مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکات و هەوڵدەدات بۆ جێبەجێکردنی مافە نەتەواتییەکانی کورد.

*** دوا پرسیارم کە دیسان پرسیارێکە، کە زۆر هاتووە بۆمان باس لەوە دەکات، کە لەم هەڵمەتی هەڵبژاردنی دواییەدا کاک نەوشیروان تێکەڵ بە خەڵک دەبێت و دێتەخوارەوە بۆ ناو خەڵک؟**

_ بـەڵـێ ئـەوە زۆرجـار لە خۆشم ئەپرسن ئـسلوبی راگـەیـانـدنـی ئێمە شێوازی کارکردنی ئێمە لە راگەیاندندا جیاوازە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا، وەکو لە لایەنەکانی دیکەدا بووە بە عادەت ئەو کاربەدەستانەی کە خەڵک دەبینن دەیکەن بە هەواڵی یەکەم، لە تەلەفزیۆن و لە رادیۆو لە لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکاندا، ئێمە رۆژی وا هەیە بە دەیان کەس دەبینین، رۆژ هەیە بە سەدان کەس دەبینین، بەڵام لە لای ئێمە ئەو جۆرە بینینانە بەهای هەواڵی نییە، بۆ گوێگرو بۆ تەماشاکەری ئاسایی لەبەرئەوە ئێمە نایکەین بە هەواڵ، ئەگینا ئێمە رۆژانە وەکو باسمکرد بە دەیان بگرە بە سەدان لە چینوتوێژی جیاوازی کۆمەڵایەتی لە سەرانسەری کوردستانەوە دەبینین و تێکەڵاویان دەبین و گوێ لە قسەکانیان دەگرین و موناقەشەیان لەگەڵدا دەکەین، بەڵام خۆ ناکرێت وەک زەمانی قەدیم ئێمە جەولە بکەین.

***ببوورە رەنگە زیاتر پرسیارەکە ئـەوە بـێـت، کـە لـە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا تێکەڵی کۆڕوکۆبوونەوە جەماوەرییەکان دەبیت یاخود نا، یان ئایا ئەمە پەیوەستە بەخودی خۆتەوە یان بەو ستراتیژەی کە لەلایەن لیستی گۆڕانەوە دادەنرێت؟**

_ئێمە کۆمەڵێک خەڵک کە بەراوێژ لەگەڵ یەکتردا کار دەکەین، حەزدەکەم ئـەوە لـێـرەدا بەخەڵک رابگەیەنم من بەشێکی زۆری تەمەنم لە خزمەتی میللەتەکەم بەسەربردووە ئێستاش خۆم بە خزمەتکاری میللەتەکەم دەزانم، خزمەتی میللەتەکەم لەچیدا بێت لە تێکەڵاوبوونی رۆژانەی مندا بێت، کە بچم بۆ ناو بازاڕو دوکان بە دوکان بگەڕێم دەچمو دەیکەم، ئەگەر لەشێوەیەکی دیکەیشدا بێت دەیکەم، بەڵام ئەو کەسانەی بەرنامەی کاری بزووتنەوەی گۆڕان دادەنێن بۆ هەڵبژاردنی داهـاتـوو ئـەوان هەرچی بڕیارێکیاندا من جێبەجێی دەکەم.

## (١٧٪)ی هەرێمو بودجەی پێشمەرگە چۆن دادەنرێت؟

# بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێم، دوو ترلیۆن دینار لە بودجەی ئەمساڵ زیاترە

**شارا عەبدولڕەحمان**

بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٠) بریتییە لە (١٠)ترلیۆنو (٢٣٣)ملیارو (٧٢٢)ملیۆنو (٥٩٣)هەزار دیناری عێراقی، ئەمەش دوو ترلیۆنی لە بودجەی ساڵی (٢٠٠٩)ی هەرێم زیاترە کە (٨)ترلیۆنو (٨٥٧)ملـیـارو (٢٦٣)ملـیـۆن دیناربوو، ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش داوا لە حکومەتی هەرێم دەکـات کە زوو بەشە بودجەی هەرێم بخەمڵێنێت تا چیتر کوردستان گلەیی دواکەوتنی خەملاندنی بودجەی لێ نەکرێت.

ڕۆژی پێنجشەممەی رابــــردوو (٢٠٠٩/١٠/٢٢) بودجەی گشتیی ساڵی (٢٠١٠)ی عـێـراق گەیشتە ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراقو ڕۆژی یەکشەممە (١٠/٢٥) بەفەرمیی گەیشتە لیژنەی دارایی بۆ تاوتوێکردنی، بودجەکەش بریتییە لە (٨٨٣) ترلیۆنو (٤١٧)ملیارو (٥٦١)ملیۆنو (٦٤٤)هــەزار دیناری عێراقی، کە دەکاتە (٧١)ملیارو (٣٠٠)ملیۆن دۆلار، بەو مەرجەی نرخی (١٠٠)دۆلار لە بازاڕەکانی عێراقدا (١١٧)هەزار دیناربێتو ڕۆژانەش (٢)ملیۆنو (١٠٠)هەزار بەرمیل نەوت بنێردرێتە دەرەوەو نرخی هەر بەرمیلێک نەوتیش (٦٢,٥)دۆلار بێت.

لە مادەی (١٧)ی یاسای بودجەی گشتیی ساڵی (٢٠١٠)ی عێراق، (١٧٪)ی بودجە، دوای لێدەرکردنی خەرجییە سەروەرییەکانو خەرجییە حکومییەکانو خەرجی پەرەپێدان بۆ هەرێمەکانو ئەو ناوچانەی سەر بە هەرێم نین، بۆ هەرێمی کوردستانەو بەو پێیەش (١٠)ترلیۆنو (٢٣٣)ملیارو (٧٢٢)ملیۆنو (٥٩٣)هەزار دینار بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستانە، کە دەکاتە (٨)ملیارو (٧٠٠)ملیۆن دۆلار، بەگشتیش بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی عێراق (٢١)ترلیۆنو (٨٦٢)ملیارو (٢٤٩)ملیۆنو (١٤٤)هـەزار دیناری عێراقی کورتدەهێنێت، کە دەکاتە (١٨)ملیارو (٥٠٠) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.

سەبارەت بەوکێشانەی کەساڵانی رابردوو لەعێراقەوە بۆ بودجەی هەرێمی کوردستان دروستدەکران، د.ئیسماعیل شوکور، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایـی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کێشەکانی ساڵی رابردوو بۆ کورد دروست نابنەوە، چونکە بەپێی یاسای بودجەی گشتیی ساڵی (٢٠١٠)ی عێراق (١٧٪)ی هەرێمو مەسەلەی پێشمەرگە یەکلایی کراونەتەوە.

لەمادەی (١٦) لەیاسای بودجەی گشتیی ساڵی (٢٠١٠)ی عێراقدا هاتووە «بۆ دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیتیحادی هەیە کە ڕێکبکەوێت لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، دەربارەی خەرجییەکانی پاسەوانی سنووری هـەرێـم، کە بریتییە لە مووچەو چەکو


هێزی پێشمەرگە لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ نمایشێک

جل‌وبەرگ»، هاوکات هەر بەپێی یاساکەش «پێویستە حکومەتی عێراقی لەساڵی (٢٠١٠)دا ئامارێکی تـەواوی عێراق بکاتو ئەگەر بەپشتبەستن بە ئەنجامی ئامارەکە دەرکەوت ڕێژەی هەرێمی کوردستان، (١٧٪)ەکە زیاتر یان کەمترە، ئەوا بۆ یەکلاییکردنەوەی پارەکە هـەردوولا ڕێکدەکەون کە چۆن پاکتاوی دارایی نێوانیان دەکەن».

هاوکات ئەندامەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێیوابوو، کە ڕەنگە تێپەڕاندنی بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی عێراق نەگاتە کۆتایی ئەمساڵ، «بەوپێیەی ئەمساڵ هەڵبژاردن لەپێشەو ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ دەستبەکار دەبێت، پێویستە بودجەی گشتیی عێراق لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یەکلاییبکرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی بودجەی هەرێمو بودجەی پێشمەرگە بەیاسا یەکلاییکراونەتەوە».

ســەبــارەت بە تێپەڕاندنی بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێم، د.ئیسماعیل شوکور داوای لە حکومەتی هەرێم بەگشتیو وەزارەتـی دارایی بەتایبەتی کرد، کە دەستبەکاربن بۆ خەملاندنی بودجەی (٢٠١٠)ی کوردستان بۆ ئەوەی چیتر سکاڵای ئەوە لە کورد نەکرێت کە تێپەڕاندنی بودجە دوادەخات.

## بەشی هەرە مەزنی توانا مرۆییەکان لە کوردستاندا بە فیرۆ دەدرێن

# زیندووکردنی سەرمایە مردووەکان

**محەمەد ئەمین گەناوی**

هــەر بوارێکی ئابووریی مـۆدێـرن لە سەردەمی ئەمڕۆدا سەرمایەی پێویستە، بوونی سەرمایە مەرجی سەرەکیی گەشەو پایەداری ئابوورییە لە هەموو بوارەکاندا لە هەر شوێنێکی دنیادا بێت.

بوونی سەرمایە پێوەرە بۆ هەژاریی یان دەوڵەمەندیی هەرولاتوگەلودامەزراوەیەکی دەوڵەتی یا نادەوڵەتی، سەرکەوتن یان شکستی هەر بەرنامەو پڕۆژەیەکی سیاسی.

ئەگەر بمانەوێت مێژووی سەرمایەو ڕۆڵـی گرنگی سەرمایە شرۆڤە بکەین لە ئاستی جیهانیدا، لە چوارچێوەی گوتارێک دەردەچێتو گەلێک لایەنی دیکە دێنە ناوەوە، کە پێویستی بە پشتبەستن بە بەڵگەی ئەکادیمی دەوێت، ئەمەش کاری گوتارێک نییە کە مەبەست تەنیا لەمە زەنگلێدانو وروژاندنە بۆ ئەوەی کە خەڵکانی دیکە بە بیروباوەڕی جیاواز لە ئاستی حکومیو ئەکادیمی گرنگی پێبدەنو وەریبگێڕنە سەر ئەرزی واقیع.

بە شێوەیەکی گشتیی کە سەرمایە لە خـۆرئـاوا پەیدابوو «هـۆی دروستبوونی سەرمایە لە ئەوروپا کە گەشەو شۆڕشی پیشەسازیی لێکەوتەوە بۆخۆی بابەتێکی مێژوویی، کۆمەڵایەتییو فەرهەنگی هەتا ئاینییە وەک هۆکار، هیوادارم بتوانم یان خەڵکی دیکە لەسەری بنووسین» دەورانی پیشەسازیی هاتە کایەوە، بەرهەمی کشتوکاڵی زیادیکرد، بەهۆی پێویستی بۆ مادەی خام (کاڵ) بۆ پیشەسازی دەورانی کۆلۆنیالیزم پەیدابوو، بەمەش پەیوەندیی بازرگانیو پەیوەندیی جیهانی لەنێوان گەلاندا پەیدابوو، ئیتر کە سەرمایەو بەرهەمهێنان لە خۆرئاوا پڕبوو، واتە زیاتر لە پێویستی ناوخۆ، سەرمایە قۆناغی ئەوەی تێپەڕاند کە تەنیا لە ناوخۆی وڵاتانی سەرمایەداریی بەکاربێت، ئینجا قۆناغی ئەمە پەیدابوو کە دەبێت بازاڕ هەبێت بۆ ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیو پیشەسازیو تەکنیکیو ئەلکترۆنیو داتاو تەکنۆلۆژیای پەیوەندیی ئەمڕۆ.

پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگی وزەی نەوت بکەین وەک هۆکاری سەرەکیی، هەم بۆ بەکارهێنانی سەرمایەو دروستکردنو زیادکردنی سەرمایە.

بـازاڕو نەوت ئەمڕۆ بوونەتە ڕەگەزی سەرەکیی چالاکیو گەشەی سەرمایەو دارایـیو هەتا ئاشتیو هارمۆنی سیاسیو پەیوەندیی نێودەوڵەتی.

گواستنەوەی سەرمایە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەی دنیا لە سەردەمی جیهانیبوونی جیهان (Globalisation)و ئەمڕۆ بووەتە ئەگەر بۆ دروستکردنی جیهانێک کە دادپەروەریی تیا بەرقەرار بێت، هەم لەسەر ئاستی جیهانیو هەم لەسەر دەوڵەتە نەتەوەییەکان، تا هەموو کەسەکان لە هەموو ناوچەکان لە سەرمایەو بەکارهێنانی سەرمایە بەهرەمەندبن.

بەکارهێنانی سەرمایە لەهەر شوێنێک پەیوەندیی بە فەرهەنگی ئابووریو بوارو سیستەمی سیاسییەوە هەیە، لەو وڵاتانەی کە فەرهەنگی پیشەسازییان هەیەو لە ڕووی سیاسیو ئابوورییەوە جێگیرن، تاکەکانی ئەو شوێنە، یان ئەو گەلو نەتەوەیە، هەمیشە ئەو سەرمایەیەی (پارە)ی دیکە کە هەیانە لە شوێنێکدا بەکاریدەهێنن (سەرمایەگوزاریی دەکەن) بۆ زیادکردنی سەرمایەو دووبارە بەکارهێنانی یان چەندبارە بەکارهێنانی لە بوارێکدا یان چەند بوارێکدا، لە شوێنێک یان لە چەند شوێنێکدا.

بەمەش هەم سەرمایە دەکەوێتە گەڕ (دەجوولێت)و زیاددەکاتو هەم ئەو شوێنو بوارەی تیادا سەرمایەگوزاریی دەکرێت گەشە دەکاتو ئاوەدان دەبێتەوەو دەبێتە شوێنی کار بۆ خەڵک، بەمەش هەم ئابووری هەم توانای مرۆییو دەروونـی گەشەدەکاتو جێگیر دەبێت، ئەمەش بێگومان لە بەرژەوەندیی تاکو وڵاتو کۆمەڵە.

دەتوانین بڵێین، بەکارهێنانی سەرمایە پێوەرە بۆ گەشەی ئابووریو ئاوەدانییو نەهێشتنی هــەژاریـیو بێکاریی لە هەر شوێنێک لە دنیادا، بۆیە لەو شوێنانەی کە سەرمایە بەکاردێت بۆ سەرمایەگوزاریی لە هەموو ڕوویەکەوە پێشکەوتووترن لەچاو ئەو شوێنانەی کە فەرهەنگی بەکارهێنانی سەرمایە نییە.


چی سەرمایە مرۆییەکان لە مردن ڕزگاردەکات؟

مــەرج نییە ئـەو وڵاتــانـەی کە ئەمڕۆ پێیاندەڵێن هەژار بێ سەرمایە بن، بەڵکو فەرهەنگی بەکارهێنانی سەرمایەو ئیدارەو سیستەمی سیاسیی ڕوونیان نییە، بە تایبەتی لە وڵاتانی دنیای سێ (یان ئەمڕۆ کە پێیاندەڵێن دنیای باشوور بە کوردستانیشەوە).

ئەگەر کوردستانی خۆمان بە نموونە سەیر بکەین بۆ تەواوی وڵاتانی دنیای سێ یان باشوور، دەتوانین بڵێین، کە لە سەرمایە دەوڵەمەندە هەم مادەی (پارە)و هەم مرۆیی، بـەڵام هــەردوو ئەم سەرمایانە مـردوون (سڕبوون)و هیچ کەڵکیان لێوەرناگیرێت. لە ڕووی سەرمایەی (پـارە)وە هەر بە قسەی بەرپرسێکی باڵای یەکێک لە حیزبەکان، دەبێت لە هەولێرو سلێمانی هەزاران ملیۆنەرو دەیان ملیاردێر هەبن، ئەمە ئەگەر زۆر دەقیق نەبێت، ئەوا لەمەدا ڕاستە کە سەرمایەی پارە لە کوردستان هەیە، زۆربەی ئەو سەرمایەیەش کە هەیە سەرمایەی بازرگانییەو بۆ کاری بازرگانی بەکاردێت، نەک بەرهەمهێنان.

بەمجۆرە دەتوانین بڵێین، ئەگەر تەخمینیش بێت، ئەوا لە کوردستان بە هەموو خەڵکەکەی لە هەموو ئاستو بوارەکاندا (١٠–٢٠) ملیار دۆلار سەرمایەی مـردوو هەیە کە کەڵکی لێوەرناگیرێت، بەڵکو زۆری ئەو پارەیە وەکو وشکە هەڵدەگیرێت، لەوانەیە بە ساڵ دەستکاریی نەکرێت، بێئەوەی کە بەکاربێت بۆ کارێک یان سەرمایەگوزاری بکرێت لە بوارێکی بەرهەمهێناندا (جگە لە کەرتی بیناسازیی) کە سوودی بۆ ئابووری هەبێت، شوێنێک ئاوەدان بکاتەوە، گەنجانو ئافرەتان پێی بکەونە کارو شوێنی کاریان بۆ فەراهەم بکات.

ئەمە جگە لـەوەی کە لەوانەیە بایی (٢ ـ ٣) ملیار زێڕ (تخمینی) وەکو سەرمایەی مردوو لە ماڵاندا سڕبووبێت، بێئەوەی کە لە هیچ بوارێکی ئابووریو داراییدا کەڵکی لێوەربگیرێت. ئەمەش ئەم مەتەڵە ئاشکرا دەکـات، کە بۆچی ئافرەتانی خۆرئاوایی مەیلی هەڵگرتنو بوونی زێڕیان نییە، چونکە لەوێ بوارەکانی بەکارهێنانی سەرمایەو سەرمایەگوزاریی زۆرە، بەڵام لە وڵاتانی وەک ئێمەدا نییە، بۆیە ئەم سەرمایەیەش وەکو سەرمایەی (پارەی وشک) بێکەڵکو بە مردوویی دەمێنێتەوە.

لـە ڕووی ســەرمـایـەی مرۆییشەوە، بەهەمانشێوە نەبوونی ئیدارە، سیاسەت، گیانی دڵسۆزیو میلیو نیشتمانیی هەموو تواناکانی کۆمەڵ سڕکراوەو مردووەو بەکارنایەن بۆ گەشەی وڵات، هەم توانای سیاسیی، زانستیی، ئەدەبیی، هەتا هونەرو وەرزشیی لای تاکەکان کەڵکیان لێوەرناگیرێت، ئەگەر لە خزمەت گروپێک یان کەسێکی دەسەڵاتدا نەبێت.

بەشی هــەرە مەزنی توانا مرۆییەکان لە وڵاتانی جیهانی سێو کوردستاندا بە فیڕۆدەدرێنو دەمرن.

بە دڵنیاییەوە دەڵێم، ئەگەر نیوەی ئەو سەرمایە مردووەی لە کوردستان هەیە، هەم وەکو پارەو هەم وەکو سەرمایەی مرۆیی بەکاربێت، لە کاتێکی زۆر کورتخایەندا هەرێمی کوردستان دەکاتە نموونەی دەوڵەمەندترینو جوانترینو ئاسوودەترین شوێنی جیهانو دووبارە ئەگەر بوارو ئیدارەی گونجاوی بۆ دروستبکرێت بۆ زیندووکردن.

زیندووکردنی سەرمایەی مـردووی کوردستان، پەیوەستە بە هۆشیاریی تاکەکانو داوای تاکەکانو کۆمەڵ بۆ چاککردنیو گۆڕینی سیستەمی سیاسیی کە بەرژەوەندیی وڵاتو کۆمەڵو خزمەتو خۆشگوزەرانی تاکەکانی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بێت.

بوونی سیستمێکی وا دادپــــەروەرو مەسئولو دیموکرات چەندێک زووتـر دروستببێت، ئەوا ئەوەندە زووتر دەتوانرێت سەرمایە مردووەکان زیندووبکرێنو بەمەش ژیان زیندووبکرێتەوە لای هەر تاکێک، ئەگەر نا مەترسیی ئەمە هەیە ئەم سەرمایەیە بەرلەوەی بەکاربێتو سەرمایەگوزار بکرێت بۆ خزمەتی گەلو وڵات بە شێوەیەک لە شێوەکان لەدەست بڕوات، ئەوکات وڵاتێکی بێ سەرمایە، هیچ ئومێدێکی لێناکرێت کە سگی برسییەکان تێربکات.

بۆیە هـــیـــوادارم حـکـومـەتو هەموو گـروپو کـەسو لایەنێک هـەوڵ بـدەن ئەم زەمینەیە دروســت بکەن بۆ بەکارهێنانی سەرمایە مردووەکانو زیندووکردنیان، بە بەکارهێنانیان لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، ئەمڕۆ باشترە لە سبەی بۆ هەڵسان بەم ئەرکە پێویستو ستراتیژییە.

Maa17192002@yahoo.co.uk

# خولی دووەمی هەڵبژاردن لە ئەفغانستان

هەڵبژاردنەکانی ئەفغانستان نەیتوانی سەرۆکێک بۆ ئەو وڵاتە دیاریی بکات، ئەمەش دوای ئـەوەی کۆمیتەی سکاڵای هەڵبژاردن ڕایگەیاند: ساختەکارییەکی زۆر لە هەڵبژاردنەکاندا ئەنجامدراوەو بووەتە هۆی گۆڕینی ئەنجامی کاندیدەکانو هیچ یەکێک لەو کاندیدانەش نەیانتوانی زۆرینـەی ڕەهـا (٥٠+١) بەدەستبهێنن، بۆیە هاوڵاتییانی ئەفغانستان دەبێت دووبـارە دەنگی خۆیان بدەن بە یەکێک لەو دوو کاندیدە بۆ سەرۆکی ئەفغانستان، ئەمەش لە دوو هەفتەی داهاتوودا ئەنجامدەدرێت.

ئەنجامەکان سەرەتا ئاماژەیان بەوە کرد، کە حەمید کارزای (٥٥٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناوەو عەبدوڵڵا عەبدوڵڵاش (٢٨٪)ی بەدەستهێناوە، بەڵام ئەم ئەنجامە بەهۆی بوونی ساختەکاریی زۆرەوە ڕەتکرایەوەو دواتر ئەنجامی کارزای بە کەمتر لە (٥٠٪) خەمڵێنرا، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان بکرێت.

هەرچەندە کارزای لە سەرەتاوە خولی دووەمی ڕەتدەکردەوەو سووربوو لەسەر براوەیی خۆی، بـەڵام بەهۆی فشاری دەرەکـیو ناوخۆییەوە ئەنجامدانی خولی دووەمـی هەڵبژاردنەکان قبووڵدەکات.

## کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سەر بە کارزایە

تـاکـە کێشەی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەوەبوو کە سەر بە کارزای بوو، هەربۆیە بێدەنگییان چاویان لەئاست بوونی چەندین ساختەکاریی پۆشی.

بـانـکـیـمـۆنـی سـکـرتـێـری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای ئـەوەیـکـرد، کە ئـەو کەسانەی تۆمەتبارن بـە ساختەکاریی لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە تەنیا کۆمسیۆنەکە خۆی دەتوانێت لێپرسینەوە لە لەیاسادەرچوونەکانی هەڵبژاردن بکات. بەڕێوەبەری کۆمسیۆنەکەش پێشنیازەکەی بانکیمۆنی بە ناواقیعی زانیو پێیوابوو؛ ناکرێت بەرپرسی (٢٠٠) هەرێمی هەڵبژاردن لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، ئەمە جگە لەوەی بەرگریکرد لەوەی ساختەکاریی بەوشێوەیە نەبووەو دەڵـێـت: «تەنیا کەمێک ساختەکاریی هەبوو».

لەگەڵ گۆڕینی بەڕێوەبەری چەندین هەرێمی هەڵبژاردن، بەڵام هێشتا نادیارە کە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پاک دەبێتو ساختەکاریی تێدا ئەنجامدەدرێت یاخود نا.

هەندێک لە چاودێرانیش پێیانوایە؛ پێش ئەوەی ریفۆرمی تەواو لە کۆمیتەکەدا بکرێت هیچ گرنگ نییە هەڵبژاردن بکرێت یاخود نەکرێت.

## ترسی توندوتیژیو بەفر

هەرچەندە کارێکی زۆر کرا بۆ پاراستنی ئاسایش لە خولی یەکەمدا، بەڵام هێشتا ڕۆژی دەنگدان بە یەکێک لە توندوتیژترین ڕۆژەکانی ئەفغانستان دانرا، بەجۆرێک تالیبان چەند هێرشێکی کردو پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بە ئارامیی بەڕێوەنەچوو.

لە خولی دووەمدا پلان هەیە، کە هێزێکی زۆر بۆ پاراستنی ئاسایش دابینبکرێت، لە کاتێکدا ئەو (١٠,٠٠٠) سەربازەی ناتۆ، کە لە خولی یەکەمدا بەشداریی پاراستنی پرۆسەکەیان کرد، ئێستا گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، بەڵام هێزی سوپای ئەفغانستان بڕیاریداوە کە بەشێوەیەکی چڕتر لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکاندا کاربکات بۆ پاراستنی ئاسایش.

یەکێکی دیکە لە کێشەکان بریتییە لە کەشوهەوا، لە ئێستاداو لە هەندێک ناوچەی ئەفغانستاندا بەفرێکی زۆر دەبارێت، ئەمەش کراوەتە بانگەشەی هەڵبژاردن لەلایەن لایەنگرانی کارزایەوەو دەیانەوێت خەڵکی پەشیمان بکەنەوە لە چوون بۆ دەنگدان.

ئا: شالاو فەتاح

# هیڵترمان: ڕەنگە کوردەکان سازش لە داواکانیان بکەن، ئەگەر ئەوەیان بدرێتی کە پێویستیانە



ئەوەی بووەتە جێی سەرنجی میدیای جیهانیی لە عێراقو ناوچەکە، لەم هەفتەیەدا لە دوو بابەتدا خۆی دەبینێتەوە، یەکەمیان: «تەسلیمبوونەوە»ی گروپێک لە چەکدارانی پەکەکەو چۆنێتی پێشوازیکردنیان لەلایەن کوردەکانی تورکیاوەو ئەو ڕەخنە زۆرەی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا لەم پرۆسەیەی دەگرێت. دووەمیان: بریتییە لە هەڵبژاردنی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتووی عێراقو ئەو مشتومڕەی لەسەر گۆڕانی ئەرکو ڕۆڵی ئەمریکاو حکومەتی عێراقو دابەشبوونەوەی پۆستەکان هەیە، ئەمە جگە لەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانو ئەو دەنگۆیەی دروستکرد بووەتە هـۆی جێی سەرنجی میدیاو وەدەنگهاتنی ئیدارەی ئۆباماو هاندانی عێراقییەکان بۆ دەرکردنی یاساکە.

## ئاژانسی فرانس پرێس: ئەردۆغان پێشوازیی لە ئەندامانی پەکەکە دەکات

دەیانو هەزاران کورد بەخۆشحاڵییەوە پێشوازییان لەو گروپە یاخییە کرد، کە خۆیان «تەسلیمکردەوە» بە حکومەتی تورکیا.

نزیکەی سەدهەزار کورد پێشوازییان لە گروپێکی کورد کرد لە دیاربەکری باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا، ئەمەش دوای ئەوەی دەسەڵاتداران ڕێیان پێدان بە سەربەستی لە شاخەکانەوە دابەزن.

جـەمـاوەر ئـاڵای «حیزبی یاساغی» پەکەکەو پۆستەری سەرۆکی زیندانیکراوی ئەو پارتە (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)یان بەرزکردبووەوەو هاواریان دەکرد «بژی ئاشتی»و بە گۆرانی شانازییان بەو (٢٥) ساڵەی شەڕ لە دژی ئەنقەرە دەکرد.

لە یەکێک لە بانەرەکان نووسرابوو، شەڕکەرانی ئازادیی، بەخێربێن بۆ پایتەختی خۆتان.

ئەم هەشت چەکدارە بەشێکن لە (٣٤) چەکدار، کە بەسەر سێ گروپی جیاوازدا دابەشکراونو لەسەر داوای ئۆجەلان، کە داوایکردبوو «نوێنەرانی ئاشتی» بنێرن بۆ تورکیا، ئەمەش دوای ئەوەی دەوڵەتی تورکیا ڕایگەیاند: دەستپێشخەریی دەکات لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا.

چاوەڕواندەکرێت گروپێکی دیکەی هاوشێوەش لە ئەوروپاوە بگەنە تورکیا. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە شاری شیرەت هاتنەوەی چەکدارە کوردەکانی بە هەڵوێستێکی پۆزەتیڤ لە قەڵەمداو هیوای خواست، کە ئەندامانی زیاتریان بێنەوە بۆ ئەنادۆڵ، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕەخنەی لەو جۆرە لە پێشوازیکردنە گرت، کە لەلایەن جەماوەرەوە لێیانکراو بە «توڕەبوونێکی نابەرپرسیارانە» ناوی برد.

ئەردۆغان وتی: «ئێمە پرۆسەکە درێژە پێدەدەینو هیواخوازین سەرکەوتووانەش کۆتایی پێبێنین، نەک ئەو ورووژاندنو توڕەبوونە».

ئەمە لە کاتێکدایە، کە ئەنقەرە بەشێوەیەکی بنەبڕانە دایەلۆگ لەگەڵ پەکەکە ڕەتدەکاتەوەو ماوەی هەڵمەتی سەربازیشی بۆ سەر ئەو گروپە درێژکردووەتەوە.

## ڕۆیتەرز: ئەردۆغان تاوانبارە بە پێدانی مافی کوردەکان

تورکیا دەیەوێت گەڕانەوەی ئاوارە کوردەکانی پەکەکە بووەستێنێت، ئەمەش دوای ئەو پێشوازییە گەرمەی کە لێیان کرا دوای گەڕانەوەیان لە عێراقەوە بۆ تورکیا.

هـەزاران جەماوەری کورد لە پێشوازییەکەدا هوتافیان بۆ ئۆجەلان دەکێشاو ئاڵای پەکەکەیان بەرزدەکردەوە، ئەمەش بووە هۆی توڕەکردنی تورکە ناسیۆنالیستەکان. لەمبارەیەوە پەخشی (ئێن.تی.ڤی) وتەکانی ئەردۆغانی لەبارەی ڕاگرتنی گەڕانەوەی گروپی دووەم لە ئەڵمانیاوە بۆ تورکیا گواستەوە، کە تێیدا دەڵێت: «سەرباری ئاگادارکردنەوەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (دەتەپە)، شتی چاوەڕواننەکراو ڕوودەدات، کێشەی نەبوونی متمانە سەریهەڵداوەتەوە بۆیە بڕیارماندا گەڕانەوەی گروپی دووەم دوابخرێت».

گروپێک لە ئەندامانی پەکەکە بڕیاربوو لە (٢٨)ی ئەم مانگەدا بگەڕێنەوە، بەڵام سەرۆک وەزیرانی تورکیا دەڵێت: با کەمێک چـاوەڕێ بکەین دواتر بڕیار لەسەر شتەکان دەدەین. ئەم ڕاگرتنەش دوای ڕەخنەگرتنێکی زۆر دێت لە حکومەتی تورکیا لە بارەی ڕێگەدان بە گەڕاوەکان، وەک لە ڕاپۆرتێکی ئاژانسی فرانس پرێسدا هاتووە، پارتی کۆماری گەل (جەهەپە)، نارەزایی توند دەردەبڕێتو گەڕانەوە بە بەخشینی چەکدارەکان ناوزەد دەکات. دواتریش یەکێتی ئەو دایکانەی کە کوڕەکانیان بەدەستی چەکدارانی پەکەکە کوژراون ڕەخنەی لە دەوڵەت گرتو وەک گاڵتەکردنێک داوایـان کرد «مەراسیمی فەرمیی پێشوازیکردن لە تیرۆریستەکان» ڕێکبخرێت.

بەرپرسی ڕێکخراوەکەش وتی: ئەو سیاسییانەی کە دەستپێشخەرییەکەیان کـردووە تۆمەتبارن بە خیانەت، نەتەوەش ئەوان بەرپرسیار دەکات لە ئاست ئەو تاوانەدا.

## سۆمەرییە: دەستپێنەکردنی کاری هێزە هاوبەشەکان پەیوەندیی بە مالیکیو بارزانییەوە هەیە

جەبار یـاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتـی پێشمەرگە، لە لێدوانێکیدا دەربـارەی پێکهێنانی هێزە هاوبەشەکانی نێوان کوردو عەرەبو ئەمریکا بۆ پاراستنی ناوچە جێناکۆکەکان ڕایگەیاند: دەستپێکردنی ئەرکی ئەو هێزانە تەنیا چاوەڕوانی قبووڵکردنیەتی لەلایەن حکومەتی فیدراڵو حکومەتی هەرێمەوە. کۆمیتەیەکی کوردی-عەرەبی-ئەمریکی چەندین کۆبوونەوەیان لە بەغدا لە بارەی چۆنێتی پێکهێنانی هێزەکەو بەشەکانی کردووەو گەیشتوونەتە ڕێککەوتن لەسەر پێشکەشکردنی چەند پرۆپۆزەڵێک. پرۆپۆزەڵەکان پێشکەشکراون بە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بۆ قبووڵکردنیان.

یاوەر لە درێژەی لێدوانەکەیدا دەڵێت: هەندێک پارتی سیاسیی پێکهێنانی هێزە هاوبەشەکان ڕەتدەکەنەوە، بەڵام ئەوە کێشەیەکی ئەمنییو بەرگرییەو پێویستە حکومەت بڕیاری لەسەر بدات.

## سی.ئێف.ئار: کوردەکان سەرۆکایەتی عێراق ناکەنەوە

لە چاوپێکەوتنێکیدا بۆ سایتی (کۆنسڵ فۆرێن ریلەیشن، ڕاوێژکاری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان) یوست هیڵتەرمان، بەڕێوەبەری بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق دەدوێـتو ئەمریکا لەو شکستانە ئاگاداردەکاتەوە کە دوورنییە ڕووبەڕووی ببنەوە.

هیڵتەرمان ئارامیی ئێستای عێراق بە بێدەنگییەکی چاوخەڵەتێن ناودەباتو پێیوایە؛ هەرچەندە بەغدا ئارامە، بەڵام خەڵکیی ترسیان لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان هەیەو توندوتیژیش کە کەمبووەتەوە بە مانای نەمانی نایەت. دواترو لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا دەربارەی نەوت، هیڵتەرمان دەڵێت: هێشتا یاسای نەوتمان نییە، بینیمان هەوڵەکان دەربارەی دەرکردنی یاسای نەوت شکستی هێنا، لەبەرئەوە دواخـرا، بەڵام نەوت هەر دەڕوات، ئەمەش بەشێوەیەک نا کە شیاو بێت، بەڵکو لە ئاکامی گەندەڵییو نەبوونی سیستمێکی یاسایی وەک بوونی یاسایەک کە بەرژەوەندیی کۆمپانیاکان بپارێزێت، دەڕوات. ئەم کێشانە هەیە، بەڵام ئێمە دەبێت چاوەڕێ بکەینو بزانین کێ دەبێت بە وەزیری نەوت، پەیوەندیی ئەو و حکومەتی فیدراڵ چۆن دەبێتو پەیوەندیی حکومەتی فیدراڵو هەرێم لەلایەکی دیکەوە بەکوێ دەگات لەسەر کێشەی نەوت، چونکە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی نەبوونی یاسای نەوت بریتییە لەو ناوچەجێناکۆکانەی کوردەکان بە مافی خۆیانی دەزانن بیگێڕنەوە.

دواترو لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی کەرکوکو سازشکردن لەسەر ئەو شارە، هیڵتەرمان دەڵێت: پێموانییە هیچ لایەک سازش لەسەر ئەو شارە بکات، هێندە هەیە ڕەنگە کوردەکان سازش لە داواکانیان بکەن، ئەگەر ئەوەیان بدرێتێ کە پێویستیانە، وەک پاراستنی درێژخایەنو زەمانەتکراو بۆ هەرێمی کوردستانو ئەو دەسەڵاتەی بەسەر هەرێمەکەدا هەیانە.

پێویستیان بەوەیە کە مافەکانیان لە دەستووردا بچەسپێنرێتو سنووریان دیاریبکرێت.

ئەمەش شەرعیو عەقڵانییە، بەڵام کوردەکان دەبێت واز لە بیرۆکەی کۆنترۆڵکردنی کەرکوک بێنن.

کەرکوک دەبێت بەجۆرێک لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بمێنێتەوەو بەشێوەیەک لە دەرەوەی کۆنترۆڵی بەغداش بێت.

دواتر لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی پۆستی سەرۆک کۆماریی، هیڵتەرمان دەڵێت: پێموایە کوردەکان بەتەمای ئەو پۆستەن، بەڵام ئەو واقیعەش دەبینن کە پێناچێت بەدەستی بێننەوە لەبەر دوو هۆ، یەکێکیان لەبەرئەوەی تەندروستی تاڵەبانی باش نییەو ئاماژەی بەوەشکردووە، کە نایەوێت لە خوولی دووەمدا ببێتەوە بە سەرۆک، دووەمیش، بەهۆی دەرکەوتنی گۆڕانەوە، کە ڕاستەوخۆ ڕەخنە لە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەگـرێـت، ئەم لیستە بووەتە هۆی دروستبوونی جیاوازی لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان.

لەبەرئەوە ئەگەر لیستی گۆڕان توانیویەتی دەنگی زیاتر لە یەکێتی بێنێت، ئەوە گرانە بۆ تاڵەبانی ببێتەوە بە سەرۆک کۆمارو کەسێکی دیکەش لەجێی ئەو نابینم لە ئێستا ببێت بە سەرۆک کۆمار.

## خانووەکانی مامۆستایانی زانکۆ، سێ ساڵە تەواوبوونو دابەشنەکراون

# پڕۆژەیەکی (٩)ملیۆن دۆلاریی بەبێ سوود کەوتووە



کێ لە شکستی ئەم پڕۆژەیە بەرپرسە؟

فۆتۆ: ڕۆژنامە

**سەنگەر جەمال**

**سێ ساڵە (١٤٠)خانووی دروستکراو بۆ مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بە چۆڵی ماونەتەوەو تائێستاش هیچ خزمەتگوزارییەک بۆ پڕۆژەکە دابین نەکراوە، ئەوە لەکاتێکدایە بەشێکی مامۆستایانی زانکۆ کرێچین، لایەنە پەیوەندیدارەکانیش یەکتریو حکومەت بەکەمتەرخەمو هۆکاری دابەشنەکردنی خانووەکانو سوودمەند نەبوونی مامۆستایان دەزانن.**

## گۆڕانکارییەکان، سەرەتای کێشەکە

هەرچەندە لەساڵی (٢٠٠٤)ەوە دەست بە کارکردن کراوە لە پڕۆژەکەداو سێ ساڵیشە خانووەکان تەواوبوون، بەڵام تائێستا هیچ سوودێکیان نەبووەو بە چۆڵی ماونەتەوە، خاوەنی کۆمپانیای جێبەجێکاریش گۆڕانکارییەکانی پڕۆژەکەو دابین نەکردنی خزمەتگوزاری بەهۆکاری سەرەکی دەزانێت.

مەعروف عەتا ئۆغڵو، خاوەنی کۆمپانیای ئەسیلسانی تورکی کە پڕۆژەی خانووەکانی جێبەجێکردووە، ئاماژە بەوە دەکات کە لە ساڵی (٢٠٠٤)وە ئەرکی جێبەجێکردنی پڕۆژەی (١٤٠)خانووەکەی مامۆستایانی زانکۆیان وەرگرتووە، باسی لەوەشکرد کە لە سەرەتادا زانکۆ نەخشەیەکیان هەبووە بۆ پڕۆژەکە کە لە سەردەمی UN دا ئامادەکراوەو بڕیاربووە بە خانووی ئامادە دروستبکرێت بۆئەوەی بە زوویو لەماوەی یەک ساڵدا تەواو بکرێت، «بەڵام دواتر زانکۆ تەداخولی کردو وتیان نابێت بەوشێوەیە دروستبکرێت، ئەوەبوو دیزاینی خانووەکانیان گۆڕیو کردیان بە کۆنکرێتو ئامادەکراو، خانوەکانیشیان کرد بە دوو نهۆم بەوشێوەیە پڕۆژەکە گۆڕانی زۆری بەسەرداهات».

مەعروف ئاماژە بەوەشدەکات کە بەهۆی نەشارەزاییان لە یاسای بەڵێندەرایەتی کە پێویستبووە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا داوای دەرخستەی گۆڕانکارییان بکردایە، بەڵام ئەوەیان نەکردووەو بەوهۆیەوە کەمێک دواکەوتوونو وتیشی: «دوای ئەوە گێچەڵمان پێدەگیرا، بەڵام ئێمە وتمان خۆتان سیستمەکەتان گۆڕیوە، بەهۆی ئەوگۆڕانکارییەشەوە نزیکەی (٤)مانگ پڕۆژەکە ڕاگیرا، تا دواتر دەرخستەکەیان بۆ کردین».

دوای ئەو گۆڕانکارییانەی لە دیزاینی پڕۆژەکەو شێوازی دروستکردنی خانووەکاندا کرا، نرخی تێچووی پڕۆژەکەی لە (٦)ملیۆنو (٥٠٠)هەزار دۆلارەوە بۆ نزیکەی (٩)ملیۆن دۆلار بەرزکردووەتەوە، خاوەنی کۆمپانیاکەش ئاماژە بەوە دەکات، لەسەرەتاشدا ڕەزامەندی بۆ پێدانی بڕێکی کەمی پارەی پڕۆژەکە درا، بەڵام «دوای گۆڕانکارییەکانی کردیان، ئێمە کاری خۆمان کردو لە ماوەی دووساڵداو لە (٢٠٠٦/١٢/٣١) پڕۆژەکەمان تەواو کرد بە سیستمە نوێیەکە، بەڵگەشمان هەیە کە داوای ئینجازمانکرد بۆئەوەی پڕۆژەکەمان لێوەربگرن، بەڵام دەزگای پڕۆژە تایبەتییەکانی ئەوکاتە نووسراویان بۆبکردینو نووسیبوویان هەرچەندە داوای ئیستیلامتان کردووە، بەڵام بە ڕای لیژنەی ئێمە (٩٨٪)ی پڕۆژەکە تەواوبووەو هەمووی تەواو نەبووە».

## ئامادەنین وەریبگرن

دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر تەواوکردنی پڕۆژەکەدا، تائێستا لایەنە پەیوەندیدارەکان پڕۆژەکەیان وەرنەگرتووەو بەوهۆیەشەوە سوودی لێوەرنەگیراوە.

مەعروف، ئەوە ڕووندەکاتەوە کە دوای دووساڵ لە تەواوبوونی خانووەکان، لایەنی پەیوەندیدار ئیستیلامی سەرەتایی پڕۆژەکەیان کردووەو تائێستاش بەتەواوەتی وەریان نەگرتووە، «لە (٢٠٠٧) نەهاتن مانگی (ئایاری ٢٠٠٨) دوای دووساڵ هاتن ئینجازی ئەوەلییان کرد، ئێستا لیژنەیان پێکهێناوە کە ئینجازی کۆتایی بکەنو وەریبگرن».

ئەو بێزاربوو لەوەی کە هەندێکجار گلەییەکان ڕووبەڕووی ئەوان دەبنەوەو مامۆستاکان پێیانوایە، کۆمپانیاکە کاری خۆی نەکردووەو وتی: «ئەو گلەییانە لەکاتێکدایە کە ئێمە سێ ساڵە ئیشی خۆمان تەواو کردووە»، گرفتەکانیشی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانو حکومەت گەڕاندەوە، بەوپێیەی سەرەتا لە دیزاینەکەدا کەموکورتی هەبووە جگە لە نەبوونی خزمەتگوزارییەکان بۆناو پڕۆژەکەو وتیشی: «تائێستا خانووەکان نە ئاوو نە ڕێگاو نەسیستمی ئاوەڕۆو نە شۆستەی نییە، ئەوانەش هۆکاری کێشەکانن».

## بە بەهای زیاتر لە (٧)ملیار خزمەتگوزاریی دەوێت

تائێستا هیچ پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ پڕۆژەکە دابین نەکراوەو ئەوەش بەهۆکاری سەرەکی بۆ وەرنەگرتنو سوودمەند نەبوون لە پڕۆژەکە دادەنرێت.

توانا کەمال، بەڕێوەبەری گشتیی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی، ئاماژە بەوە دەکات کە خانووەکان تەواو بوونو کێشەیان نییە، نکۆڵی لەوەش ناکات کە پڕۆژەکە دیواری ڕاگرو خزمەتگوزارییەکانی ماوە کە بۆی دابینبکرێت «ئەوەش لە تەندەرکردندایەو پارەی بۆ تەرخانکراوە، ئێمەش تەنها وەک لیژنەیەک کاری لەسەر دەکەین کە نوێنەرایەتی هەردوولای تێدایە بۆئەوەی بزانین چ پێداویستییەکی هەیە، چارەسەری بکەین».

> **سەرۆکی دەزگای پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە: زانکۆی سلێمانی ساردن لەسەر ئیشەکەو تائێستا ڕێکناکەون خانووەکان بدەن بەکێ بە فرۆشتن یان بەکرێ، تائیستاش ڕێکنەکەوتوونو بەشێکی زۆری گرفتەکەش لەوێوەیە**

هۆکاری بوونی کێشەکانیشی بۆ لایەنی جێبەجێکارو کۆمپانیاکە گەڕاندەوەو وتی: «ئەوەی من ئاگادارم زەرعەی نرخی کۆتاییەکەی تەواو بووە، ئەو کێشەیەش کە لە نێوان کۆمپانیاو دەزگای پڕۆژەکاندا هەبوو، ئێستا بەرەو چارەسەرکردن ڕۆیشتووە».

مەعروف، باس لەوە دەکات کە لە ساڵی (٢٠٠٦)دا پێیوتراوە، نەخشەی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان ئامادەبکاتو وتی: «ئەوانە لە تەندەرەکەی مندا نەبوون، بەڵام نەخشەی هەموو ئەو شتانەم لەسەر پارەی خۆم تەواوکرد کە ئەوکاتە (٧)ملیار دیناری تێدەچوو، ئەوەشمان تەسلیمی وەزارەتی خوێندنی باڵا (ئیدارەی سلێمانی) کرد، بەڵام تائێستا کەس بەدوایدا نەچووەو پارەشی بۆ تەرخان نەکراوەو بەوهۆیەشەوە کە خزمەتگوزاریی تێدا نییە خانووەکانمان لێوەرناگرن»، ڕوونیشیکردەوە کە ئێستاش ئەگەر پارە حازر بێت بەمەرجێک بە نرخی ئەمڕۆ کە «ئێستا بە (٧)ملیارەکە ناکرێت، ئامادەم لەماوەی (٨)مانگدا خزمەتگوزارییەکانی بۆ تەواو بکەم».

ئاماژەی بەوەشکرد کە سێ ساڵە بەهۆی ئەوەی خەڵک نەچووەتە خانووەکانەوە، بەردەوام چاکسازی تێدادەکەنو وتی: «زیانی زۆرمان بەرکەوتووە کە کە بەردەوام چاکی دەکەینەوە، جگە لەوەش تەعویز دەیگرتینەوە، بەڵام تائێستا بۆمان سەرف نەکراوەو نزیکەی (٦٠٠)هەزار دۆلار سلفەی کۆتاییشمان ماوە».

لای خۆشییەوە محەمەد ڕەشید، سەرۆکی دەزگای پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان، نکۆڵی لە نەبوونی خزمەتگوزارییەکان نەکردو وتی: «ڕاستە ئەوە یەکێکە لە هەڵەکان، ئەوەش هەڵەی حکومەتە کە چەندجارە حکومەت لە شوێنەکاندا بینا دروستدەکات، بەڵام دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان دەخاتە قۆناغی داهاتوو، لەکاتێکدا کە باشتر وایە پێش بینا خزمەتگوزارییەکان دابینبکرێتو ئێمەش ئەوە دەزانین، بەڵام ئێمە خاوەنی بڕیار نین».

ئەو نەیشاردەوە کە پڕۆژەکە زۆر دواکەوتووە، بەڵام ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە پارە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان تەرخانکراوەو وتیشی: «هیوادارم بەمزوانە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، جگە لەوەش هەرچەندە کۆمپانیاکە کەشفی پڕۆژەی خزمەتگوزارییەکانی کردووە، بەڵام ڕەنگە نەدرێتەوە بە ئەوو بەتەندەریندا بڕواتەوە، داواشمان لە وەزارەت کردووە، لیژنەیەک پێکبێت بۆئەوەی ئیستلامی کۆتایی پڕۆژەکە بکەین».

## زانکۆ گرفتێکی دیکەیە

هەرچەندە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان دابین نەکراون، بەڵام ڕەخنە لەوەش دەگیرێت کە تائێستا زانکۆ خانووەکانی دابەش نەکردووە بەسەر مامۆستایاندا، لایەنە پەیوەندیدارەکانیش کەمتەرخەمییەکان دەخەنە ئەستۆی یەکتر.

مەعروف، خاوەنی کۆمپانیای ئەسیلسان دەڵێت: «ئێمە بەڵگەمان هەیە کە هیچ کەموکورتییەک لەئێمەوە نییەو ئیشی خۆمان کردووە، کەمتەرخەمی دەزگای پڕۆژەتایبەتەکانو وەزارەتی خوێندنی باڵایە کە پڕۆژەکە بەڕێوەدەبەن».

هەروەک د.عەلی سەعید، سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، وتی: «سەرقاڵی دابەشکردنینو پێشنیازو لیستێکمان ناردووە بۆ سەروخۆمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران، چاوەڕێین بڕیاری کۆتایی بدرێت کە ئایا بە فرۆشتنە یا بەکرێیە، دوای ئەوە دەست بە دابەشکردنی دەکەین».

بەڵام محەمەد ڕەشید، سەرۆکی دەزگای پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە جگە لە دووپاتکردنەوەی نەبوونی خزمەتگوزاریی، نکۆڵی لە بوونی کێشەو وەرنەگرتنی خانووەکان نەکردو هۆکارەکەشی بۆ هەردوو لایەنی حکومەتو کۆمپانیاکە گەڕاندەوە، «هەروەها لایەنی سوودمەند کە زانکۆی سلێمانییە ساردن لەسەر ئیشەکەو تائێستا ڕێک ناکەون بیدەن بەکێ، یا بیفرۆشن یا چی لێبکەن، تائیستاش ڕێک نەکەوتوونو بەشێکی زۆری گرفتەکەش لەوێوەیە».

## «ناچاربووین مامۆستایان بۆ سەرژمێریی بەکاربهێنینەوە»

# گەمارۆسازیی‌و ژمارەلێدان،

# نزیکەی (٢) هەزار مامۆستاو توێژەری کۆمەڵایەتی سەرگەرمکردووە

**ستارە عارف**

بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریی هەرێمی کوردستان، تەنیا لە شاری سلێمانیدا نزیکەی (٢) هەزار مامۆستا ناوەندەکانی خوێندنیان بەجێهێشتووە، ئەوەش بەپێی بەرنامەیەکی هەماهەنگییە لەنێوان وەزارەتی پەروەردەو دەستەی باڵای ئەنجامدانی سەرژمێریی لە کوردستاندا.

پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١٠/٦) لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق‌و هەرێمی کوردستاندا دەستیپێکردووەو لە پرۆسەکەدا مامۆستایان بەشدارییان کردووە.

(٣٠) هەزار مامۆستا لە پارێزگای سلێمانیدا بوونی هەیەو لە ناویاندا (١٧٠٠) مامۆستاو چەندین توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان کاردەکەن، لەکاتێکدا سەرەتای دەستپێکردنەوەی خوێندنەو پێویستبوو مامۆستایان بۆ ئەم کارە تەرخاننەکرانایە.

پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لەم قۆناغەدا زۆر مەسەلەی گرنگی وەک کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان ناوەندو هەولێر یەکلایی دەکاتەوە، بەتایبەتی کە لەدوای ساڵی (١٩٧٥)وە سەرژمێرییەکی ورد لە عێراقدا ئەنجامنەدراوەو هەموو سەرژمێرییەکانی دیکە کوردی وەک کەمینە یان بە عەرەب‌و تورکمان لە قەڵەمداوە.

بە وتەی کاربەدەستان لە ناچاریدا داوایان لە مامۆستایان کردووە لە سەرژمێرییەکەدا بەشداری بکەن، چونکە لە پشووی هاویندا خولیان بینیوەو پرۆسەکەش پێویستبوو لە هاویندا بوایە، بەڵام بە بڕیاری حکومەتی عێراقی دواخراوە بۆ مانگی (٢٠٠٩/١٠).

حسێن شێخ مستەفا، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کاری سەرژمێریی ئەرکی سەرشانی هەموومانەو ئەو توێژەش کە بەشداریی تیادا کردووە مامۆستایانن‌و لە وەرزی هاویندا خولیان بینیوەو کارێکی پراکتیکیشیان لە بازیان ئەنجامداوە، کە لە هەموو عێراقدا سلێمانی یەکەم دەرچووە.

هەندێک لە مامۆستایان لەگەڵ ئەوەی کاری ژمارەلێدان‌و گەمارۆسازیی دەکەن، پاشان بۆ وتنەوەی هەندێک وانەی وەکو (بیرکاری، زانست، ئینگلیزی، عەرەبی)، دەچنەوە خوێندنگەکەیان بەو پێیەی ئەو وانانە ناکرێت مامۆستای نا تایبەتمەند بیڵێتەوە.

هێمن کەریم، مامۆستا لە قوتابخانەی سورکێوی بنەڕەتیی، باسی لەوەکرد، کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی ڕێگەی پێداوە کە دەوام نەکات‌و خۆی بۆ سەرژمێریی تەرخان بکات، هەروەها ئەو وانانەی دەمێنێتەوە بە مامۆستای دیکە دەیڵێتەوە.

هێمن ئاماژەی بەوەکرد، کە ڕۆژانە زۆر هیلاک دەبن‌و کاتژمێر (٨)ی بەیانی تا (٥)ی ئێوارە لەسەر کار دەمێننەوە،بەڵام لەبەر ئەوەی مۆڵەتی تەواو بە مامۆستایان نەدراوە کە تەنیا خۆیان بۆ سەرژمێریی تەرخان بکەن، لەگەڵ پرۆسەکەدا وانەکانی خۆشیان دەڵێنەوە.

هێمن وتیشی: هەندێک لە مامۆستاکان کێشەی ئەوەیان هەیە کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکانیان کارئاسانییان بۆ نەکردوون، چونکە پێیان وتوون «بۆ پارە پەیداکردن چوویت، لەبەر ئەوە هاوکاریت ناکەین».

حسێن شێخ مستەفا، پێیوابوو ئەگەرچی دابڕانی مامۆستایان بۆماوەی (٤٠) ڕۆژ لە ناوەندەکانی خوێندن گرفت بۆ چۆنێتی وتنەوەی وانەکان دروست دەکات، بەڵام دڵنیایە لەوەی کە مامۆستاکان دەتوانن بە هەوڵی خۆیان دوای پرۆسەکە قەرەبووی ئەو بۆشاییە بکەنەوە، وتیشی: «مۆڵەتمان نەداوەتە مامۆستایان بۆ ئەوەی دەوام نەکەن، چونکە پرۆسەکە کاتێکی زۆری ناوێت‌و زۆر ناخایەنێت».

بەپێی بڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردە، هەر مامۆستایەک پێویستە لە هەفتەیەکدا (١٨) وانە بڵێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێرییەوە، ئەو مامۆستایانەی بەشداری ژمارەلێدان‌و گەمارۆسازین، ناتوانن وەکو پێویست دەوام بکەن لە خوێندنگەکانی خۆیاندا، بۆ ئەو مەبەستە زۆرینەی مامۆستا بەشدارەکان ڕۆژانە دوای پرۆسەی سەرژمێریی دەگەڕێنەوە بۆ دەوامکردن لە خوێندنگەکانیانداو بەشێک لە وانەکانیان دەڵێنەوە.

شەهلا ساڵح، مامۆستای زمانی ئینگلیزییە لە قوتابخانەی سەرچناری بنەڕەتیی، ڕۆژانە سەرباری بەشداریی لە سەرژمێریدا دەوامی قوتابخانەشی کردووە، وتیشی: «بەهۆی سەرژمێرییەکەوە بۆشایی لە وانەکاندا دروستدەبێت، کە بەڕێوەبەرەکان خۆیان دەبێت پڕی بکەنەوە بە ناردنی مامۆستای دیکە». ئەوە لەکاتێکدایە هەزاران دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێم هەن بێکار دەسوڕێنەوەو بۆ ئەو جۆرە کارکردنانە دەستدەدەن.

بەهەمانشێوە بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی، پێیوابوو لەبەرئەوەی مامۆستاکان کاتەکانی خول‌و کاری سەرژمێرییەکەیان لەگەڵ دەوامەکەیاندا گونجاندووە، ئامادەنەبوونی ئەو مامۆستایانە لە خوێندنگەکاندا کێشەی لەناو قوتابخانەکاندا دروست نەکردووە، بەڵام لەمەودوا ئەگەر خول بکرێتەوە کێشە دروستدەبێت، لەبەرئەوە لەگەڵ دەزگای ئاماردا قسەمان کردووەو لە ئاستی مەترسییەکان ئاگادارمان کردوونەتەوە.

پرۆسەی ژمارەلێدان‌و گەمارۆسازیی بڕیاربوو (٢٠٠٩/٧/١٣) دوای ئەنجامدانی خولێکی تایبەتمەند ئەنجامبدرێت‌و لە ماوەی یەک مانگدا کارەکان تەواوبکرێت، هەروەها سەرژمێریی شارنشین‌و گوندنشین لە پشووی هاویندا تەواوبکرێت‌و دواتر لە یەک ڕۆژدا (٢٠٠٩/١٠/٢٤) سەرژمێرییە سەرتاسەرییەکە ئەنجام دەدرا، بەڵام بەپێی وتەی بەڕێوەبەری گشتیی دەستەی ئاماری سلێمانی تائێستا حکومەتی عێراقی بڕیارێکی تەندروستیان نەداوە، لە (١٥/ ٧ – ٩/١٢) کارەکانیان ڕاگرت، لەو ماوەیەشدا قوتابخانەکان کرانەوە.

مەحمود عوسمان، بەڕێوەبەری دەستەی ئاماری سلێمانی، ڕایگەیاند: بەهۆی دواخستنی پرۆسەکەوە ناچاربووین جارێکی دیکە لەگەڵ پەروەردەدا ڕێکبکەوین‌و زیاتر لە (٢٢٠٠) مامۆستا کە ڕامانهێنابوون کشاندمانەوە، بۆ ئەوەی کاری هەردوولامان بەڕێوەبچێت، پەروەردە بڕیاریدا هەر مامۆستایەک دوای ئەنجامدانی کارەکەی بگەڕێتەوە سەر وانەکەی.

مەحمود وتی:«ناچاربووین سەرژمێرییەکە بەمشێوەیە ئەنجامبدەین‌و هەر مامۆستاش بۆ پرۆسەکە بەکاربهێنین»، هەروەها لەکۆی (٣٢) هەزار مامۆستا (١٧٠٠) مامۆستایان بۆ سەرژمێرییەکە داناوە، بۆیە بۆشایی دروست ناکات‌و کار لە پرۆسەی پەروەردە ناکات، واشیانکردووە ئەو مامۆستایانە بێنە پرۆسەکەوە کە زۆر پێویست نین، چونکە خوێندنگە هەیە دوو مامۆستای تایبەتمەندی هەیەو وانەکانیان بەشکردووە یان لە بەڕێوەبەرو یاریدەدەرەکەی یەکێکیان هێناوە.

بەپێی لێدوانی بەڕێوەبەری دەستەی ئاماری سلێمانی لە قۆناغی دووەمدا، بۆ ڕاهێنانی کادیرەکان، پەنایان نەبردەوە بەر پەروەردە، بەڵکو دەرچووانی بەڕێوەبردن‌و ئابووریی‌و توێژەرە کۆمەڵایەتیەکانیان هێناوە بۆئەوەی کاریگەریی لەسەر کاری دەوڵەت‌و پەروەردە دروست نەکات.





بەشێک لە خوێندکارانی ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی کوڕان



هێزی چالاکییە مەدەنییەکان

فۆتۆ: بەرهەم

# مانگرتن بەرۆکی پەروەردە بەرنادات

**بەرهەم عومەر**

ڕۆژی ١٠/٢٠ نزیکەی (٥٠) قوتابیی‌و مامۆستای ئامادەیی پیشەسازی کوڕان لە سلێمانی خۆپیشاندانێکیان سازکرد لە بەردەم بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانیدا، پاش ئەوەی داوایان لێدەکرێت بیناکەیان چۆڵبکەن‌و بچنە نێو بینا نوێیەکەیان لە بەکرەجۆ (کە دەکەوێتە (١٣)کم باشووری خۆرئاوای شاری سلێمانی).

خوێندکارەکان (شاڕێی سالم)یان گرت‌و ڕێگەیان نەدا ئۆتۆمبیل هاتوچۆ بکات بە بەردەمی بەڕێوەبەرێتییەکەداو پاش (١٠) خولەک هێزێکی چالاکییە مەدەنییەکان گەیشتنە بەردەمی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی، مانگرتنەکەش دوو کاتژمێری خایاند.

قوتابیان جگە لەوەی داوای ئەوەیانکرد کە بەڕێوەبەرێتی پەروەدەی سلێمانی ڕەچاوی ئاستی بژێوی‌و سەرقاڵی خوێندکارەکان بکات، بەوپێیەی بەشێکی زۆریان پیشەوەرن‌و بینا نوێیەکەیان دووریان دەخاتەوە لە کارکردن، هەروەها باسیان لە گرانی هاتوچۆو گواستنەوە دەکردو بە «گرفتێکی گەورە» وەسفیان دەکرد.

ئەگەرچی بەشێکی زۆری مامۆستاکانی ئامادەییەکە یاداشتێکی ناڕەزاییان پێبوو بۆ ئەوەی پێشکەشی بەڕێوەبەری پەروەردەی بکەن، بەڵام لە پەروەردە لێیان وەرنەگرتن، چونکە پەروەردە ڕۆژی تایبەت‌و ڕێوشوێنی تایبەتی دیاریکردووە بۆ وەرگرتنی سکاڵاکانیان.

لەو یاداشتەدا کە قوتابیان بەنیازبوون پێشکەشی پەروەردەی بکەن، داوایانکردبوو، کە لە بیناکەی خۆیاندا بمێننەوەو ئاستی بڕوانامەکەیان «بەرزبکرێتەوە»و «گرنگی زیاتر»یان پێبدرێت.

بەڵام لەلایەن پەروەردەی سلێمانییەوە پێیان ڕاگەیەنرا، بۆ ئەمساڵ دەبێت یان لە ئامادەیی سلێمانی کوڕاندا بە دوو ئیدارە دەوام بکەن، یان وەکو قوتابخانەیەکی ئێواران لە بینای ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی کچان، دەوام بکەن، (لە کاتێکدا پێویستە ئەم بینایەش چۆڵبکرێت‌و بچێتە بەکرەجۆ).

یەکێک لە ڕێکخەرانی ڕێپێوانی ئامادەیی پیشەسازی کوڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: خوێندکاران ئێستا بەشێوەیەکی ئاسایی دەوام دەکەن، ئەگەرچی هیچ چارەسەرێکی دیاریکراو بۆ کێشەکەیان نەکراوە.

# چرۆکانی شۆڕش چۆن گەورەبوون؟

**غەمبار جەباری**

چرۆ سابیر، جیاواز لە منداڵانی دیکەی شارەکان، لە بری ئەوەی کاتە بەتاڵەکانی بە یاریکردنەوە بەسەر بەرێت، دەچێتە ریزی سەرەی دەرگای دراوسێکەیانەوە، بۆ ئەوەی لە بیرەکەیان بە تەنەکە ئاو بباتەوە بۆ ماڵەوەیان.

ئەو کچە (١٢)ساڵەی دانیشتووی ناحیەی شۆڕش، وەک زۆرێک لە هاوەڵەکانی جگە لەوەی لە زۆرێک لە خۆشییەکانی دنیا بێبەشە، ئەرکی دابینکردنی ئاوی خواردنەوەشی لەسەرشانەو رۆژانە چەند تەنەکەیەک ئاو لەماڵە دراوسێکەیانەوە دەباتەوە، ئەو وتی: «ئاوهێنان هەموومانی گەورە کرد، رۆژانە بەهۆی تەپوتۆزو خۆڵەوە، ناتوانین کەمێک یاری بکەین، عەسرانیش دەبێت بڕۆین بۆ ئاوهێنان تا شەو، چونکە ئەوەندە قەرەباڵغە، ئاوت بەرناکەوێت، هەمووی وەک ئێمە ئاوی نییە».

ناحیەی شۆڕش سەر بە قەزای چەمچەماڵەو لە دوای ساڵی (١٩٨٨)و شاڵاوی ئەنفالەوە، لەلایەن حکومەتی بەعسەوە وەک ئۆردوگایەکی زۆرەملێ بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوانی ناوچەکانی گەرمیان دروستکراوەو دوای (٢١)ساڵ لە دروستکردنی‌و (١٨)ساڵ حکومڕانی کوردی، تائێستا ئاوی خواردنەوەی پێویست بۆ دانیشتووانەکەی دابین نەکراوە.

دانیشتووانی ناحیەکە، رەخنە لەوەدەگرن کە تائێستا بەدەست گرفتی کەمئاوییەوە دەناڵێنن، بەشێوەیەک وەکخۆیان باسیدەکەن، ئەو چەند گەڕەکەی تۆڕی ئاویان هەیە (١٠)رۆژ جارێک ئاویان بۆ بەردەدرێتەوە، (ساڵی ٢٠٠٣ رێکخراوی یونسێف بۆ کۆمەکی منداڵانی هەژار کە رێکخراوێکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە، پڕۆژەی راکێشانی تۆڕی ئاوی خواردنەوەی بۆ جێبەجێکردوون)، زۆرێک لەو ماڵانەش کە تۆڕی ئاویان بۆ رانەکێشراوە، نزیکەی (٢٠)رۆژ جارێک بە تەنکەر ئاویان بۆ دەنێردرێت.

بەشێکی دانیشتووانی ناحیەکە ئەگەرچی تۆڕی ئاویشیان هەیە، بەڵام ئاماژە بە خراپی تۆڕەکان‌و کەمیی ئاو دەکەن‌و پێیانوایە، پڕۆژەکە بەنیوەناچڵی ئەنجامدراوەو جگە لەوەی حساب بۆ زەوییە چۆڵەکان نەکراوەو تەنیا خانووەکانی ئەوکاتە بۆرییان گەیەنراوەتێ، روونیشی دەکەنەوە کە «سەرەتای ئەمساڵ چەند رۆژێک ئاویان بۆ بەردراوەتەوە، بەڵام دوای چەند نۆرە ئاوێکی کەم بەهۆی خراپی پڕۆژەکەوە، ئەوەش نەماو ناحیەکە دووبارە بێئاو بووەوە».

تاهیر نەجمەدین، لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی ناحیەی شۆڕش، ئاماژەی بەخراپی کاری ئەو رێکخراوەو پڕۆژەکەی کردو وتی: «بەداخەوە ئەو رێکخراوە دوور لەچاوی چاودێران، گەندەڵییەکی زۆری لەپڕۆژەکەدا ئەنجامداو بۆری دوو ئینجی خستبووە چاڵەکانەوە کە بەلایەنی کەمەوە پێویستە بۆری ئاوی خواردنەوە سێ ئینج بێت، ئەوەش کێشەی بۆ دروستکردین لەکاتی بەردانەوەی ئاودا، بەوەی لەزۆر شوێنەوە بۆرییەکان دەشکان‌و پێویستیان بەچاککردنەوە دەبوو، هەندێک لەماڵەکانیش بێبەش بوون لەو ئاوە، بەو هۆیەوە کە بۆری بۆ گەڕەکەکەیان نەبرابوو».

دوای چەندساڵێک لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکەو سوودمەند نەبوونی خەڵکی ناحیەکە، ئێستا کۆڵانەکانی زۆرێک لە گەڕەکەکانی ناحیەکە دووبارە هەڵکەنراونەتەوە، بەو مەبەستەی پڕۆژەی تۆڕی ئاوەکەیان چاکبکرێتەوە، بەشێوەیەک کە کۆمپانیایەکی دیکە بەبڕی (٦٦)ملیۆن دینار جێبەجێی دەکات.

تاهیر نەجمەدین، وتی «ئێستا سەرقاڵی چاککردنەوەی پڕۆژەکەین،چونکە کەموکوڕیی زۆری تێدابوو».

ئەو تەنکەرانەش کە ئاو بۆ چەند گەڕەکێکی ناحیەی شۆڕش دەگوازنەوە، ژمارەیان کەمەو ئەمەش وایکردووە کە دانیشتووانی ئەو گەڕەکانە نزیکەی (٢٠) رۆژ جارێک ئاویان بۆبچێت‌و بەو هۆیەشەوە لەم وەرزەدا ئەو ئاوە پێداویستییەکانیان پڕ ناکاتەوە.

تاهیر نەجمەدین لەوبارەیەوە وتی «تانکەری دیکەمان بەکرێگرتووە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیەی هاوڵاتییان، بۆئەوەی لەم وەرزەشدا تاڕادەیەک کەمئاویی لەناحیەکەدا چارەسەربکەین».

دابین نەکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ ناحیەی شۆڕش لەکاتێکدایە کە سەرۆکی لیستی کوردستانی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، بەڵێنی بە خەڵکی ناحیەکە دا کە داواکانیان جێبەجێبکات، کە ئاوی خواردنەوەیان دەویست، بەڵام دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ مانگ، تائێستا کێشەی نەبوون‌و کەمیی ئاوی خواردنەوەکەیان زیاتر بووە.


هاوڵاتییانی ناحیەی شۆڕش لەسەرەی وەرگرتنی ئاوی خواردنەوەدا


ئەو پڕۆژەیەی نەگەیشتووەتە سەرجەمی ماڵەکان

# کۆمەڵگەو مۆرکە نەشیاوەکانی بۆ نەخۆشی دەروونیی

**هادی ئەمین***

یەکێک لە کارە نەخوازراوەکانی کۆمەڵگە ئەوەیە کە هەندێک لە تاکەکانی ناوزەددەکات بە ناو و ناتۆرەی نەخوازراو، ئەویش لەبەرئەوەی کە لە چەند هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتییدا ئەو تاکانە سەرکەوتوونەبوون.

ئەگەر لە روانگەیەکی سۆسیۆلۆژییەوە بڕوانین، ئەوا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەندێک لە هۆکاری شکست‌و سەرکەوتن لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا مرۆڤەکان پۆلێندەکات بۆ زیرەک‌و نەخۆش‌و دەبێتەهۆی ئەوەی کە ناوناتۆرەی خراپ بەسەر تاکەکاندا بسەپێنرێت.

راستە کۆمەڵگە لە رێگەی دامەزراوەکانییەوە (خێزان، پەروەردە، راگەیاندن...) هەڵدەسێت بە ئەرکی بەکۆمەڵایەتیکردن‌و پەروەردەکردنی تاک، تا بەئاسانی بگونجێن لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتییدا، بەڵام کۆمەڵگە تەنیا بنەماکانی ژیانی ناگوێزێتەوەو بۆ تاکەکان، بەڵکو بارگاوییاندەکات بە دەستەواژەی سەرکەوتوو یان شکستخواردوو، نەخۆش‌و ساغ. بۆ نموونە شکستی کەسێک لە هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتییدا دەبێتەهۆی سەرکۆنەی زۆر لەلایەن دەوروبەرەکەیەوە، بەجۆرێک ئەو سەرۆکۆنەیە وایلێدەکات کە کەمتر تێکەڵاوی دەوروبەرەکەی بکات‌و پاشان هەر کۆمەڵگە کە خۆی تووشی ئەو پەراوێزخستنەی کردووە، بەکەسێکی نامۆ لە قەڵەمیدەدات.

بێگومان هەموو مرۆڤێک توانای



فێربوون‌و گەشەو هەڵەکردنی هەیە لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەگەرچی جیاوازی هەیە لەکاتی وەرگرتنی شارەزایی‌و زانیارییەکان‌و هەستانەوەی دوای شکست. بۆیە لە بنەڕەتدا کەسی سەرکەوتوو نەخۆش‌و شکستخواردوو بوونی نییە، بەڵکو بارودۆخە کۆمەڵایەتیی‌و بابەتییەکان دەبنەهۆی سەرکەوتن یان دواکەوتن‌و نەخۆشخستنی تاک، نەک هۆکارە دەروونیی‌و تاکییەکان.

وەک ئاشکرایە کۆمەڵگە لە رێگەی سیستەم‌و دەزگا جۆراوجۆرەکانییەوە، خوازیارە تاک بەردەوام ئەو رەفتارانە بکات کە بۆ هەڵوێستە جیاجیاکان کۆمەڵگە بڕیاری لەسەر داوە، بەڵام کاتێک تاکێک بەهەر هۆکارێک ئەو رەفتارە نەکات لە یەکێک لە هەڵوێستەکاندا، ئەوا لەلایەن دەوروبەرەوە بە کەسێکی نامۆ سەیردەکرێت، بەتایبەت لە کۆمەڵگای خۆماندا کە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی زیاتر زاڵە بەسەر بوارەکاندا‌و کەمتر رێگەدەدات بە دەربڕینی تەجروبەو هەست‌و سۆزە کەسییەکان.

دواکەوتنی مرۆڤ لەهەر بوارێکی جەستەیی‌ودەروونیی‌وژیریی‌وکۆمەڵایەتیدا شتێکی ئاساییە، چونکە توانای مرۆڤەکان جیاوازە، بەڵام تەلقینی کۆمەڵایەتیی بۆ تاکەکان بەوەی کە فڵان کەس لە بواری دەروونیی‌و ژیریدا نەخۆشە، لەبەرئەوەی لە هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتیی وەک ئەوەی کە کۆمەڵگە دەیەوێت رەفتاری نەکردووە، کاریگەریی خراپ بەجێدەهێڵێت‌و کاردەکاتە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیی تاک‌و وایلێدەکات بە «ناچاریی» متمانە بەخۆبوونی لاوازبێت‌و دواجار بچێتە ئەو بەرگەوە کە کۆمەڵگە بۆی دووریوەو توشی کێشەی دەروونیی ببێت.

نەخۆشییە دەوونییەکان بریتین لە تێکچوونی عەقڵی‌و سلوکی، هۆکارن بۆئەوەی مرۆڤ وەک کەسێکی ئاسایی رەفتار نەکات. لەوانەش وەک: فشاری دەروونیی، دوودڵیی، خەمۆکیی، سەرع، شەقیقە، شیزۆفرینیا، شڵەژان، شۆک، رەشبینیی‌و بێهیوابوون‌و گۆشەگیریی‌و نامۆبوون‌و تێکەڵ نەبوون لەگەڵ خەڵکی، لاوازبوونی کەسێتیی.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە کۆمەڵگەی خۆماندا خەڵکی بەلایانەوە ئاساییە کەسێک نەخۆشی جەستەیی هەبێت، بەڵام ئاسایی نییە بەلایانەوە کەسێک نەخۆشی دەروونیی هەبێت، بەڵکو بە نامۆ سەیریدەکەن‌و چەند ناووناتۆرەیەکی ناشرینیشی بۆ دادەتاشن، بە رای من چەند هۆکارێک لەپشت ئەوەوەیە کە نەخۆشی دەروونیی وەک کەسێکی ئاسایی تەماشا نەکرێت‌و هەوڵی چارەسەری بۆ نەدرێت، لەوانەش:

**١- رۆشنبیریی خێزان:**

باری کۆمەڵایەتیی‌و رۆشنبیریی خێزانەکانمان لە ئاستێکی بەرزدا نییە، زۆربەی خێزانەکان خێزانی قەرەباڵغ‌و ئەوەش دەرفەتی پەروەردەیەکی ئاسایی‌و بەدەستهێنانی رۆشنبیری کەمدەکاتەوە، بۆیە ئەو ئەندامانەی کە تووشی نەخۆشی دەروونیی دەبن، بە نامۆ سەیریدەکەن‌و خێرا شوێنی بۆ جیادەکەنەوەو دایدەبڕن لە خێزان‌و تەنانەت لە هەندێک خێزان نایەڵن ئەو ئەندامەیان تێکەڵاوی میوانەکان بێت، بەبیانووی ئەوەی نەوەک تووشی هەڵوێستێکی قورسیان بکات‌و ئیحراج ببن. واتە نەخۆشی دەروونیی بە عەیبە دەزانن‌و هەوڵی چارەسەری ئاسایی بۆ نادەن، بەڵکو زیاتر بارگرانی بۆ دروستدەکەن‌و تووشی پەراوێزبوون‌و لەدەستدانی متمانەی دەکەن.

سەرەڕای مامەڵەی خراپی خێزان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە نەخۆشی دەروونییان هەیە، جگەلەوەش رۆشنبیرییان لاوازە بەجۆرو نیشانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان‌و ئاشنایەتییان نییە بە رێگاکانی چارەسەر.

**٢- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:**

بەپێچەوانەی پەیوەندی سلبیی‌و توندوتیژەوە، پێکهێنانی پەیوەندی ئیجابی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، تاک هاندەدات بۆ زیاتر کۆششکردن‌و چێژبینین لەژیان، بەڵام کاتێک هەر پەیوەندییەکی سلبیی‌و توندوتیژ دروستدەکرێت لەگەڵ چەند کەسانێک لەبەرئەوەی کە نەخۆشی دەروونییان هەیە، ئەوا ئەو پەیوەندییە سلبییە زیاتر کەسەکان نامۆدەکات‌و پەراوێزیاندەخات‌و لایەنی دەروونیی مرۆڤ دەشەڵەژێنێت‌و بەجۆرێک هەست بە ئارامیی نەکات.

بێگومان رێگاو شێوازەکانی پەیوەندیکردنی مرۆڤەکان بەیەکەوە جۆراوجۆرن‌و هەر پەیوەندییەکی سلبیی‌و تونوتیژئامێز کاریگەریی سلبی دروستدەکات لەسەر دەروونی تاک‌و ئاڵۆزی دەکات، زۆرجار بینیومانە خەڵکی بە پەیوەندی سلبیی‌و توندوتیژ کەسانێک بێزاردەکەن، بۆ نموونە کاتێک یەکێک لەبازاڕ لەبەر چەند کێشەیەکی خۆی رەفتارێک دەکات یان جلوبەرگێکی تایبەتی لەبەردایەو وەک کەسێکی خاوەن کێشە دەردەکەوێت، لەبری ئەوەی خەڵک رێز لە تایبەتمەندییەکانی بگرن‌و کارئاسانی بۆ بکەن، کەچی دەبینین چەند کەسێک فیکەو هوهای لێدەکەن، بەجۆرێک ئەگەر ئەو فیکەو هوهایە لەکەسێکی ساغیش بکرێت، ئەوا نەخۆش دەکەوێت‌و باری دەروونیی دەشێوێت.


**٣- کاریگەریی میدیاکان:**

بەداخەوە هەندێک لە بەرهەمی میدیاکان، بەشێوەیەکی سلبی ئەو کەسانە دەخاتەڕوو کە نەخۆشی دەروونییان هەیە، کاریان نەکردووە لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسانە وەک نەخۆشی جەستەیی تەماشابکرێن، بەڵکو زیاتر کارکراوە لەسەر نیشاندانی لاوازیی کەسایەتیی‌و عەقڵییەتی کەسی خاوەن نەخۆشی دەروونیی.

*** توێژەری کۆمەڵایەتی.**

Hadi.ameen@gmail.com

# نەخۆشخانەی فریاکەوتن چی ناکات؟



هیوا جەمال

تائێستا چەندجارێک ڕێمکەوتووەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە سلێمانی، کە بە تەوارییەکە ناسـراوە، لەو ڕێکـەوتـانـەدا دووشــەو بەهۆی نەخۆشەوە لەوێ ماومەتەوە، لەو شەوانەدا بۆم دەرکەوتووە کە لەو نەخۆشخانەیەدا چی ناکرێت.

پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ بچمە سەر ئەوەی کە چی ناکرێت، پێویستە ئەوە وەبیر خەڵکی بێنینەوەو دەستخۆشییان لێبکەین کە چی دەکرێت.

لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە سلێمانی ئەو ڕووداوانەی بەهۆی پێکادانی ئۆتومبێلەوە ڕوودەدەن دەچنە ئەو نەخۆشخانەیە.

هەموو ئەو ڕووداوانەی بەهۆی شەڕو ئاژاوەی مەدەنیی لە ئەندامێکی ئاسایی کۆمەڵگەوە تا شەڕی چەکداریی گـەورەو بچووک بەرکەوتووانو بریندارەکانی دەچنە فریاکەوتن.

سەرجەم ڕووداوەکـانـی کەوتنە خـوارەوە، کەوتنو ڕووداوی لە ناکاو کە ئازار بە کەسەکان دەگەیەنن لەوێ چارەسەری سەرەتاییان بۆ دەکرێت.

ئەو کەسانەی بە هەر هۆیەکی سەرماو گەرماو خواردنو خواردنەوە، تووشی نەخۆشیی دەبن لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنەوە ڕەوانەی شوێنەکانی دیکە دەکرێن.

بەگشتیی هەرکەسێک ڕووداوێـــک، نەخۆشییەک، گرفتێکی جەستەیی، یان هەر شتێکی لە ڕووی پزیشکییەوە بەسەربێت سەرەتا دەبێت فریای نەخۆشخانەی فریاکەوتن بکەوێت تا ئەوان فریای بکەون.

کەواتە ئەوەی دەمێنێتەوە ئەم نەخۆشخانەیە نەیکات «هیچ»ە.

شتێک نامێنێتەوە یان نەخۆشێکی بە پەلە نییە کە بە دەروازەی نەخۆشخانەی فریاکەوتندا نەڕوات، ئەوە جگە لەوەی لەم نەخۆشخانەیەدا (٢٤) سەعات بێ وەستانو بێ خەوتن کارمەندەکانی لە خزمەتی خەڵکدان، هەر لە خەڵکی ئاساییەوە تا بەرپرسانو کەسوکاریان.

لێرەوە پێشنیاز دەکەم بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەگشتییو فراکسیۆنی گۆڕان بەتایبەتی، کە وەک چاودێرن بەسەر دامودەزگاکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوەو لە کەموکوڕییەکانیان دەپرسنەوەو بەسەریان دەکەنەوە ئەم دەزگا ماندونەناسەش بەسەر بکەنەوەو سوپاسیان بکەن بۆ خزمەتەکانیانو ماندونەبوونیان لێبکەن.

# لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن

# نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانیش دەستپێدەکات



شارا عەبدولڕەحمان

لەئێستاداو لە گەرمەی ساڵی خوێندنی (٢٠٠٩-٢٠١٠)دا ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەکانی سنووری سلێمانی لەژێر نۆژەنکردنەوەدان، بەوهۆیەشەوە قوتابییەکان دەگواسترێنەوە بۆ قوتابخانەیەکی دورتر لەوەی خۆیان.

قوتابخانەی ســاردەوی بنەڕەتیی لە سلێمانی لە سەرەتای دەستپێکردنی دەوامی قوتابخانەوە دەستکراوە بە نۆژەنکردنەوەیو بەوهۆیەشەوە قوتابییەکانی گواستراونەتەوە بۆ قوتابخانەی شارۆی بنەڕەتیی، کە زۆر لە قوتابخانەکەی خۆیانەوە دوورە، بەوهۆیەشەوە قوتابخانەی شارۆ کە خۆی دوو دەوامی تێدابوو ئێستا بووەتە سێ دەوامو قەرەباڵغییەکی زۆر لە پۆلەکاندا بەدیدەکرێت.

لەلایەکی دیکەوە خێزانی قوتابییەکانی قوتابخانەی ساردەوی بنەڕەتیی بەهۆی دووری قوتابخانەی شارۆوەو لە ترسی ئەوەی منداڵەکانیان لەسەر شەقامەکان تووشی ڕووداوی ئۆتۆمبیل نەبن، پاسیان بۆ قوتابییەکانیان گرتووەو مانگانە بڕی (١٢) هەزار دیناریان بۆ دەدەن.

دایکی سێ قوتابی قوتابخانەی ساردەو لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «تێناگەین بۆچی لەو هاوینە دوورو درێــژەدا پــەروەردەی سلێمانی دەستی نەکرد بە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکە، لەئێستادا کە دەوامی قوتابخانە دەستپێکردووەو بەرەو ساردو سەرماش دەڕۆین قوتابخانەکە نۆژەندەکاتەوە، خوا هەڵناگرێن من هەموو مانگێک (٣٦) هەزار دینار بدەم بە پاس بۆ گواستنەوەیان».

بەهۆی ئەوەی قوتابخانەی شارۆ ئێستا سێ دەوامی تێدایە، قوتابییەکانی قوتابخانەی ساردەو کە دەوامی سێیەمن لە سەعات پێنجی ئێوارە تەواودەبنو ئەو قوتابیانەی کە توانای دابینکردنی ئەو پارەیەیان نییە کە پاسەکان لێیان وەردەگرن ئێواران بە تاریکی دەگەنەوە ماڵەوە، هاوکات خاوەنی یەکێک لە پاسەکانیش پارە لەچەند قوتابییەکی کەمدەرامەت وەرناگرێت کە توانای دابینکردنی ئەو پارەیەیان نییە.

لەئێستادا تەنیا لەناو سلێمانیدا چەندین قوتابخانە کـاری نۆژەنکردنەوەی تێدا ئەنجامدەدرێت وەک قوتابخانەکانی (گەلاوێژ، نەجمەدینی مەلا، ڕزگاری، شکاک، خاک، قەدەمخێر، ساردەو....) چەندین قوتابخانەی دیکەش.

# لە پێنجوێن ئەنجومەنی سەربەخۆی گەنجان دروستدەبێت

# «پێویستە پرسو ڕاوێژمان پێبکرێت»



یەکێک لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی سەربەخۆی گەنجانی پێنجوێن

عەبدولڕەحمان عەلی

ژمارەیەک لە گەنجانی پێنجوێن چەند مانگێک لەمەوپێش دەستەیەکیان پێکهێناوە بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانیان لەو شارەدا بە ناوی (ئەنجومەنی سەربەخۆی گەنجانی پێنجوێن)، وەکو نارەزاییەک بەرامبەر ئەو ڕێکخراوانەی بەناوی گەنجانی شارەکەوە بوونیان هەیە، بەڵام هیچ داکۆکییەک لە مافی گەنجانی شارەکە ناکەن.

ئەنجومەنی سەربەخۆی گەنجانی پێنجوێن لە یەکەم بەیاننامەیاندا، کە هەفتەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە نووسیویانە: «پێویستە ئەوەی لەم شارەدا دەگوزەرێت ڕامان وەربگیرێت، هەروەها پێویستە لە کاتی گۆڕینو لابردنی بەشێک لە بەرپرسانی پێنجوێن، کە دەنگۆیەکەو لە هەموو شوێنێکی شاردا بڵاوبووەتەوەو یەکێکە لە گرنگترین ئەو بابەتانەی وتووێژی لەسەر دەکرێت، بۆیە ئێمە وەک چۆن بەلامانەوە گرنگە کێ لادەبرێت بەهەمان شێوە زۆر گرنگە بەلامانەوە ئاگامان لەوە بێت کە کێ دادەنرێت؟».

زانا رەحمان، یەکێک لە گەنجانی ئەندامی ئەنجومەنەکەیە پێی وابوو؛ دەرکردنی ئەو بەیاننامەیە پەیامێکە لە گەنجانی سەربەخۆی پێنجوێنەوە بۆ حیزبو حکومەت لە ناوچەکە تاکو بزانن کە گەنجانی ئەم شارە لەسەر باشترکردنی سیستمی ئیداریی قسەیان هەیەو دەبێت گوێیان لێبگیرێت، بۆیە ئێمە وەکو گەنجانی سەربەخۆ دەمانەوێت کە کەسانی لێهاتوو خاوەن بڕوانامە دابنرێن لە جیاتی کەسانی حیزبیو ناچالاک لە پۆستە ئیدارییەکاندا.

سیروان عومەر، بەرپرسی ئەنجومەنەکە وتی: «پێویستە کەسانی دڵسۆزو ئیشکەر دابنرێن، نەک لەسەر بنەمای ئینتیمای حیزبیو خەباتکردن بێت، بنەمای ئیدارییبوونو تەکنۆتکراتیو پرۆفیشناڵی کەسەکان بکرێتە پێوەری دانانی بەرپرسانی حکومیی».

بەشێک لە پەرلەمانتاران پێیانوایە؛ نارێکییەک هەیە لە دەستنیشانکردنی سەرۆکی یەکە ئیدارییەکاندا لە هەرێمی کوردستان، کە لەژێر چاودێری وەزارەتـی ناوخۆدا دەکرێت، هەروەک چۆن کاتی خۆی لە عێراقی کۆندا پیادەکراوە.


د.زانــا رەئــوف، ئەندامی فراکسیۆنی گـۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، وتی: «لە خولی دووەمی پەرلەماندا یاسای ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان هەیەو چیتر لەمەودوا نابێت دەسەڵاتی حکومەت سەرپشک بێت لەوەی کە خۆی دەستنیشانی ئەو کەسانە بکات».

د.زانــا ئاماژەی بەوەشکرد، فراکسیۆنی گۆڕان یاداشتێکیان داوەتە پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانو تا کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩) دەبێت بە ئەنجام بگەیەنرێت.

ئەندامەکەی فراکسیۆنی گۆڕان ئەوەشی وت: «لە داهاتوودا نە حکومەتو نە وەزارەتەکان بە هیچ شێوەیەک نابێت ڕۆڵیان هەبێت لە دەستنیشانکردنی پارێزگارو قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیەکان، بەڵکو دەبێت خەڵکی ئەو ناوچەیە دەستنیشانی بکەن.

د. زانا پێیوابوو؛ دروستبوونی گروپی هاوشێوەی ئەنجومەنی سەربەخۆی گەنجانی پێنجوێن نیشانەی پتەوتربوونی پرۆسەی بەدیموکراسیبوونەو یەکێکیشە لە نەریتە جوانەکانی دیموکراتیو کاریگەریی خۆشیان دەبێت، چونکە خەڵکی ناوچەکان بەرپرسی یەکە ئیدارییەکان باشتر دەناسنو لە نەریتی یاسای زۆرێک لە وڵاتانو تەنانەت عێراقیشدا ئەم دەستەواژەیە لە چەندین بواری یاساییدا باسدەکرێت.

# کاتێک شۆڕشت پێناکرێت...


گۆران عوسمان

زۆرجار دواکەوتنی وڵات بەهۆی بێدەنگیو نەهامەتییەوە ڕوودەدات، کاتێک کە دەنگێکی دیکتاتۆر زاڵە بەسەر هەموو ئەو دیموکارسییەتەدا. ڕوونو ئاشکرایە سەرکەوتنی وڵات بە بوونی دیموکراسییەتێکی ڕاستەقینەوە جوانە، بە پێچەوانەشەوە دیارنەمانی ئەو ئازادییە بەچاوی خۆمان بینیمان کە چەند زەرەری لێدایین، بۆچوونی جیاواز دەتوانێت ئەو دیموکراسییەتە بگێڕێتەوە دۆخە ڕاستەقینەکەی، چونکە جیاوازی بوونی سیستم، جیاوازی ئایدۆلۆژیاو بیروبۆچوون، هەبوونی چەند ئەلتەرناتیڤێک، دووبارە نەکردنەوەی هەڵە سیاسییەکان، خوێندنەوەی بەرامبەر دەبنە جێگرەوەی دیکتاتۆرییەت، دیکتاتۆرییەت بەو مانایەی کە ئێستا دیموکراسییەتی لە هەموو کۆمەڵگا سەندووەتەوەو پێی قبوڵ نییە، ئەگەر بزانرایە بۆچوونی جیاواز چەند قازانجی هەیە ئەوکات بە مەمنوونی داوایان دەکرد، نەک با لیستێکی دیکە دروست بێت، بەڵکو خۆیان لە ناوخۆیاندا لیستێکی جیاوازیان دروست دەکرد، بەڵام مەسەلەی نەتەوەیی کوردو مەسەلەی یەکڕیزی کورد لە بەغدا بووەتە بیانوویەک بۆ یەکلیستی، خۆ ئەگەر یەکلیستی دروست ببێت واتە نەبوونی دیموکراسییەت، ئەوکات هەرێمەکەمان ناودەبرێت بە هەرێمێکی قۆرغکراو لە دیموکراسییەت، ئاشکرایە تەنها لیستی جیاواز زۆرترین خەڵک بەشداریی پێدەکات، ناکرێت هەموو یاریزانەکان هێرشبەر بنو بەرگریکارێک نەبێت بەرگری لە گۆڵەکە بکات! کەواتە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی بەغدا بە چەند لیستێک سەرکەوتوویی کورد دەردەخات، را جیاوازەکان لە بەغدا یەکدەنگییەکی نەتەوەیی بەرژەوەندخواز بۆ کورد دەستەربەر دەکات.

بەداخەوە تائێستا ڕوونکردنەوەی سیاسییو نەتەوەیی بۆ کورد نییە لە دەستکەوتەکانی فرەلیستیدا، دیارە کورد نەبووەتە خاوەنی ئەوەی فرەلیستی بکاتە چەکێک لە بەرامبەر نەیارەکانیدا! لە جێگەی ئەوە دێن دوژمنکاریی لە بوونی فرەلیستیدا زەق دەکەنەوە، فرەلیستی دەکەنە گرفت بۆ لاوازبوونی کورد لەبەغدا، ئەمەش سەرلێشواندنێکی دیکەیە کە دەسەڵات بەکاریدەهێنێت، چەواشەکردنی خەڵک لە بەرامبەر بەدەستهێنانی مەرامی سیاسیی حیزبدا دەکرێتە بیانوو با لەو قاڵبی سەرلێشێواندنە بچینە دەرەوەو کاتێک ناتوانن شۆڕش بکەنو شۆڕشی کورد لەبەغدا پەرەپێبدەنو بیگەیەننە ئەو ئاستەی کوردی پێوە سوودمەند بێت، ڕێگە نادەین شۆڕشمان لێ تێکبدەن.

با لەو قاڵبی سەرلێشێواندنە بچینە دەرەوەو کاتێک ناتوانن شۆڕش بکەنو شۆڕشی کورد لەبەغدا پەرەپێبدەنو بیگەیەننە ئاستەی کوردی پێوە سوودمەند بێت، ڕێگە نادەین شۆڕشمان لێ تێکبدەن

Goran_Penws@yahoo.com

# بۆ سایکۆلۆژییەتی کۆمەڵایەتی سلێمانی دژی یەکێتی وەستا؟

## وەڵامێک بۆ م. عەتا قەرەداغیو کاک ئازاد جوندیانی



ئاواتی شێخ جەناب

(٢-٢)

م.عەتا بۆ سەلماندنی ڕاکەی، کە نوخبەی سلێمانی سلێمانێتی دەکاتو ڕوح زلو خەڵکانی دیکە بە نەوی تر دەزانێت لەڕووی کلتوورییەوە لە خۆی، بەڵگەی هەڵنەوەشاندنەوەی لقی (ژ.ک)مان بۆ باس دەکات، کە برایم ئەحمەد سەرەتا لەبەر ئەو هۆیە ئامادە نەبووە لقی (ژ.ک) هەڵوەشێنێتەوەو بچێتە ناو پارتی دیموکراتی کوردەوە، کە مەلا مستەفا دروستی کردووە، بەڵام ئەوەی لەیادچووە، کە لەناو لقی (ژ.ک)دا دوو ڕا هەبووە، یەکێکیان بچنە ناو پارتی دیموکراتی کوردو ئەویدیکەیان پارتی کۆمۆنیستی عێراق بووە، دواتر لە کۆبوونەوەیەکی یەکلاییکەرەوەدا لە کۆی سیازدە کەس حەوتیان بڕیار دەدەن بچنە ناو پارتییەوە، واتە ئەوەندەی کێشەیەکی فیکریو سیاسیی هەبووە. سلێمانێتی لە ئارادا نەبووەو دواتر ئینشیقاقی ساڵی (١٩٦٤) بەپێی سەرچاوەکان بێت، ئەوەندەی پەیوەندی بە جیهانبینی بارزانیو (م. س) پارتییەوە بووە دەربارەی چۆنێتی پێکهێنانی حیزب، کێشەی شارو هۆزی نەبووە. ئەوکاتە بارزان داوای دەکرد هەندێک سەرۆک عەشیرەت بێتە ناو (م. س) پارتیو برایم ئەحمەدو هاوەڵەکانی ڕازی نەبوون، کێشە لەسەر بارزانیبوون سۆرانیو سلێمانیبوون نەبوو، بۆ ڕاستی ئەم فاکتە ئەوەندە بەسە، کە برایم ئەحمەد خۆی چووە بەدوای بارزانیدا لە ڕوسیاو داوای گەڕانەوەی لێ کردووەو ڕازیش بووە بارزانی ببێت بە سەرۆکی حیزبو پاشان نوخبەی سلێمانیو برایم ئەحمەد، کە بەڕای م.عەتا سەرکردەیان بووەو خەڵکی سلێمانی، نەک کێشەی بەرزو نزمی ئاستی کلتووریان لەگەڵ بارزانی دا نەبووە، بەڵکو هاوسۆزو هاوکاریان بوونو عەلادین سوجادی دەربارەی ڕەوشی ژیانی بارزانییەکان لە سلێمانی لە کاتی نەفی کردنەکەیاندا دەڵێت: «لە برساو لە ڕووتیدا مەجوس بەزەیی پیایاندا دەهاتەوە، بەڵام خەڵکی سلێمانی وێڕای هەڕەشەی پیاوەکانی حکومەت، هێندەی لە توانایاندا هەبووبێت دەستی یارمەتیان بۆ درێژکردوونو دەستگیریان کردوون». واتە نەک لەبەر دەمارگیرییو شارچێتی قبووڵیان نەکردوون، بە پێچەوانەوە «وێڕای هەڕەشەی پیاوەکانی حکومەت» وازیان لێ نەهێناون، یان خودی بارزانی بەمشێوەیە باسی تێکەڵی خۆی لەگەڵ نوخبەی سلێمانی دا دەکات «لە نێوانی ساڵانی مەنفادا تا ساڵی (١٩٤٣) دەستمکرد بە خوێندنو خۆفێرکردن تا توانیم بڕێکی باش زانیاریی بەدەست بهێنمو ئاستی ڕۆشنبیریم بەرز بکەمەوە» «د.ئاکۆ شوانی شاری سلێمانی»و هەروەها زانا سلۆیی، کە لەسەر کاریگەریی نوخبەی سلێمانی لەسەر بارزانی دەڵێت: «ئەو بارودۆخە ڕۆشنبیرییو نەتەوایەتیو چالاکییە سیاسییەی، کە لە سلێمانیدا بە گوڕوتین بووە، هەر زوو مەلا مستەفا ئاوێتەی بوو، پاشان بووە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکخراوو فراوانتر درێژە بە خەباتی سیاسییو نەتەوەیی خۆی بداتو تا ئەو ڕادەیەی، کە لە سەرکردەی هۆزو شێخی ناوچەیەکەوە بوو بە سەرکردەی گەلێکی چەوساوەو مافخوراو (هەمان سەرچاوەی پێشوو) یان حەسەن ئەرفەع لەسەر هەمان بابەت دەڵێت «زۆرجار بارزانی تەواو لەو دەستەبژێرە سیاسییو نیشتمانپەروەرەی سلێمانی دڕدۆنگ دەبوو، کە لە سایەی بەریتانیادا دەرچووی ئامادەییو زانکۆکان بوون، بەڵام وێڕای ئەوەش لەژێر کاریگەری ئەواندا بوو بە ناسیونالیستێکی دەمارگیر» نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە هەر ئەو دەستەبژێرەی سلێمانی بووە «شێخ لەتیفی حەفیدو کۆمەڵەی ئازادی کورد» دەربازیان کردووە بۆ شەمزینانو پاشانیش لقی (ژ.ک) لە سلێمانی بووە مایەی نەهێشتنی ئەو بەدگومانییەی لە نێوان قازی محەمەدو مەلا مستەفاو بارزانییەکاندا هەبوو، چونکە هەروەک ئاشکرایە «لە سەرەتادا نەک هەر پێشوازییان نەکردبوون، بەڵکو ئافەرۆزیشیان کردبوون، شاری سلێمانی «د.ئاکۆ شوانی»، بەڵام «ئەندامانی لق دەتوانن ئەو بەدحاڵییە چارەسەر بکەنو ژمارەیەکی باش ئیمزا لە ئەندامانو کەسایەتییەکانی سلێمانی بۆ پشتگیریی ئەو بارزانیانە کۆبکەنەوەو لەمەشدا سەرکەوتنێکی باشیان بەدەستهێنا» «هەمان سەرچاوە» واتە کێشەی نێوان برایم ئەحمەدو نوخبەی سلێمانیو بارزانی، کێشەی بەرزو نزمی ئاستی کلتوور نەبووە بەقەدەر ئەوەی ناکۆکی سیاسیی بووەتە هۆی هەموو ڕووداوەکانی دواتر لە نێوانیاندا ڕوویداوە بە شەڕی مەلاییو جەلالیشەوە، کە هەردووکیان خەڵکی سلێمانی نینو حەقە ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە بارزانییەکان لە سلێمانی خزمایەتیان لەگەڵ یەکێ لە گەورەترینودەسترۆشتووترین بنەماڵەکانی سلێمانیدا کردووە، کە لە دەستەبژێرەکانیش بوون.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانو سەرنجە، م.عەتا بۆ سەلماندنی ئەم ڕا نێگەتیفەی لەسەر سلێمانی دێتەسەر نموونە هێنانەوە لەسەر خۆی «ئەم شارە منیش قبوڵ ناکات... بە دەگمەنیش نەبێت هاوڕێی ئەسڵی ئەم شارەم نییە... هەرچەندە (٣٥) ساڵە تیایدا دەژی».

لە بیرەوەری نزیکی منو م.عەتادا ماوە، کە م.کەمال هیندی، کە کوڕی (کوکول جاندرمکورجی) هیندستانی بوو لە سلێمانی ژنی هێناوەو م.کەمال کوڕی بووەو ئەمیش هەر لە سلێمانی ژنی هێناوەو کۆمەڵگەی سلێمانی نەک قبووڵی کردووە، بەڵکو یەکێکیش بووە لە چالاکوانەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیش، هەروەها یاسین خەلیلی ناسراوی قسەخۆش، کە عەرەب بووە ئەندامی پارتی بووەو لە سلێمانیدا کەس لەگەڵ هیچ کوردێک جیای نەکردووەتەوەو ئەگەر چاوێک بخشێنرێتەوە بە مێژووی بنەماڵەکانی سلێمانیدا چەند نموونەی لەمجۆرە دەبینینو پێموایە لێرەدا کێشە لە خەڵکی سلێمانیدا نییە.

بەقەدەر ئەوەی گرفتەکە لای مامۆستا خۆیەتی، کە بەڕای من م.عەتا بە قسەی ئەحمەد شەوقی شاعیری گەورەی عەرەبی کردووە، کە دەڵێت:

**أنا من بدل بالكتب الصحابا**
**لم اجد لى وافيا الا كتابا**

واتە منم هەموو هاوڕێکانم گۆڕوەتەوە بە کتێبو کەسیشم لە کتێب بەوەفاتر دەست نەکەوت. مامۆستاش هەروای کردووەو پاشماوەی ژیانیشی نەزری خوێندکارەکانی کردووە.

لە کۆتاییدا پێموایە؛ نە م.عەتاو نە کاک ئازاد جوندیانی لە سروشتی ئەم شارە تێنەگەیشتوون.

ئەمشارە کێشەی ناسنامەی تاکەکانی نییە، خەڵکی کوێنو لە چ نەتەوەو عەشرەتو دینو مەزهەبێکن. گرفتی نییە، بە چ زمانێک قسە دەکەن، بادینییە، یا سۆرانی ئەمشارە نەئینعزالیە وەک جوندیانی تۆمەتباری دەکات، نە خۆپەرستو دژە میوانەو غەریبە قبوڵ ناکات، ڕاستییەکەی ئەوەیە بەو پاشخانە فیکریو ڕۆشنبیرییەی لە سلێمانیدا هاتووەتە گۆڕێ، کە کەس نکوڵی لێ ناکات سایکۆلۆژیەتی کۆمەڵایەتی سلێمانی لەگەڵ ڕەفتاری داگیرکەرانەدا ناگونجێ، جا ئەو ڕەفتارە لە کوردەوە بێ، یان خودی داگیرکەر خۆی، هەرکاتێ هەڵسوکەوتی کوردێکی دەسەڵاتدار لەگەڵ داگیرکەری تورکو ئینگلیزو فارس، یان عەرەب وەکو یەک بووبێ سایکۆلۆژیەتی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگەیە ئامادەبووە دژی بووەستێ.

سایکۆلۆژیەتی کۆمەڵایەتی سلێمانی لەگەڵ ڕەفتاری داگیرکەرانەدا ناگونجێ، جا ئەو ڕەفتارە لە کوردەوە بێ، یان خودی داگیرکەر خۆی، هەرکاتێ هەڵسوکەوتی کوردێکی دەسەڵاتدار لەگەڵ داگیرکەری تورکو ئینگلیزو فارس، یان عەرەب وەکو یەک بووبێ سایکۆلۆژیەتی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگەیە ئامادەبووە دژی بووەستێ

واتە کاتێ خەڵکی ئەم دەڤەرە وەک جوندیانی دەڵێت: «دەنگی شایستەی بە یەکێتی نەدا» لەبەر بێ وەفای نییە بەقەدەر ئەوەی لەم دواییانەدا ڕەفتاری یەکێتی لە هەڵسوکەوتی داگیرکەران دەچێت واتە هەمان ئەو هەڵسوکەوتەیە، کە میرەکانی بابان لە دواییەکانی حکومڕانیاندا پەیڕەویان دەکردو بە زۆرو سەرانەو بێگاری باج زۆریان بەسەر خەڵکدا دەسەپان لە ڕابواردنو شەڕی کورسی دا سەرفیان دەکرد هەمان ئەو کردارەیە، کە دەرهەق بە خەڵک دەکرا لە سایەی دەسەڵاتی گەندەڵیی تورکدا وەک مێجەرسۆن دەڵێ: «دەستەیەک لە شێخانو دەسەڵاتدارانی یەکێتی، ئەمڕۆ تۆڕێکی چڕوپڕیان چنی بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا سەروەتو سامانی گەورە پێکەوە بنێنو دەستبەسەر زەوییو زارێکی فراواندا بگرن» لەو زەمانەدا «هەر بازرگانو کاسبکارێکی شاری دەبوایە لەبن چەتری پارێزگاری سەرۆک هۆزێکدا «بەرپرسەکانی ئەمڕۆ» خۆی زامن نەکردبێ، مەترسی گەورە خۆی بۆ متکردبوو» (م. جەعفەر) ئەم ڕەفتارانە وای لە خەڵک کرد لە سلێمانی (١٨٨١) ڕاپەڕێت.

کردەوەی داگیرکەرانەو زوڵمو زۆری (موتەسەڕیف)ە تورکەکەی ساڵی (١٩٠٢)، کە سلێمانی هاواری لە خەڵک هەڵسانو ناچاریکردن دەنگی نارەزایی هەڵبڕنو سێ جار یاداشت بۆ سوڵتان بەرز بکەنەوە لە دژیو بنووسن: «ئەوەتا داهاتو کڕینو فرۆشتن پەکیان کەتووەو هەر ئەوەمان بۆ ماوەتەوە، بۆ ئاسوودەیی پاراستنی عەرزو ناموسمان، خۆبدەنە دەست باری تەعالا» «شاری سلێمانی م.جەعفەر» ئێستاش داهات «بودجە» دەدزرێو پێموانییە خەڵکی ئەم دەڤەرە ئەمڕۆ حاڵی لەمە باشتر بێ، دەنا داوای دادپەروەری کۆمەڵایەتیو ئازادیو شەفافییەتی نەدەکرد، هەروەک چۆن لەوسادا داوای (حریە)و (عەدالە)یان کردووە.

ئەم ڕۆژگارە لە سایەی گەندەڵیی سیاسیی دا ئازادی بیروڕا زەوت دەکرێو خەڵکی لەسەر ڕای جیاواز تیرۆر دەکرێ، یان نانبڕاوو سووکایەتی پێ دەکرێت هەروەک ئەوکاتەش وەک مەلا حەمدون وتوویەتی:

کەسێ گەر خوا نەخواستە بیگوتایە «لەل» دەبوو «پەلپەل» دەیانگوت (فەرموسۆن) بوو (خەفیە) بوو «شاگردی شەیتان» بوو ئێستاش دەسەڵاتی کوردی هەمان ناتۆرە لە هەموو ئەوانە دەنێت، کە دژین، ئەو سەردەمە (جەمال عیرفان) وتی: (لەل) تیرۆرکرا، ئەم سەردەمەش ئەحمەد میرە خەریک بوو لەسەر ڕادەربڕین هەروەک سۆرانی مامە حەمە پەلپەل بکرێتو ژمارەی ئەوانەش وەک نەبەز گۆرانو سۆران قادر فڕێنراونو ئەشکەنجە دراون، کەم نین.

سایکۆلۆژیەتی ئەم کۆمەڵگەیە پێی قبوڵ ناکرێ لەسەر بنەمای مەحسوبیەتو مەنسوبیەتو عەشرەت بازیو ژنی جوان، م.عەتا واتەنی پلەو پایە دابەشبکرێ هەروەک ئەوسا چۆن خەڵک ڕازی نەبوون «کەمترین ببێ بە گەورەترو گەورەتر ببێ بە کەمترین».

سایکۆلۆژیەتی کۆمەڵایەتی سلێمانی گرفتی لەگەڵ دەموچاو کەسەکاندا نییە، بەڵکو کێشەی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە گەندەڵەدایە، کە لە سایەی دا ناعەدالەتی کۆمەڵایەتیو نەبوونی یەکسانییو دزینی بوودجەی گشتییو لەدەستداتی خاکو دیکتاتۆریەتی لێکەوتووەتەوە.

ئەم کۆمەڵگەیە لەگەڵ ئەو سیاسەتە چەواشەکارییە ناکۆکو دژە، کە وشترمرخانە خۆی لە ڕاستییەکان بێ ئاگا دەکاو دان بە شکستە سیاسییەکانیدا نانێو دەیخاتە ئەستۆی گەرەکی حاجی حانی سلێمانی! چاوی خۆی لەوە دەنوقێنی، کە لە شوێنی دوورتر لە مەڵکەندیو سلێمانی دۆڕاندوویەتی.

ئەم سایکۆلۆژیەتە نەفرەت لەو سیاسەتە مۆنۆپۆڵکارە دەکات، کە هەموو مێژووی ئەم شارە لە (٣٤) ساڵدا کۆدەکاتەوە بۆ تەنیا قارەمانێکی دەنووسێ. سایکۆلۆژیەتی کۆمەڵگەی سلێمانی لە کۆتایدا نەفرەت لەو سیاسەتە هەڵپەرستانەیە دەکات هەرکاتێ کاری پێی بوو بە شاری هەڵمەتو قوربانیو مەڵبەندی ڕووناکبیریی ناوی دەباتو کاتێکیش لێی نارازیو دڕدۆنگ بوو، دەیگۆڕێ بە ئینعزالیو شاری جنێوو فشە.

# ئۆپۆزسیۆن لەنێوان فۆبیای دەسەڵاتو داخوازییەکانی خەڵکدا

ئەگەر بە وتارو گفتار بێت دیکتاتۆرەکان دەتوانن بە زمانێک قسە بکەن هیچ بلیمەتو دیموکراسخوازێک نەتوانێت پەی پێبەرێت، وەک ئەوەی خۆیان داهێنەری فەلسەفەی دیموکراسی بن!.

**سۆران هەستیار***

**١–٢**

ئۆپۆزسیۆن ئەو چەمکەیە رۆژانە لە میدیاکانەوە بەر گوێمان دەکەوێت، بۆیە پێویستە لە دەستپێکی ئەم بابەتەدا تیشکی بخرێتەسەرو جۆرێک لە پێناسەی بۆبکەین. کەواتە ئۆپۆزسیۆن بریتییە لە (هەموو ئەو هێزو تەوژمانەی کە لە هەوڵی گۆڕینی یان لانیکەم پاککردنەوەی سیستمی سیاسیی دەسەڵاتداراندان لە هەر وڵاتێک، پشتبەستن بە میکانیزمی سیاسیو دەستووری بەردەستو هەوڵدان بۆ هێنانەکایەی ئەم هۆکارانە لەکاتی نەبوونیاندا، هەر کەسو لایەک بەمشێوازە مامەڵە بکات ناو دەبرێت بە ئۆپۆزسیۆن)

جێگای ئاماژەیە کە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان دابەشدەبن بەسەر دوو فۆڕمو ستایلی جیادا، چونکە هەر یەکێکیان پەیوەستە بە ژینگەیەک، بۆیە شێوازی کارو خەباتو گوتاری سیاسی جیاواز لەخۆدەگرن وەک:

یەکەم: ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی شار، کە تێدەکۆشێت بۆ گۆڕینی جۆری سیستمی دەسەڵاتکردن، هەندێکجار وەک پەرچەکردار لەبەر کاردانەوەی زەبروزەنگی دەسەڵات تەنانەت کار دەکات بۆ رووخانو لەناوبردنی سەرخانو ژێرخانی وڵات. ئەمجۆرە ئۆپۆزسیۆنە زیاتر لەوانەن کە دەسەڵات مافی بوونیان پێناداتو زمانی دیالۆگو دانیشتنیان لەگەڵدا رەتدەکاتەوە.

دووەم: ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی، کە بەشێوەیەکی یاسایی کاردەکاتو دەسەڵات حەزبکات یان نا بوونێکی شەرعیو یاسایی هەیە، چونکە ئەو «بەخێر»ی دەسەڵات بوونی خۆی وێنا ناکات، بەڵکو بە هەڵبژاردن متمانەی خەڵکی بەدەستهێناوەو ئەو دانپیانانەی لە «گەل»ەوە وەرگرتووە.

ئەوەی تەوەری باسی ئێمەیە تەنیا جۆری دووەمەو لێرەوە هەڵوەستەیەکی لەسەر دەکەین، لەماوەی تەمەنی هەژدە ساڵەی دەسەڵاتی کوردی جۆری دووەم واتا ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی بوونی نەبووە. هەرچەند خەڵکانێک لێرەو لەوێ باسو خواسیان لێکردووە، بەڵام لە راستیدا لە هیچ هێزو قەوارەیەکی سیاسیی لەسەر ئەرزی واقیعدا بەرجەستە نەبووە. دوای هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەمموز بۆ خولی سێیەمی پەرلەمان چەمکی ئۆپۆزسیۆن زیاتر بەگوێی خەڵکدا چرپێندرا.

ئێستا خەریکە سەرەتای قۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسیی لەم هەرێمە دێتە ئاراوە، چونکە بۆ یەکەم جارە خەڵکانێک لە دەرەوەی لیستی دەسەڵات بە قەبارەو قەوارەی جیاواز دەیانەوێت راشکاوانە دەست بۆ کەموکوڕییەکان درێژبکەنو پەرلەمانێکی ئەکتیڤ بێتە کایە. لەم هەرێمە ساڵانێکە دەسەڵات بانگەشەی ئازادیی را دەربڕینو کۆمەڵگەی مەدەنیو سیستمی دیموکراسی دەکات، گومان لەوەدا نییە هەموو ئەم چەمکانە جوانن، بەڵام کاتێک لە تێکستێکی بێ گیانو تیۆرێکی رەقو وشکی دەستەپاچەوە دەگوازرێنەوە بۆ مەیدانی پراکتیزەکردنو بەرجەستەبوونیان لە واقیع، بەدڵنیاییەوە دروشمی بریقەدارو قسەی زل بێهودەنو هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر واقیع پێ دروست ناکرێت، ئەگەر نا ئەوەتا دەسەڵاتی لە گۆڕنراوی بەعس بۆ میکیاژی دەسەڵاتە داپلۆسێنەرەکەی وەک گاڵتەجاڕییەک پارتێکی دروستکردبوو بەناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان)!، کە تەنیا بریتیبوو لە تابلۆیەکی سەرشەقامو جگە لە چەواشەکارییو سیاسەتێکی دیماگۆژی تۆزقاڵیک راستی تێدا نەبوو.

چۆن دەڵێن سەنگی مەحەکی زێڕ ئاگرەو بەو تاقیدەکرێتەوە ئاخۆ چ جۆرە زێڕێکە؟ ئاوا دەسەڵاتەکانیش بە قبوولکردنی رای جیاوازو دیموکراسییەتی راستەقینەو ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات تاقیدەکرێنەوە، نەک بە گوتاری ئاڵو واڵاو دەستەواژەی بێ ناوەرۆکو خەڵەتێنەر، کە لە میدیاکانەوە بەگوێی خەڵکیدا دەدرێت، چونکە ئەگەر بە وتارو گفتار بێت دیکتاتۆرەکان دەتوانن بە زمانێک قسە بکەن هیچ بلیمەتو دیموکراسخوازێک نەتوانێت پەی پێبەرێت، وەک ئەوەی خۆیان داهێنەری فەلسەفەی دیموکراسی بن!.

وەک ئاماژەمان پێکرد ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی شتێکی تازە بابەتە لەم وڵاتە دێتە بوون، چونکە هەردەم وەک زۆرشتی دیکە کۆمەڵگەی ئێمە شرۆڤەی سەقەت بۆ چەمکو واتای وشەکان دەکات، ئەمەش زۆرجار پەیوەندیی بە دەسەڵاتەوە هەیە، ئەوە هەر ئەوە بە ئارەزووی خۆی لێکدانەوە بۆ زۆر شت دەکاتو واش لە خەڵک دەگەیەنێت راستی هەر ئەوەیە کە ئەو ئاماژەی پێدەکاتو رەزامەندیی لەسەر دەدات. دیاردەیەکی سەیرو سەمەرە لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەرچاودەکەوێت، کە بریتییە لە قبووڵنەکردنی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتو زەوتکردنی مافی بوونی بەرامبەر، بۆیە زۆربەی ئەم دەسەڵاتانە هەردەم بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هێزەکانی دەرەوەی خۆیان دەستی خەڵکانێکیان لە پشتەو لەژێر کاریگەریی ئەجێندای دەرەکی کاردەکەنو جێگای ترسو هەڕەشەن بۆ سەر ئایندەی گەلو وڵات، لەکاتێکدا لە تەواوی دنیای پێشکەتوو دیموکراسخواز گەر دەسەڵاتێک ئۆپۆزسیۆنی نەبێت بە ناتەندروست وەسفدەکرێتو هەر خودی ئەو دەسەڵاتە خۆی حەز بە هاتنەکایەی دەکات! لەوانەیە بۆ ئێمەی دواکەتوو سەیربێت دەسەڵات خۆی رکابەر بۆخۆی دروست بکات، بەڵام دەسەڵات دەزانێت ئۆپۆزسیۆن دوو سوودی زۆر گەورەی تێدا بەرجەستە دەبێت:

**یەکەم:** دەسەڵات لەبەر سەرقاڵیو پڕکاریی تا پەرژێتە سەر بینینی کەموکوڕییەکانی ئەم حکومەتە، بەڵام ئۆپۆزسیۆن کە هیچ کارێکی جێبەجێکردن لە ئەستۆ ناگرێتو تەنیا سەیری چۆنێتی بەڕێوەچوونی ئیدارەی وڵات دەکات، بۆیە چاوەکانی هەڵۆ ئاسا لە دوورییەکی زۆرەوە ناشیرینیو لاری و خوارییەکان دەبینێت.

**دووەم:** کاتێک دەسەڵات بێ ئۆپۆزسیۆن بوو لەلایەک نادیموکراسیبوونی ئەم وڵاتە دەردەخاتو لەلایەکی دیکەوە ئەگەر هەموو پارتەکان لە حکومەت بوون دوور نییە لەبەر بەرژەوەندیی حیزبیی بە هەموو هەڵوێستەکانی بەرپرسە باڵاکانی وڵات رازی بن، بەتایبەت لە بڕیارە چارەنووسسازو پەیوەستەکان بە ئاسایشی نەتەوەیی، ئەوسا تەواوی ئەم گەلو وڵاتە تووشی زیانی گەورە دەبێت.

**سێیەم:** بۆئەوەی بەردەوام دەموچاوەکان بگۆڕێنو خەڵک تووشی بێزاریی نەبێت، لە رووی سایکۆلۆژییەوە زۆر دووبارەبوونەوەی شتەکان بەیەک شکڵو شێوە ئازارێکی دەروونیی دروست دەکات، چونکە مرۆڤ کائینێکی سروشتییەو سروشتیش بەردەوام لە گۆڕانە، بەهەمانشێوەش مرۆڤەکان حەزیان لە گۆڕانە، پیاوانی دەسەڵات دەبێت بزانن رووخساریان هەرچەند جوان بێت لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتو گەیشتنیان بە دەسەڵات لە دیدی هاوڵاتییان تا زیاتر بەردەوام بن دزێوو ناحەزتر دەبن، ئەوەتا جیفرسۆن کە بە گەورەترین پاڵەوانی ئازدیخوازی ئەمریکا هەژماردەکرێت پاش بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ وڵاتەکە بوو بە سەرۆک کۆمار، پاش تەواوکردنی ماوەی دیاریکراو، داوایەکی زۆری لێکرا تا جارێکی دیکەش خۆی هەڵبژێرێتەوە، بەڵام هەوڵەکان بێسوود بوونو رەزامەندیی نەنواند!

جیفرسۆن زۆر بە لێزانی مامەڵەی کردووە، ئەو چاک زانیویەتی زۆر مانەوە لە دەسەڵات خۆشەویستی کەمدەکاتەوە لای خەڵک، بۆیە ویستویەتی تینوی دەسەڵات نەبێت، بەڵکو خەڵک بۆ دەسەڵاتکردن تینوی ئەو بن.

* بەڕێوەبەری نووسین
لە رۆژنامەی ستاندەر

# ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات



د.شاخەوان خالید

دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن هەرەمەکی نابێتو بەناولێنان نییە هەرلایەنێک رایبگەیەنێتو بڵێت من ئۆپۆزسیۆنم، بەڵکو بنەماو سیستەمو شێوازو ئامانجی خۆی هەیەو دەبێت لەسەر ئەم بنەمایانە دروستبێت

بەهۆی بارودۆخی سیاسیی کوردستانو رەوشی ئەقلیمیو ناوچەییو ئەو مەترسییانەی لەسەر باشووری کوردستان هەبووەو بەهۆی غیابی دیموکراتیو کارانەبوونی رێکخراوەکانی گروپی فشارو کۆمەڵگەی مەدەنیو تێنەگەیشتن لەم چەمکە، زەمینەی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن لە باشووری کوردستان نەبووەو لەگەڵ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان ناوو دەنگی ئۆپۆزسیۆن لە رێی راگەیاندنی هەندێک لیست هاتە کایەوەو مژدەی لەدایکبوونی ئۆپۆسیۆزن راگەیەندرا، بەڵام تا ئەم ساتەش هەر ناوو دەنگەو ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە دروست نەبووەو بە رۆلی خۆی هەڵنەستاوە.

لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان هەندێک دەنگ هەبوون، بەڵام لە چوارچێوەو خانەی ئۆپۆزسیۆن هەژمار نەدەکرانو تەنیا دەنگی ناڕەزایی بوونو ئۆپۆزسیۆن نەبوون، هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان ئۆپۆزسیۆنی لەگەڵ خۆی هێنایە کایەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەندێک لیست بانگەشەی ئەوە دەکەن لە حکومەت بەشدار نابنو لە پەرلەمان وەک ئۆپۆزسیۆن خۆیان رێکدەخەن، بەو مانایەی بەهۆی هەڵوێستی هەندێک لیستو راگەیاندنیان بەوەی لە دەرەوەی حکومەت دەمێننەوە. زەمینەی ئۆپۆزسیۆن هەیە، بەڵام ئۆپۆزسیۆنەکان بە چ رەنگێک دەردەکەون سیاسیی ئیسلامیی یان شیوعی یان لیبراڵی یان ئاشتیخوازو چاکسازیخواز یان تێکدەر دەبن، ئەوانەی بانگەشەی ئۆپۆزسیۆن دەکەن لە چوارچێوەی چ سیستمێک کاردەکەن، دەبێت دەوری باشو چاک ببینن یان دەبنە رێگر لەبەردەم کارەکانی کابینەی شەشەمی حکومەتی کوردستان، ئەگەر ببنە ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەو ئەوەی بانگەشەیان بۆ کرد لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن، ئەو کاتە بەشێوەیەکی ئەکتیڤ دەبنە چاوو کامێرای جەماوەری کوردستانو بەرژەوەندییەکانی خەڵک دەپارێزنو ئەو کاتە لەسەر کارەکانی حکومەتی کوردستان دەبنە چاودێرو پەنچە دەخەنە سەر کەموکوڕییەکانو هۆکارو فاکتەرێک دەبن تا دەسەڵاتی سیاسیی زۆرترین خزمەت پێشکەش بە خەڵکی کوردستان بکات، گرنگە ئۆپۆزسیۆن دروستبێتو دیاردەیەکی دیموکراتی بەسوودە بۆ وڵاتەکەمان، بەو مەرجەی پێویستە ئەوان خۆیان لە بازنەو چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆن ببیننەوە نەک لە چوارچێوەی دژایەتیو دوژمنایەتی، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بە دیوە نادیموکراتییەکەی کاربکات دەبێتە هۆکارێک بۆ لەدەستدانی زۆر دەستکەوتی نەتەوەییمان، بەڵام ئەگەر ئامانجی ئۆپۆزسیۆن چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتی سیاسیی بەتایبەت حکومەت بێت، ئەوا بە قازانجی رەوشی سیاسیو ئابووری کوردستان دەبێتو وڵات زیاتر گەشەدەکاتو لە رووی خزمەتگوزارییو چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤو دادپەروەرییو سەروەریی یاسا کۆمەڵگەکەمان زۆرترین سوودی لێوە دەبینێت.

ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی مانای بەریەککەوتنی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات نییە، هەندێک بە هەڵە تێگەیشتوون بوونی ئۆپۆزسیۆن بەوە لێکدەدەنەوە دەبێت جەنگ لەنێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن بەرپابێت، ئەمە لۆژیکی کاری ئۆپۆزسیۆن نییە، بەڵکو ئۆپۆزسیۆن بە دیالۆگو گفتوگۆ پرسەکانی دەخاتەڕوو بە شێوازی شارستانیانە داوکارییەکانی دەگەیەنێتو دەیکاتە رای گشتییو دەسەڵات ناچاردەکات بەخۆیدا بچێتەوەو لەجیاتی بەهەدەربردنی سامانی نیشتمانیی خزمەت پێشکەش دەکەنو ژێرخانی وڵات دەبووژێننەوە، ئۆپۆزسیۆن بە مانا سیاسییەکەی چاودێری بەردەوامە لەسەر کارەکانی دەسەڵاتی سیاسیی، ئەوانەی پێچەوانەی بەرژەوەندیی گشتییو سیستمو یاسا دەکرێت ئۆپۆزسیۆن رەخنەیان لێدەگرێت بۆ رێکخستنی سیستمی سیاسیو هێنانە کایەی دادپەروەرییو یەکسانیو سەروەرکردنی یاسا بەسەر هەموو کەسێکو بەکارهێنانی سەروەتو سامانی وڵات بۆ بەرژەوەندیی گشتییو بەڕێوەبردنی وڵات بەشێوەیەکی دروستو خەرجکردنی سامانی وڵات بەشێوەیەکی شەفافو ئاشکراکردنی سامانی بەرپرسانو بەڕێوەبەرانی دەوڵەت، واتا ئۆپۆزسیۆن کارێکی دیموکراتیو سیاسیو ئاشتیخوازی لەسەر شانە بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵگەو وڵات کاردەکاتو دەبێت کارەکەی بەپێی بنەماکانی دیموکراتیو چاکسازیی بۆ بەرژەوەندیی گشتیی بەڕێوەبچێت، نەک بەرژەوەندیی ئەو لایەنو لیستەی ناوی ئۆپۆزسیۆن هەڵدەگرێت، ئەمە ئۆپۆزسیۆنە، بەدەر لەوە هەر لایەنێک یان کیانێک سیاسەتی دوژمنایەتیو دژایەتی لەژێر پەردەی ئۆپۆزسیۆن بکات واتا بۆ بەرژەوەندیی کەسیو لایەنەکەی کار دەکاتو دەکەوێتە خانەی بەرژەوەندیی کەسیو زەرەر بە بەرژەوەندی گشتیی دەگەیەنێت.

دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن هەرەمەکی نابێتو بەناو لێنان نییە هەرلایەنێک رایبگەیەنێتو بڵێت من ئۆپۆزسیۆنم، بەڵکو بنەماو سیستەمو شێوازو ئامانجی خۆی هەیەو دەبێت لەسەر ئەم بنەمایانە دروستبێت، سیستمی کارکردنیان چاودێریکردنێکی دیوکراتییانە بێتو لەسەر بنەمای لێهاتوویی و درککرن بەکەموکوڕییو ئازایەتی توانا هەبێتو ئینجا لە کۆتایی ئامانجی ئۆپۆزسیۆن چاکسازییو دادپەروەرییو خۆشگوزەرانیو شەفافیەتو چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤو تەنانەت هێنانەکایەی ئاشتیش لە ئامانجیاندایە، ئەگەر ئەم هەموو بنەمایە ئامادەسازیی بۆ نەکرابێت پێینالێن ئۆپۆزسیۆن، ئەو کاتەش لە بەرژەوەندیی گشتیی دەچێتە دەرو دەکەوێتە خانەی بەرژەوەندیی تاکەکەسی، واتا ئۆپۆزسیۆن دەبێت بە گیانی دیموکراتیو بۆ بەرژەوەندیی گشتیی کارەکانی رێکبخات، لە هەموو ئەو وڵاتانەی دیموکراتو پێشکەوتنخوازن دەسەڵاتی سیاسیی خۆی زەمینە بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن خۆشدەکاتو دەزانێت ئۆپۆزسیۆن دەبێتە چاوی دەسەڵات بۆ بینینی کەموکوڕییەکانو دەستنیشانکردنی کێشەو گرفتەکان ئینجا لە هەمووی گرنگتر میکانیزمی چارەسەرکردنیش پێشکەش بە حکومەت دەکات، ئەمجۆرە ئۆپۆزسیۆنە زۆرترین خزمەت بە وڵات دەگەیەنێت، بۆیە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان پێویستە زەمینەسازیی بکاتو رێگر نەبێت لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنو بەچاوێکی هاوکارانە تەماشای ئۆپۆزسیۆن بکات، بەڵام تائێستا ئۆپۆزسیۆن لە وڵاتی ئێمە پێناسەی نییەو هیچ دەورێکی نەبووەو نەیتوانیوە دروستبێت، بۆیە دەکرێت هەماهەنگی لەنێوان ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات هەبێت بۆئەوەی لە کۆتاییدا لە رای جیاوازی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات خەڵک سوودمەندبێتو بوونی ئۆپۆزسیۆنیش بەمانای روخان نایەت بەقەد ئەوەی دەتوانێت رۆل ببینێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بە خەڵکی کوردستان.

shakhewan@yahoo.com

## هەلی کار

کۆمپانیای گازج مژدە دەدات بە هاوڵاتیان کە بەم زووانە سەیرانگای شەوانی شار دەکرێتەوە.
لە سەرچنار تەنیشت کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار.
جا بۆ ئەو مەبەستە پێویستمان بە کارمەند هەیە بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە لە هەر دوو رەگەزی کچ و کوڕ: ـ

١ ـ سینما
٢ ـ ئوتێل
٣ ـ ریستۆرانت
٤ ـ کەفێ
5 ـ فاست فوود
٦ ـ شوێنی یاری منداڵان
٧ ـ بارو دیجی (Dj)

مەرجەکانی وەرگرتنی:
ـ خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ یان پەیمانگا بێت.
ـ تەمەنی لە ٣٠ ساڵ زیاتر نەبێت.
ـ لێهاتوو بێت لە راپەڕاندنی ئیش و کارەکان

هەرکەس مەرجەکانی تێدایەو لە خۆی رادەبینێ بۆ ئەو بوارانە سەردانی ئۆفیسی سەیرانگا بکات لە سەرچنار تەنیشت کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار یاخود لە رێگەی ژمارە مۆبایلی (٠٧٥٠٧٠١٠٦٠٣)

## مستشفى عمان
## إعلان تحذيري

يحذر مستشفى عمان الجراحي القائمين على مجمع الشفاء الأطباء الأردنيين والمدير المفوض المحامي ممتاز شيخ بلال من الاستمرار في استعمال و استغلال اسم و شهرة مستشفى عمان الجراحي لغايات تجارية من خلال وضع اسم المستشفى في الإعلانات و البروشورات الصادرة عن المجمع المذكور حيث لا تربطنا بكم أية اتفاقيات سارية المفعول و لا يوجد بيننا أي تعاون في هذا المجال و سوف تقوم بمقاضاتكم و متابعتكم قانونياً في حال استمريتم بنشر مثل هذه الإعلانات و توزيعها متضمنة اسمنا و شهرتنا الطبية.

إدارة مستشفى عمان الجراحي
عمان ـ الأردن
هاتف: ٠٠٩٦٢٦٤٦٤١٢٦١
فاكس: ٠٠٩٦٢٦٤٦٤١٢٦٠

# کۆنگرەی زانستە سیاسییەکان، سەرچۆپییەکی دیکەی حیزب..



هۆشیار عەبدوڵڵا*

ئیدی قەدەری ئەم وڵاتەو لەناو ئەم وڵاتەشدا ئەم هەرێمەو زیاتریش ئەم شارە حەیاتە ئەوەیە کە هەموو شتێک مسی حیزبی بەسەردا بتوێنرێتەوەو کۆمەڵگەو جووڵەکانی کۆمەڵگە هەموویان پێویستیان بەو گڵۆپە سەوزە هەبێت کە لە ترافیکەکانی حیزبەوە دادەگیرسێن.

زۆر نییە خەڵک بێزاریی خۆی لە سیاسەتی دەسەڵاتی کوردی دەربڕیوەو بە دەنگدان ئاماژەیکردووە بۆ کۆتاییهێنان بەو مۆدێلە حیزبیبووەی کۆمەڵگە، کەچی ئەم دەسەڵاتە هەر دەیەوێت خۆی بجوێتەوەو کۆمەڵگە یەک رەنگو یەک قسە بکاتو هەموو هەناسەیەک بخنکێنێت. کۆنگرەی زانستە سیاسییەکانی رۆژی (١٠/٢٤) تازەترین نموونەیە کە حیزب جارێکی دیکە سەلماندییەوە لە رێگەی کۆنترۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی شتێکی نەهێشتووەتەوە ناوی چالاکیو مەدەنییەتی کۆمەڵگە بێت.

من لە یەکەمەکانی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانیم، ماوەیەک لەمەوبەر یەکێک لە هاوڕێ خۆشەویستەکانم کە کوڕی شەهیدێکی ناوداری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە بە تەلەفۆن ئاگاداری کردم کە ماوەیەکی دیکە کۆنگرەی دووی زانستە سیاسییەکانە، منیش وتم زۆرباشە کەواتە با فۆرمی ئەندامێتیی پڕبکەینەوە، وتی ناکرێت هاوڕێ لەبەرئەوەی فۆڕمەکان دراون بە خەڵکی تایبەتو حیزبیو بەشی ئێمەومانان نەماوە، بێگومان مەبەستی ئەوەبوو بۆ خەڵکی گۆڕان فۆرم نییە.

کاتێک سەرپەرشتیارانی کۆنگرە بە ئیمتیازو هەڵاوێردکاری ئەندامێتیی ببخشنەوە دەرئەنجامەکانی کۆنگرە هەر ئەو ئاوازە دەبێت کە لە کەرەنای ناسازی حیزبەوە خۆی نومایان دەکات.

مرۆڤ کە سەرنج لە ئاکاری سیاسی ئەم وڵاتە دەدات ناحەقی نییە جارجار دۆشدامێنێتو هەندێکجاریش بیکاتە قاقای خەفەت. بەلاتانەوە سەیر نەبێت قاقای خەفەتیش هەیە!، چۆن قاقای خەفەت ناتگرێت ئەوکاتەی بەدیار شاییەکەوە دانیشتبێتیت کە بە حساب هی هەموو گەلی کوردستانەو باسی دیموکراتییەتی کۆنگرەی زانستە سیاسییەکان بکاتو ئەو هەواڵانە بە درۆ بخاتەوە کە گوایە باس لە دەستێوەردانی حیزب بکاتو بەرپرسە یەکەمەکانی حیزب ریزەکانی یەکەمو دووەمو تاق تاقەش بۆ فیز لە ریزەکانی دواوە ببینیتو وتارەکانیشیان هەمووی هێرش بێت، نەک لە دژی (عەرەبو تورکمان)، بەڵکو لە دژی برا موعارەزەکانی وڵات. بڕوا بکەن نەک قاقای خەفەت زۆرجار لە خۆتەوە میزاجت گۆرانیی شێوەی (ئەرێ بەبانانەوە حیزب بە بانانەوەشی بۆ دێت..)

ئەوانەی خوێندکاری جدییو باشی زانستی سیاسیی بووبن دەزانن پێویستە کێ لە کۆنگرە بێتو کێش لەوێ نەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە کۆنگرە بۆ سەرلەنوێ لە دایک بوونەوەیەو ئەم کۆنگرەیە حیزب کردیە قوربانیو لە بری نوێکردنەوە تووشی قەیرانێکی کرد کە حیزب خۆی دەمێکە ئەو قەیرانەی هەیە، دەزانن قەیرانی چی؟ قەیرانی متمانە، قەیرانی ئەو باوەڕەی کە لای خەڵک نەماوەو هەرچەند راگەیاندنی حیزب سەرچۆپی گەرمی بۆ بگرێت خەڵکی دەزانن کە دەسرۆکەکەی نەک هەر لارە، بەڵکو هی حیزبی چاو بە خومارە.

*** دبلۆم لە راگەیاندنو بەکالۆریۆس لە زانستە سیاسییەکاندا.**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئاودێر شێخ عومەر**
٠٧٥٠١٥٨٧٧٧٧ - ٠٥٣٣١٩٢٠٠٣
awder.sh.omer@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان رەشید** - **هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨
serwan_rm@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

## دانەو داوی کابینەی شەشەم

# ئایا حکومەتی ئیئتیلافی دەوای دەردەکانە؟



مەجید ساڵح

حکومەتی ئیئتیلافی بەو حکومەتە دەوترێت کە چەند حیزبێک بەشداری لە پێکهاتەی وەزارەتەکانیدا دەکەنو هۆکاری سەرەکیی پێکهێنانی ئەو جۆرە حکومەتانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هیچ یەک لە حیزبە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەماندا زۆرینەی دەنگەکانی بە دەست نەهێناوە بۆ ئەوەی بتوانێت بە تەنها حکومەت پێکبهێنێت. هەندێکجاریش لە کاتی شەڕو شۆڕو قەیرانی سیاسیو ئابووریی گەورەدا، حیزبە سەرەکییەکان ناچارن حکومەتێکی ئیئتیلافی پێکبهێنن.

بەڵام هەمیشە ئەو حکومەتەی لە سەر بنەمای ئیئتیلاف پێکدێت، لاوازترین جۆری حکومەتەو هەردەم دەرگای لێکهەڵوەشانەوە لەبەردەمیدا والایەو بە پێچەوانەشەوە ئەو حکومەتەی حیزبێکی براوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی پێکی دەهێنێت، تا ئەو کاتەی بە زۆرینە دەمێنێتەوە سەقامگیرترو بێکێشەترە. لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیو بەلژیکو هۆڵەنداو لۆکسمبۆرگو ئەڵمانیاو ئیتالیاو ئیسرائیلو تاوەکو پێش دەرکەوتنی حیزبی عەدالەتو تەنمیە لە تورکیاش، زۆربەی جار حکومەتی ئیئتیلافی حوکمرانی دەکات.

لایەنگرانی حکومەتی ئیئتیلافی پێیانوایە، بوونی حکومەتێکی بنکەفراوان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کێشە سیاسییەکانو لە رووی جەماوەریشەوە زۆرینەی جەماوەر پشتگیریی حکومەتەکە دەکەن.

بەڵام نەیارانی حکومەتی ئیئتیلافی پێیانوایە، لەبەر ئەوەی ئەو حیزبانەی کە بەشدار دەبن لەو حکومەتەدا، خاوەن ئایدۆلۆژیاو بۆچوونی جیاجیان، بۆیە لەنێو خۆیاندا پەرتەوازە دەبنو کەمجار لەسەر مەسەلەکان رێکدەکەون. نموونەش بۆ ئەو جۆرە رێک نەکەوتنانە لە تورکیا زۆرە، زۆرجار بە هۆی ناکۆکی ئایدۆلۆژییەوە، پێش تەواوبوونی ماوەی یاسایی حکومەتەکان ناچار پەنا دەبرا بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت.

لە پاش ساڵی ٢٠٠٣، بە هۆی ئەو دابەشبوونە توندەی کە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا هەیە، هەرچەندە هاوپەیمانیی شیعە دەیتوانی بە تەنها حکومەت پێکبهێنێت، بەڵام بەناچاری پەنای بۆ حکومەتی ئیئتیلافی برد. لە چوار ساڵی تەمەنی ئەو حکومەتەدا دەرکەوت، حکومەتی بنکەفراوانی مەرکەزی عێراق، نەک توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی نییە، بەڵکو خۆی سەرچاوەی قەیرانەکانە.

ئەزمونی حکومەتی ئیئتیلافییش لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەساڵی ١٩٩٢دا کە یەکێتیو پارتی حکومەتەکیان لە نێوان خۆیاندا برابەش کردو دواتر لە بەر ناکارایی حکومەتو گەورەبوونی ناکۆکییەکانو سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ، دوو کانتۆنی هەولێرو سلێمانی لێکەوتەوەو تاوەکو ئێستاش بەردەوامە.

بۆ نزیکەی مانگێک دەچێت لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، بەڕێز دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح راسپێرراوە کابینەی شەشەم پێک بهێنێت. هەرچەندە بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن، دکتۆر بەرهەم دەتوانێت کابینەکەی پێک بهێنێت، بەڵام ئەو سەردانە یەک لە دوای یەکانەی بۆ لای حیزبە سیاسییەکان، نیشانەن بۆ ئەوەی ناوبراو دەیەوێت زۆرترین حیزب لە حکومەتەکەیدا بەشداری پێبکات.

تاوەکو ئێستا دکتۆر بەرهەم ئامانجو مەرامەکانی خۆی لە بەشداری پێکردنی ئەو حیزبانەی لە حکومەتەکەیدا بۆ رای گشتی ئاشکرا نەکردووەو تەنانەت میکانیزمی بەشداریکردنەکەشی رانەگەیاندووە، بەڵام ئەزموونی چەند ساڵەی یەکێتیو پارتی پێماندەڵێت، ئەو دوو حیزبە دەستبەرداری سیاسەتە کۆنەکەی خۆیان نابنو دەیانەوێت وەک جاران پەرلەمانو حکومەتو تەنانەت ئۆپۆزسیۆنێکی دەستەمۆیان هەبێتو بە رشتنی (دانە)ی پلەو پایەو پێدانی بودجە بۆیان، بیانخەنە (داوی) سیاسەتو بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە.

ئەگەرچی تائێستا تەنها بزووتنەوەی گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامیی بە رەسمیی رایانگەیاندووە وەک ئۆپۆزسیۆن دەمێننەوە، بەڵام وا دیارە هەندێک حیزبی دیکە پێویستیان بە پاڵنان نییەو لە ئاو شلترن بۆ بەشداریکردن لە حکومەتدا.

هەموو نیشانەکان بۆ ئەوە دەچن کە ئەگەر کارەکە وا بڕوات، کابینەی شەشەم هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نابێت لە گەڵ کابینەکانی تردا، چونکە دکتۆر بەرهەم ساڵح ناچارە ئەوە قەبوڵ بکات، وەزیرەکانی لە لایەن هەردوو سەرۆکەوە بۆ دیاری بکرێن، نەک خۆی هەڵیانبژێرێتو هەروەها ناچاریشە بە هەر شێوەیەک بووە حیزبە بچوکاکان بهێنێتە ناو حکومەتەکەیەوە.

بە بۆچونی من، دکتۆر بەرهەم ساڵح بۆ ئەوەی بتوانێت ئەزمونێکی نوێی حوکمڕانی لە کوردستاندا پراکتیزە بکات، وا باشترە خۆی رۆڵی هەبێت لە دیاریکردنی وەزیرەکانیدا نەک لە سەرەوە بۆی دیاری بکرێن.

هەروەها بۆ ئەوەی کەمترین رێگری هەبێت لەبەردەمیدا، ناچار نییە هەندێک لایەن بهێنێتە ناو حکومەتەکەیەوە کە نە لە ئۆپۆزسیۆنبوونیاندا سەنگیان دیارەو نە بە بەشداریکردنیشیان لە حکومەتەکەیدا دەتوانن بەردێکی بۆ بخەنە سەر بەردێک.


ڕوونکردنەوەیەک لە سێرکی جیهانییەوە بۆ سەرجەم
لایەنو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو خوێندکارە بەڕێزەکان
سێرکی جیهانی
UNIVERSAL SERKCES
دەقی دوو وێنە لە سوپاسنامەکان
ناونیشان: سلێمانی، بەختیاری، تەنیشت تەلاری هونەر، بەرامبەر بەنزینخانەی ئاشتی
٠٧٧١٠١٥٩٢٦٢ - ٠٧٧١٠١٥٩٢٦١ - ٠٧٧١٠١٥٩٢٦٣
* نرخی بلیتی بۆ خوێندکاران ٥٠٪ داشکاند
* بۆ کەسو کاری شەهیدانو منداڵی بێ باوکو ئاوارەکانو کەم دەرامەتان بێ بەرامبەرە




خزمەتگوزاری دەنگـەنامەی بێ بــەرامبـەر

خزمەتگوزاری دەنگە نامەی بێ بەرامبەر لە ئاسیاسێڵەوە دەرفەتی تۆمارکردنی پەیوەندیی هاتووت بۆ دەڕەخسێنێت کاتێک کە مۆبایلەکەت داخراوە یان لە دەرەوەی بازنەدایە یان کە پەیوەندیی ترت لە گەڵدا دەبێت. پەیوەندی بکە بە ٢٢٢ بۆ کاراکردنی ئەم خزمەتگوزارییە بێ بەرامـبـەر، پاشان ژمارەی نهێنی 9999 داخڵ بکە و ڕێنماییەکان پەیڕەو بکە.
تێبینی: دەکرێت ژمارە نهێنییەکەت لە کاتێکی تردا بگۆڕیت

ئاسیاسێڵ
کۆماندەکاتەوە

www.asiacell.com خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١



BAUHOUSE
MATERIAL & FURNITURE

باوهاوس
داینکردن و جێبەجێکردن

کۆمپانیای باوهاوس ئامادەیە بۆ داینکردنی سەرجەم کەرەستەیەکی بیناسازی سەردەم
بە شێوەی تاک و کۆ، بەنرخێکی گونجاو و گرنتییەکی زۆر

0770 213 9968
0750 153 2328
0770 155 1550
0750 155 1550
dlan20062006@yahoo.com

تورکیا میرسین
+90 506 747 2585
+90 324 238 5301







سلێمانی شەقامی شەست مەتری، کۆتایی پاسەکانی شەهیدانی زەرگەتە



ڕۆژنامە
زۆرترین زانیاری دروست لە ئێمە وەربگرە
ڕاستگۆیی
بێلایەنی
وردبینی


# گۆڕان

# دەچێ بۆ بەغدا!



سیروان ڕەشید

دیمەنی سیاسیی پەرلەمانی داهـاتـووی عێراق گۆڕانێکی ریشەیی بە خۆیەوە دەبینێت. هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق (شیعە، سوننە، کورد) جیاواز لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)، ئەمجارە لەبری ئەوەی لەیەک بـەرەو بە یەک لیستی تایفیو نەتەوەیی بەشداریی هەڵبژاردن بـکـەن، هــەر یەکێکیان بە پەرتەوازەییو بە چەندین لیستی جیا بەشداریی لە پرۆسەکەدا دەکەن.

بزووتنەوەی گۆڕان بڕیارێکی شیاو و ژیرانەیدا کە بەشداریی هەڵبژاردنو پرۆسەی سیاسیی داهاتووی عێراق دەکاو ئامادە نییە ببێتە پاشکۆی یەکێتیو پارتیو کۆتایی بە مۆنۆپۆلی سیاسیی ئەو دوو حیزبە بهێنێت، کە چەند ساڵێکە لەنێوان حکومەتی هەرێمو بەغدادا دروستیانکردووە.

پێشبینی دەکرێت بزووتنەوەی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە سنووری (٢٠)کورسی مسۆگەر بکات، ئەگەر ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق وەک خۆیان بمێننەوەو سیستمی هەڵبژاردنەکەش بۆ هەر پارێزگایەک یەک بازنەی هەڵبژاردن بێت، وەک ئەو سیستمەی لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥) پەیڕەوکرا. کە لەسەر بنەمای دەنگە بەدەستهاتووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، دەتوانین بەم شێوەیە پێشبینی کورسییە بەدەستهاتووەکانی گۆڕان بکەین:

لە سلێمانی لە کۆی (١٥)کورسی (٨)کورسی بەدەستدەهێنێت، لە هەولێر لە کۆی (١٣)کورسی (٤)کورسی بەدەستدەهێنێت، لە کەرکوک لە کۆی (٩)کورسی(٢)کورسی بەدەستدەهێنێت،لەدهۆک لەکۆی (٧)کورسی (١)کورسی بەدەستدەهێنێت، لە موسڵ لە کۆی (١٩)کورسی (٢)کورسی بەدەستدەهێنێت، لە دیالە لەکۆی (١١)کورسی (١)کورسی بەدەستدەهێنێت. لە وڵاتانی ئەوروپا لەکۆی (٣)کورسی (٢)کورسی بەدەستدەهێنێت.

کاربەدەستانی پارتیو یەکێتی بەردەوام لیستی جیای لایەنەکان، بە مانای لێکترازانی نێو ماڵی کورد دەزانن‌و لەبەرامبەریشدا لایەنی ئۆپۆزسیۆن پێیانوایە «پارتیو یەکێتی شینەکەیان بۆ هەریسەکەیە نەک بۆ حسێن» کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرژەوەندییە حیزبییەکانیان‌و دەسەڵاتو پۆستەکانیان لە بەغدا دابەشدەبن‌و چیتر ئەو دوو هێزە لێرە بەدواوە ناتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە تەنیا ئەوان تەمسیلی هەموو کورد دەکەن.

ئێستا کە زانیمان کارێکی ئەستەم نییە کە لیستی گۆڕان لەگەڵ پارتیو یەکێتیدا بە لیستێک نەچێتە هەڵبژاردنەوە، بۆیە زۆر گرنگە لەداهاتوودا:

**یەکەم:** گـۆڕان شەفافییەتی سیاسیی پەیڕەو بکاتو لە ژووری تاریک و لەپشتی پەردەوە بڕیار لە مەسەلە چارەنووسسازەکانی خەڵکی کوردستان نەدات، وەک ئەوەی ئێستا نوێنەرانی کورد لەبەغدا بەوە تۆمەتباردەکرێن. کە پرس بەخەڵکی کوردستان ناکەن‌و زانیاری لەمیللەت دەشارنەوە.

**دووەم:** پێویستە لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی کورد هەماهەنگی تەواو هەبێت لەنێوان لیستی گۆڕان‌و کوردستانیداو هــەردوولا یەکتری بخوێننەوە، کە لەئێستادا جیاوازییەکی ریشەیی لەنێوان ئەم دوو هێزەدا، لەتێڕوانینیان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی کورد هەست پێ ناکرێت، هەربۆیە گونجاوترین شێوازیش بۆ ئەم هەماهەنگییە شێوازی مامەڵەکردن‌و کارکردنی پێکەوەیی (٤)ساڵی رابردووی نێوان لیستی هاوپەیمانیو یەکگرتووی ئیسلامییە کە لیستی گۆڕان دەکرێت سوود لەو ئەزموونە وەربگرێت.

**سێیەم:** پێدەچێت سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق وەک هەڵبژاردنی (٢٠٠٥) فرەبازنەیی بێت. گرنگە گۆڕان هەڵەکانی رابردووی دووبارە نەکاتەوە، وەک لەشێوازی دەستنیشانکردنی پەرلەمانتارانی هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموز تووشی بــوو، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق خەڵکانی نەوعیو شارەزا رەوانەی بەغدا بکات، بەوردی بیر لە شێوازی دیاریکردنی کاندیدەکانی بکاتەوەو لەسەر بنەمای تواناو کەسایەتیو خۆشەویستییان لەناو خەڵکداو شارەزاییان لە بوارە جیاکانی لیژنەکانی نێو پەرلەمان بێت.

**چوارەم:** پێویستە گۆڕان کە دەچێتە بەغدا، بە گیانی هەستکردن بەوەی کە تەمسیلی کێشەی نەتەوەیەک دەکـات، کاربکات، چونکە لـەمـاوەی چوارساڵی رابردوودا کە هەندێکجار پێویستبووە نوێنەرانی کورد بڕیاری یەکلاییکەرەوە بدەن، ئەو کارەیان نەکردووەو هەندێکجار موجامەلەیان لە یەکلاییکردنەوەی هەندێک مەسەلەدا کردووە.

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩